
بەحرەین لە بەرامبەر دەستێوەردانی دەرەکیدا توانای خۆڕاگری بنیات دەنێت

سعودیە ڕمی سەرکەوتن بەڕێوە دەبات

لوبنان تۆڕەکانی ماددەی هۆشبەری سنووربڕ تێکدەشکێنێت

UNIPATH



شکستپێهێنانی هەڕەشەکانی سەر سنوور



لە مانگی ئایاری 2026، سەردانکەران لە ڕیازی پایتەختی سعودیە بەشداری لە پێشانگای ڕووەکی گوڵی بۆلیڤاردا دەکەن.

AFP/گێتی ئیمەجس



فرۆشیارێکی سەرشەقامی میسڕی
بەدرێژایی پردی ئەلگاما، کە قاهیرە
بە جیزەی شارە دراوسێکەیەوە
دەبەستێتەوە، خواردنەوە گەرمەکان
دەفرۆشێت. AFP/گێتی ئیمەیجس

پێڕست

6 **پارستنی شانشین**
عەمید ڕۆکنی بەحرەینی خالید بن حەمەد ئەلخەلیفە تێڕوانینەکانی خۆی لەسەر هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، کە فەرماندەیی دەکات، دەخاتە ڕوو

10 **شەمەندەفەر بەرامبەر دەریا**
ڕێڵمی ئێران بۆ خۆدزینەوە لە سزاکان و بڵێسەدان بە ناسەقامگیرِی ناوچەکە لە هەوڵی بێوچاندایە

12 **جەنگی ناچاری**
هەوڵە پێنج دەیەییەکەی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەی بووە هۆی قەیرانێکی ئاسایشی ناوچەیی
موعەمەر ئەلعریانی، وەزیری زانیاری، کۆماری یەمەن

14 **بەنزینکردن بە ئاگردا**
چین پشتیوانیِ توانای مووشەکی و هەڵدانی ئاسمانیِ ئێران دەکات
فەرماندەیی زەریای هێمنی ئەمریکا (USPACOM)

18 **چاودێرِی هەمیشەیی**
سەرەڕای کەمبوونەوەی ئاستی قاچاخچێتی بەدرێژایی سنووری سوریا، پاسەوانی سنووری ئەردەن لە ئامادەباشییەکی بەرزدا دەمێننەوە

20 **یەکڕیزی لەسەرکەنداوی عەرەبی**
هێزە ئاسمانییەکان بۆ ئەرکی مەشقی فرەنەتەوەیی ڕمی سەرکەوتن یەکدەگرن

24 **وێنەی مانگی دەستکردی چین هاوکارِی هێرشەکانی ئێران دەکات لە کەنداوی عەرەبی**

26 **شمشێری ئاسایشی بەحرەین**
پلانی ئاسایشی نیشتمانیِ یەکخراوی شانشینەکە لە میانی هێرشە ئاسمانییەکانی ئێراندا خۆڕاگری دەچەسپێنێت
عەقید (خانەنشین) د. خالید محەمەد ئەل قەحتانی، بەحرەین

30 **دەستێکی هاوکارِی مرۆڤی**
هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکان لە غەززە سنووردەکان تێدەپەڕێنن
عەمید ڕووکن مستەفا ئەلحەیاری، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی سەربازی، هێزە چەکدارەکانی ئەردەن

32 **مێژوویەک لە هەماهەنگی**
هاوبەشیِ سەربازِی نێوان کازاخستان و ئەمریکا نموونەیەک بووە بۆ ئاسیای ناوەڕاست
عەقیدی هێزی دەریایی (خانەنشین) عەزمەت مورزایێکۆڤ، هێزی دەریایی کازاخستان، نوێنەری باڵای پێشووی وەزارەتی بەرگری کۆماری کازاخستان لە فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا

36 **لە تۆڕێکی بەکرێگیراوەوە بەرەو سیستەمێکی جەنگیِ سنووربڕ**
ئێران وەک لق و پۆپی سەربازِی خۆی سەیری میلیشیا ناوچەییەکان دەکات
موعەمەر ئەلعریانی، وەزیری زانیاری، کۆماری یەمەن

38 **لوبنان تۆڕەکانی ماددەی هۆشبەر تێکدەشکێنێت**
هێزە چەکدارەکانی لوبنان نەخشەی ئاسایشیِ وڵاتەکە دادەڕێژنەوە
هێزە چەکدارەکانی لوبنان

42 **پشتیوانیِ چین بۆ بەرنامەی چەکی ڕێڵمیِ ئێران دەبێتە هۆی کوژرانی هاوڵاتیانی مەدەنی**

44 **بەرنامەی هاوبەشیِ ویلایەت بەها پێشکەش دەکات**
پاسەوانی نیشتمانیِ ئەمریکا هاوبەشیِ بەردەوام لەگەڵ سوپای ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست دەکات

46 **پاراستنی پێگە**
دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست لە بەرامبەر ئەو ناسەقامگیرییەی لە ئەفغانستانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئاسایشی سنووردەکانیان بەهێزدەکەن

50 **ئایا ڕێڵمی ئێران لە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دوودڵ دەبێت؟**
موعەمەر ئەلعریانی، وەزیری زانیاری، کۆماری یەمەن

52 **جوڵەی ئیلهامبەخشی 2026**
هێزەکانی پاکستان و ئەمریکا مەشقی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەماهەنگ دەکەن

54 **پرۆفایلی سەرکردەی باڵا**
عەمید ڕۆکن ڕەزاق ئەل ڕەواشدە، یاریدەدەری سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەش بۆ ئۆپەراسیۆن و ڕاهێنان، هێزە چەکدارەکانی ئەردەن

58 **لە سەرانسەری ناوچەکە**



لەسەر بەرگ
هێزەکانی ئەمریکا لە کوەیت لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان لە مانگی کانوونی دووەمی 2025 لە میانی قەڵغانی ئاسمان کە مەشقێکی دژە درۆنە، تاقیکردنەوەی تەقەکردنی ڕاستەوخۆی سیستەمی مووشەکی پاتریۆت ئەنجام دەدەن.
کاروباری گشتیِ فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا

UNIPATH

پارستنی سنووردەکان

بەرگی 14، ژمارە 1
هاوینی 2026

فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا

فەریقی یەکەم بڕاد کووپەر، هێزی دەریایی ئەمریکا



پەیوەندیمان پێوە بکە

Unipath
c/o Commander
U.S. Central Command
7115 S. Boundary Blvd.
MacDill AFB, FL 33621
USA

CENTCOM.
UNIPATH@MAIL.MIL

یونیپاس گۆڤارێکی پیشەیی سەربازییە کە بەشێوەی وەرزی لەلایەن فەرماندەیی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکاوە وەکو کۆڕەندێکی نێودەوڵەتی بۆ ئەفسەرانی سەربازِی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست بڵاودەکرێتەوە. هەر تێڕوانینێك کە لەم گۆڤارەدا دەخرێتە ڕوو بەهیچ جۆرێك دەرخەری سیاسەت و بۆچوونی ئەم فەرماندەییە یان هەر دەزگایەکی حکومەتی ئەمریکا نییە. وتارە هەڵبژێردراوەکان لەلایەن دەستەی یونیپاسەوە نووسراون، بە ئامازەکردن بە ناوەڕۆکەکانی تر ئەگەر پێویست بێت. وەزیری جەنگ ئەوەی ڕووندکردەوە کە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە گرینگی خۆی هەیە لە ئەنجامدانی کاروباری گشتی وەک ئەوەی بەگوێرەی یاسا لە وەزارەتی جەنگ داواکراوە.



من دەمەوێت سوپاسگوزاری خۆم بۆ هاوڕێکانمان لە فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا دەربڕم بۆ بانگێشتکردنی ئێمە بۆ بەشداریکردن لەم وەشانە گرنگەی یونیپاس، کە تیشک دەخاتە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشە ئاڵۆزانەی هەڕەشە لە سەروەریی نیشتمانی دەکەن. ئێمە لە ئەردەن بەهۆی شوێنکەوتەکەمان لە ناوچەیەکدا کە بە دەست چەندین ململانێوە دەناڵێنێت، کە ئەگەر وریایی هێزەکانی ئاسایشمان نەبووایە دەکرا بەسەر سنوورەکانەوە بڕژانەتە ناو وڵاتەوە، سەرمایەیەکی ئەزموونی مەیدانییمان بەدەستهێناوە.

هەموومان لەبیرمانە کە چۆن لە ساڵی 2006 تیرۆریستان لە عێراقەوە دزەیان کردە ناو ئەردەن و بە تەقاندنەوەی هۆتێلەکان کۆمەڵکوژییان ئەنجامدا. ئەو هێرشانە لەلایەن قاعیدەوە کە ناوچەکانی باکور و ڕۆژئاوای بەغدای کۆنترۆڵکردبوو، لە عێراق پلانی بۆ داڕێژرابوو. هەرکاتێک ژینگەیەکی سەلامەت بۆ تیرۆر هەبوو، ئەوا دەبێتە شوێنی ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ یاخود ئەودیوی زەریاکان.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە سووریا و لەدەستدانی کۆنترۆڵی چەندین شار لەلایەن حکومەتەوە، ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان زەمینەیەکی بەپیتیان بۆ دروستکردنی بۆمب و دامەزراندن و ئامێربەندکردنی بۆمبە خۆکوژەکان دۆزیەوە. ئەو وڵاتانەی ئەجێندای کاری خراپەکارانەیان هەیە، لە هەوڵدا بۆ تێکدانی سەقامگیریی ناوچەکە پشتیوانی بەشێک لەم گرووپانە دەکەن. ئەردەن لە سەر سنوورەکانی سوریا تووشی قاچاخچێتیی بەرفراوانی ماددەی هۆشبەر بووەوە. زۆرینەی ئەو ماددە هۆشبەرانە لەلایەن ڕژێمی پێشوو و میلیشیا پشتیوانێکەرەکانییەوە بۆ دابینکردنی دارایی ئۆپەراسیۆنەکانیان، بەدەستهێنانی چەکی پێشکەوتوو و لەناوبردنی پێکهاتەکانی ناوچەکە بەڕێوەدەبران. دۆخەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەی سەربازی لە نێوان هێزە چەکدارەکانی ئەردەن و قاچاخچییەکانی ماددەی هۆشبەر پەرەی سەند، وە سەربازەکانمان دوژمنیان تێکشکاند.

لەگەڵ کابینە و حکومەتێکی نوێ لە سوریا، لەو باوەڕەدام کە ئێمە دەچینە قۆناغێکی جیاوازەوە کە ئاماژەی ئەرێنی نیشان دەدات. قاچاخچێتیی بەرفراوان کەمی کردووە و سنووردارکراوە بۆ ژمارەیەکی کەمی قاچاخچی. سەرەڕای ئەوەش، ناتوانرێت بەڕێوەبردنی تەواوەتیی سنوورەکان لە شەوێکدا بەدی بهێنرێت.

چیتر بەناو ئیخوان موسلیمین بریتی نییە لە چوارچێوەیەکی کار بۆ کردەوەی گشتیی ڕاستەقینە. بەڵکو، بووەتە قەوارەیەکی دەرەوەی یاسا کە بە نهێنی جوڵە دەکات و ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە ئاسایش و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی دەکات. بوونی چەک و تەقەمەنی و چالاکییە نهێنییەکانیان لە گەڕەکەکانی نیشتەجێبوواندا جێگەی پەسەندکردن نییە. هیچ دەوڵەتێکی خاوەن سەنگ ڕێگە بە وەفاداریی دوو لایەنە نادات، وە هیچ قەوارەیەکیش کە لە دەرەوەی دامەزراوە دەستوورییەکان کاربکات.

لە ساڵی 2020، دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە لەلایەن ڕەوێک درۆنی هێواش و نزم فڕەوە کە ڕادار و بەرگریی ئاسمانییان تێپەڕاند، هێرشیان کرایە سەر. ئەم هێرشانە ئابووریی جیهانییان پەکخست و وڵاتانیان ناچار کرد ستراتیژی بەرگریی ئاسمانیی خۆیان بگۆڕن. دوای ڕووداوەکانی 7ـی مانگی تشرینی یەکەمی 2023، ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا و کەمبوونەوەی کاریگەریی میلیشیاکانی سەر بە ئێران، جیهان شێوازێکی نوێی جەنگی نانەریتیی بەخۆیەوە بینی کە چەمکی شەڕکردنی ئاسایی گۆڕیووە. ئێستا ئێمە خۆمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی نوێدا دەبینینەوە کە جیاوازن لەوانەی لە 20 ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕوویان بووینەتەوە.

جیهان سەری لە توانای مووشەکیی ڕێکخراوی تیرۆریستی حوسی سوڕما، کە هێرشی کردە سەر کەشتیە بازرگانییەکان و لە ڕێگەی گەرووی باب ئەل مەندەبەوە گواستنەوەی جیهانیی ئیفلیج کرد. سەرەڕای هێرشە ئاسمانییە کوشندەکان بۆ سەر حوسییەکان، ئەوان توانای هەڵدانی مووشەکی بالیستییان لەدەست نەداوە و لە هەڕەشەکردن لە ئازادیی کەشتیوانی بەردەوامن. هیچ گومانێک لە ئارادانییە کە ئەو تەکنەلۆژیایانەی لەبەردەستی حوسییەکاندان لە ناوخۆدا بەرهەم نەهێنراون، بەڵکو لەلایەن ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئەم توانایانەن دابینکراون. ئێمە ستایشی ڕۆڵی برایان و دۆستانمان دەکەین لە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی هەواڵگری و سەپاندنی سزای دارایی بەسەر ئەو تۆڕانەی پاڵپشتی دارایی و پشتیوانی بۆ ئەم بۆ ئەم دێوەزمە تیرۆریستییە دابین دەکەن و وەک بەرەی پێشەوەی جوڵە دەکەن.

ناتوانرێت بە جەنگی نەریتی و نە بە یەک وڵات ئەم هەڕەشە ئاڵۆزانە تێکبشکێنرێن، بەبێ گوێدانە توانا سەربازییەکانی. بەڵکو، پێویستیان بە هەوڵی یەکخراوی ئاسایش و هەواڵگریی وڵاتانی دۆست هەیە. ئەگەر سزا نێودەوڵەتییە سەپێنراوەکانی سەر تۆڕەکانی پاڵپشتیی دارایی نەبوونایە، ئەوا نەماندەتوانی سەرچاوەکانی پاڵپشتیی دارایی تیرۆریستان بنبڕ بکەین. ئەگەر هەماهەنگییەکان لەگەڵ وڵاتانی دۆست نەبوونایە، ئەوا نەماندەتوانی ئەو لایەنگرانەی ناوی خوازراو لە وڵاتانی ناوچەکەدا بەکاردەهێنن و خاوەنی بەرەگەڵێکن کە پشتیوانیی تیرۆر دەکەن بەڵام وەک بازرگانی ئاسایی لە ناو خەڵک دەردەکەون، دەستگیربکەین.

هاووڵاتیبوونی ڕاستەقینە بەردی بناغەی بنیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێزی ئەردەنە کە بتوانێت ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی و قەیرانەکان ببێتەوە، جا هەر شێوەیەکیان هەبێت. ئەمەش تەنها سنووردار نییە بە هەڵگرتنی ناسنامەی نیشتمانی، بەڵکو پابەندبوونێکی کرداری و بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانییە کە لە ئاکاری ڕۆژانەی تاک و دڵسۆزییان بۆ وڵاتەکەیان ڕەنگدەداتەوە. هەموو هاووڵاتییانی ئەردەن مافی یەکسانیان هەیە، و لە بەرامبەردا ئەرکی پەیوەندیدار بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری نیشتمان و پاراستنی یەکڕیزی وڵاتەکەیان لە ئەستۆدایە.

پێویستە هاووڵاتیان بۆ بوون بە ئەندامی بەرهەمدار و کارا لە کۆمەڵگادا، کار لەسەر گەشەپێدانی خۆیان و تواناکانیان بکەن. زۆر گرنگە جەخت لەسەر ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی نەوەیەک بکرێتەوە کە بەها نیشتمانییەکان بەرجەستە بکات و باوەڕی بە کار و دەستکەوتی ڕاستگۆیانە هەبێت. بەهای هاووڵاتییەک بە کاری ئەرێنی و ئاکاری شارستانی دەپێورێت، نەک بە پەیوەندیی خێڵەکی یاخود ناوچەیی. پێویستە کار بۆ بەهێزکردنی یەکڕیزیی نیشتمانی و یەکخستنی ڕیزەکانمان بکەین لە بەرامبەر هەوڵەکانی چاندنی ناتەبایی یاخود ڕق و کینە.

بە دڵنیاییەوە، لە ژێر سەرکردایەتیی خاوەن شکۆ شا عەبدوڵڵای دووەم بن حوسێن و بە هەوڵ و کۆششی گەلی ئەردەن، ئەردەن لە سایەی ئەو هاووڵاتیانەی باوەڕیان بە نیشتمانی خۆیان هەیە بە بەهێزی و یەکگرتوویی دەمێنێتەوە.

مازن ئەل فاریا، وەزیری ناوخۆی شانشینی هاشمیی ئەردەن

پارستنی شانشین

عەمید ڕۆکنی بەحرەینی خالید بن حەمەد ئەلخەلیفە

تێڕوانینەکانی خۆی لەسەر هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، کە
فەرماندەیی دەکات، دەخاتە ڕوو





یونیپاس چاوپێکەوتنی لەگەڵ خاوەن پایە عەمید ڕوکنی بەحرەینی خالید بن حەمەد ئەلخەلیفە، کە فەرماندەیی یەکێک لە یەکە هەرە بەناوبانگەکانی هێزی بەرگریی بەحرەین، هێزە تایبەتیەکانی پاسەوانی شاهانە دەکات.



یونیپاس: چۆن بۆ پەرەپێدانی ئامێر و مەشق بۆ هێزە تایبەتەکانی بەحرەین هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکادا دەکەیت؟

عەمید ڕوکن خالید بن حەمەد: ئێمە لەگەڵ ئەمریکادا هاوبەشییەکی قوواڵمان هەیە کە ماوەیەکی زۆر بەردەوامیی هەبووە و هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە، نەک تەنها لە لایەنی سەربازییەوە بەڵکو لە لایەنی ستراتیژی، سیاسی و ئابووریشەوە. ئەمە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانمانە. ئەمریکا لە ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکاندا ئەزموونێکی ئێجگار زۆری هەیە. هاوبەشییەکەمان گواستنەوەی زانیاری، ئاڵوگۆڕی شارەزایی و دەستڕاگەیشتن بە نوێترین چەمکەکانی ئۆپەراسیۆن کە کارامەیی و ئامادەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان بەرز دەکەنەوە، بەتایبەتی لە بوارەکانی پلاندانانی ئۆپەراسیۆن، بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، لەخۆدەگرێت.

سەرەڕای ئەوەش، بەرنامەکانی مەشقی هاوبەش پیشەییبوونی شەڕکردن بەرز دەکەنەوە و لێهاتوویی‌ەکانی سەربازان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگاریی جۆراوجۆر و ژینگە هەمەچەشنەکانی ئۆپەراسیۆن، لەوانەش ئۆپەراسیۆنە دەریایی، ئاسمانی و زەمینییەکان گەشەپێدەدەن. بە هەمان شێوە ئەم هاوبەشییانە بۆ فێربوون دەربارەی نوێترین تەکنەلۆژیا و سیستەمی هاوچەرخ کە لە بوارەکانی پەیوەندییەکان، هەواڵگری و پشتیوانیی لۆژیستیدا ئامانج دروستیی بەرز دەکەنەوە و کاتەکانی وەڵامدانەوە باشتر دەکەن، دەرفەتێک دەڕەخسێنن. هەروەها ئەم پەیوەندییە لە چوارچێوەی هێزەکانی هاوپەیمانان و ئۆپەراسیۆنە فرەنەتەوەییەکان، کە تێیاندا چەمک و ڕێکارە تاکتیکییەکان یەکخراون، توانای کارکردنمان بەرز دەکاتەوە. ئەمەش یەکخستن و هەماهەنگیی ئۆپەراسیۆنیی نێوان هێزە دۆستانەکان بەهێزتر دەکات. بە هەمان شێوە ئەم هاوبەشییە بەشداری لە پشتیوانیکردنی بەرنامەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و چڕکردنەوەی لێهاتوویی سەرکردایەتی، دڵنیابوون لە هەنگاونان لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی هەڕەشەکان و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەیان دەکات.

یونیپاس: چ ئاڵنگارییەک ڕووبەڕووی هێزی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی پاسەوانی شاهانە دەبێتەوە؟

عەمید ڕوکن خالید بن حەمەد: هەرە دیارترین ئاڵنگاری بریتییە لە هەنگاونان لەگەڵ گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا، کە پێویستی بە مەشقکردنی بەردەوام و بەدەستهێنانی کارامەیی پێشکەوتوو هەیە. بە هەمان شێوە هەڵبژاردنی وریایانەی سەربازەکان نوێنەرایەتی ئاڵنگارییەکی بەرچاو دەکات، چونکە پێداویستی و تایبەتمەندییەکانی سەربازانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان لە یەکە سەربازییە ئاساییەکان جیاوازترن. هەروەها، دەکرێت ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان لە بەدەستهێنانی زانیاریی هەواڵگریی پێویست بۆ خێرا جوڵەکردن لە ژێر فشاری کاتدا لە ژینگە ئاڵۆز و گۆڕاوەکاندا ڕووبەڕووی ئاستەنگی ببنەوە.

یونیپاس: ئایا دەتەوێت چ تەکنەلۆژیایەک لە داهاتوویەکی نزیکدا بەدەست بهێنیت؟

عەمید ڕوکن خالید بن حەمەد: ئامانجمان بەدەستهێنانی ئەو توانا هاوچەرخانەیە کە هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی بەرگریی جیهانی، لەگەڵ گرنگیدان بە زیادکردنی هۆشیاریی بارودۆخ، بەرزکردنەوەی سەلامەتیی هێز لە ڕێگەی سیستەمی خۆکار و پاراستنی تۆڕەکانی پەیوەندیی ستراتیژیمان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو.

ئەندامانی هێزە تایبەتەکانی پاسەوانی شاهانەی بەحرەین لە بیابانەکاندا مانۆڕ ئەنجام دەدەن.



یونیپاس: چۆن هەڕەشە ئاسایشییەکانی جیهانی ڕاستەقینە شێوازی مەشقەکانتان دەگۆڕن؟

عەمید ڕۆکن خالید بن حەمەد: بەگشتی، ئەو مەشقانەی کە ئەنجامی دەدەین بەرزکردنەوەی کارامەیی و ئامادەیی بۆ ڕێگریکردن لە هەوڵەکانی زیانگەیاندن بە ئاسایشی شانشینی و سەرکردایەتییەکەی دەکەنە ئامانج. ئەمەش بە ئەنجامدانی چەندین مەشقی جۆراوجۆر، لەوانە جەلمود، ڕەبدان و پاسەوانی شانشین بەدەست دەهێنرێت. ئەم مەشقانە بە سیناریۆی جۆراوجۆر تایبەتمەندن کە بەرەنگاربوونەوەی شانە خەوتووەکان، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی باڵیۆزخانەکان لەخۆدەگرن. ئەم مەشقانە بۆ پاڵاوتەکردنی لێهاتوویی هێزەکانمان زۆر ناوازەن. هەرە دیارترین ئاڵنگارییە ئاسایشییەکان بریتین لە پێشهاتە خێراکان لە سروشتی هەڕەشە نانەریتییەکان، کە تیرۆر، تاوانی ڕێکخراو و هەڕەشەی ئەلیکترۆنی لەخۆدەگرێت، ئەمە جگە لەو ناسەقامگیرییەی کە هەندێک بەشی ناوچەکە بەخۆیەوە بینیووە و ئەو کاردانەوە ئاسایشییانەی کە دەکرێت لە ئەنجامیدا بێنە ئاراوە. بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیا هاوچەرخەکان و ئاسانکاری دەستڕاگەیشتن بە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و پلاندانانی ئۆپەراسیۆنی ئاڵنگارییەکی زیادە دەهێننە کایەوە کە پێویستی بە هەنگاونانی هاوشان و پەرەپێدانی بەردەوامی تواناکانی ئاسایش هەیە. لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ڕێگەی پەرەپێدانی توانا ئۆپەراسیۆنییەکان و بەهێزکردنی هەماهەنگیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، ئەمە جگە لە ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە مەشق و شیاندن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ لە بواڕەکانی چاودێریکرد، هەواڵگری و شیکردنەوەی زانیاریدا کار بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشانە دەکەن.

یونیپاس: هێزی بەرگری بەحرەین چەمکی سەربازیی بەریتانیا پەیڕەو دەکات. ئایا تا چەند قورس بوو بۆ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت هەتا خۆیان لەگەڵ چەمکی سەربازیی ئەمریکادا بگونجێنن؟

سەربازانی هێزە تایبەتەکانی بەحرەین بەشداری لە مەشقی مەیدانیدا دەکەن.

عەمید ڕۆکن خالید بن حەمەد: هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە پەرۆشن سوود لە قوتابخانە و چەمکە سەربازییە نێودەوڵەتییە جیاوازەکان وەربگرن بەبێ ئەوەی پابەندی تەنها یەک چەمکێک ببن. ئەم فەلسەفەیە پشت بە هەڵبژاردن دەبەستێت لە نێوان ئەو مەشقە کردارییە ئۆپەراسیۆنییانەی کە سەرکەوتنیان لە بواڕەکەدا سەلمێنراوە. هەرچەندە چەمکی سەربازیی بەریتانیا بنچینەی مێژوویی بنیاتنانی سیستەمی سەربازی بوو، بەڵام کارکردن لەگەڵ لایەنی ئەمریکی بۆ فراوانکردنی ئاسۆی ئۆپەراسیۆنەکانمان سەخت نەبوو. قوتابخانەی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی تاکتیک و تەکنیکەکانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان، بەتایبەتی لە بواڕەکانی ئەرکی هاوبەش، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە ئاڵۆزەکان، بە یەکێک لە باشترینەکان دادەنرێت. لە بەرامبەردا، قوتابخانەی بەریتانیا بە گرنگیدان بە پابەندبوونی کرداری، ئەزموونی مەیدانیی قووڵ و کارکردن لە ژینگە جۆراوجۆرەکاندا تایبەتمەندە. لە ڕێگەی جێبەجێکردنی دیاریکراوی بەرنامەکانی ئەم قوتابخانانە، هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی بەحرەین سیستەمێکی نیشتمانیی جیاوازیان پەرەپێداوە کە بە تەواوی لەگەڵ پێداویستییەکانی بەرگریی سەروەریی خۆماندا گونجاوە، کە پیشەیی بوونی شەرکردن ئاوێتەی گونجاندنی تاکتیکی دەکات.

یونیپاس: ئایا هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە ژینگەی دەریایی بەحرەین مەشقی تایبەت ئەنجام دەدەن یاخود لە هەموو مەیدانەکان، وەک شاخاوی و دارستانەکاندا مەشق ئەنجام دەدەن؟

عەمید ڕۆکن خالید بن حەمەد: ئێمە پشت بەو بەرنامە گشتگیر و هەمەچەشنانەی مەشقکردن دەبەستین کە ژینگەی جوگرافیای بەحرەین لەبەرچاو

ئەو هەڕەشە ئاسایشییانەی لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە ڕووبەڕووی وڵاتانی ناوچەکە دەبنەوە، هەنگاونانی هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکان و پەرەپێدانی تاکتیکی پێشکەوتوو بۆ پاراستنی باڵادەستی تاکتیکی و تەکنیکی لەسەر ئێمە پێویست دەکەن.



دەگرن، تیایدا گرنگی بە مەشقکردن لە ناوچە کەناراوی، دەریایی، شار و بیابانییەکان دەدەن. لە هەمان کاتدا، سەرکردایەتی بۆ لەخۆگرتنی ژینگە و زەوییە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی بەحرەین، لەوانە شاخ، و دارستان و ئەو ژینگانەی بارودۆخی کەشوهەوای سەختیان هەیە، بە پەرۆشە مەودای مەشقەکان لە دەرەوەی وڵات فراوانتر بکات. ئەم هەمەچەشنییە لە مەشقکردندا بەرزکردنەوەی ئامادەیی سەربازان و گەشەپێدانی لێهاتوویی‌یەکان بۆ خۆگونجاندنی خێرا لەگەڵ گۆڕانی شانۆکانی ئۆپەراسیۆن دەکاتە ئامانج.

یونیپاس: ئایا بەحرەین میواندارییە چ مەشقێکی پەیوەندیدار بە ئۆپەراسیۆنی تایبەت دەکات؟

عەمید ڕوکن خالید بن حەمەد: ئێمە بە تایبەتی گرنگی بە مەشقەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تاوانە ڕێکخراوەکان دەدەین. یەکێک لە هەرە گرنگترینیان کە لە شانشینی بەحرەین بەڕێوەدەچێت بریتییە لە مەشقی هاوبەشی هەڵۆی حەمەد، کە دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەزگاکانی ئاسایش بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، ئەمە جگە لە وڵاتانی دۆستی وەک ئەمریکا، بەریتانیا، مالیزیا، بروونای و فلیپین.

یونیپاس: ئایا سەربازانی ژێر فەرماندەیی تۆ لەگەڵ هێزە ئاسایشییەکانی تری شانشین مەشق ئەنجام دەدەن؟

عەمید ڕوکن خالید بن حەمەد: مەشقی ئاسایشی هاوبەش بەشێوەیەکی ناوبەناو ئەنجام دەدرێت، ئەمەش دەزگا و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی ئاسایش و سەربازی لە بەحرەین بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. ئامانج لێی بریتییە لە بەرزکردنەوەی یەکخراویی و هەماهەنگیی نێوان دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگارییە ئاسایشییە جیاوازەکاندا. بەشداربووانی مەشقەکە وەزارەتی ناوخۆ، پاسەوانی نیشتمانی، دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی و دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر لەخۆدەگرێت. ئەم مەشقانە یەکڕیزی چەمک و ڕێکارەکانی ئۆپەراسیۆن، وە بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەیی و وەڵامدانەوەی خێرا بۆ ڕووداو و دۆخە فریاگوزارییەکان، بە هەمان شێوە میکانیزمەکانی هەماهەنگیکردن لە نێوان لایەنە بەشداربووەکاندا دەکەنە ئامانج. ئەم مەشقانە بڕەو بە هاوبەشپێکردنی زانیاری و کاری تیمی دەدەن، ئەمەش بەرزترین ئاستی کارامەیی لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لەناو شانشینیدا مسۆگەر دەکات.

یونیپاس: ئایا ئەنجامدانی مەشق لەگەڵ هاوتاکان لە ئیمارات تا چەند گرنگە؟

عەمید ڕوکن خالید بن حەمەد: ئەو هەڕەشە ئاسایشییانەی لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە ڕووبەڕووی وڵاتانی ناوچەکە دەبنەوە، هەنگاونانی هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکان و پەرەپێدانی تاکتیکی پێشکەوتوو بۆ پاراستنی باڵادەستی تاکتیکی و تەکنیکی لەسەر ئێمە پێویست دەکەن. کارکردن لەگەڵ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئیمارات لە چوارچێوەی چالاکیی سەربازیی هاوبەشدایە لە ژێر چەتری ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو. گرنگییەکەی لە ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و فێربوون لە هەرە دیارترین تاکتیک و کەرەستەی بەکارهێنراو لە بواری ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکاندایە. لە نێوان هەرە گرنگترین مەشقە هاوبەشەکان لەگەڵ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئیمارات، مەشقەکانی جەلمود، ڕەبدان و حەماعەت ئەلدار هەن. ئەم مەشقانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی لە ناوچەکەدا هەن، داڕێژراون. هەروەها ئێمە لەگەڵ شانشینی سعودیە، ئەردەن، بەریتانیا، ئەمریکا، مالیزیا و بروونای و ئەوانی تر لە نێو وڵاتانی دۆستی هاوبەشمان، مەشقی هاوبەش ئەنجام دەدەین.

یونیپاس: ئایا بەشداریکردن لە هەفتەی سااڵنەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان کە لەلایەن فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمریکاوە لە فلۆریدا سەرپەرشتی دەکرێت، تا چەند گرنگە؟

عەمید ڕوکن خالید بن حەمەد: بەشداریکردن لە هەفتەی سااڵنەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان لە شاری تامپای ویلایەتی فلۆریدا، گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە، چونکە لەوێدا ئاڵنگارییەکانی بەردەم هێزە تایبەتەکانی وڵاتانی بەشداربوو لە کۆنفرانسەکەدا دەخرێنە بەر باس، وە بە پشتبەستن بە ئەزموونی بەشداربووان و لەژێر چاودێریی فەرماندەیی ناوەندی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکاندا چارەسەری گونجاو پێشنیار دەکرێن. بە هەمان شێوە کۆبوونەوەی دوولایەنە لەگەڵ ئەندامانی هێزە تایبەتەکانی هاوپەیمانان، ئاڵوگۆڕی شارەزایی و ناساندنی نوێترین تەکنەلۆژیا و کەرەستەی نمایشکراو لەخۆدەگرێت. ئەمەش هەمووی بە ئامانجی گەیشتنە بە گەشەپێدانی پێویست بۆ هەنگاونان شانبەشانی پێشکەوتنە جیهانییەکان لە ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکاندا. ✦



شەمەندەفەر بەرامبەر دەریا:

ڕژێمی ئێران بۆ خۆدزینەوە لە سزاکان و بڵێسەدان بە ناسەقامگیریی ناوچەکە لە هەوڵی بێوچاندایە

دەستەی یونیپاس

لە ساڵی 2016، بەڕێسانی ئێران ڕێوڕەسمی کردنەوەی ڕێڕەوێکی شەمەندەفەریان ئەنجامدا، کە لە ڕێگەی کازاخستان و تورکمانستانەوە تاران بە چین دەبەستێتەوە. ئێران بۆ تێپەڕاندنی ئابڵوقەیەک کە زیانی بە ناردنی نەوت لە ڕێگەی دەریاوە گەیاندووە، هەوڵدەدات ئەو ڕێڕەوە بەکاربهێنێت. AFP/گێتی ئیمەیجس

وا دەردەکەوێت پلانەکان بۆ قۆستنەوەی دەستپێشخەرپی پشتێن و ڕێگای چین **بۆ خۆدزینەوە لە سزاکان نەکردەبن**

ئێران بۆ دەربازبوون لە گەمارۆی دەریایی ئەمریکا کە هەناردەکردنی نەوتی ولاتەکەی وەستاندووە، پەنای بردە بەر سوود وەرگرتن لە ڕێڕەوێکی شەمەندەفەری 10 هەزار کیلۆمەتری لەگەڵ چین.

هەرچەندە ڕێگا وشکانیەکان دەتوانن بە خۆراک و کەلوپەلی بەرهەمهێنراو پشتیوانیی ئابووریی ئێران بکەن، بەڵام ئەو کالایانەی بە قەبارەی زۆر بازرگانییان پێوەدەکرێت، وەک نەوت، پشت بە کارایی گواستنەوەی دەریایی دەبەستن. هەر ئومێدێک لەوەی کە شەمەندەفەری مەودا دوور بتوانێت هێڵێکی ژیانی ئابووری بۆ ڕژێمی ئێران دابین بکات، جێ باوەڕ نییە.

"شەمەندەفەر دەتوانێت قەبارەیەکی ستراتیژی گونجاو بگوازێتەوە، بەڵام ناتوانێت، لە ماوەیەکی نزیکدا، ببێتە جێگرەوەی تانکەرەکان لە قەبارەدا،" ستیڤ هـ. هانکێ، پرۆفیسۆری ئابووریی جێبەجێکراو لە زانکۆی جۆنز هۆپکینز لە بالتیمۆر، بە ڕادیۆی ئەوروپای ئازاد/ڕادیۆ لیبرتیی ڕاگەیاند.

شەمەندەفەرەکان لە ساڵی 2016 لە ڕێڕەوی کازاخستان و تورکمانستان و ئێران دەستیان بە گواستنەوەی بار کردووە، ئەمەش بە زۆری وەک ڕێڕەوێک بۆ هەناردەکردنی کالای چینی. ئەو هاتوچۆ شەمەندەفەرییە لە ئاستێکی تاڕادەیەک مامناوەند دەمێنێتە.

بە تێکڕا ئەو شەمەندەفەرە بارهەڵگرانەی لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەکە بەسەر هێڵەکانی شەمەندەفەری نێوان شی ئان لە ناوەڕاستی چین و تاران دەڕۆیشتن، نزیکەی یەک شەمەندەفەر بوو لە هەفتەیەکدا، بە گوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی بلومبێرگ نیوز. کاتێک لە 13ـی مانگی نیسان گەمارۆی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەستپێکرد، ڕێژەکەی بۆ نزیکەی یەک شەمەندەفەر لە هەر سێ چوار ڕۆژ جارێک زیادی کردووە.

شەمەندەفەرەکان دەتوانن خێراتر لە کەشتیەکان بار بگوازنەوە، بەڵام توانای هەڵگرتنی کەمتریان هەیە.

سەرچاوەکان مەزەندە دەکەن کە ولاتانی ناوچەکە بەهۆی داخستنی گەرووی هورمز ڕۆژانە 1.2 ملیار دۆلار لە داهاتی نەوت و گاز لەدەست بدەن.

ئینێرجی نیوز بیت، کە ئاژانسێکی هەواڵییە و ڕووماڵی پیشەسازی نەوت و گاز دەکات، خەملاندنێکی نموونەیی پێشکەش کردووە: کەشتییەکی نەوتهەڵگری زۆر گەورەی نەوتی خاو دەتوانێت هەتا 2.2 ملیۆن بەرمیل هەڵبگرێت. بە بەراوردکردن، شەمەندەفەرێکی درێژ کە زیاتر لە 100 عارەبانەی هەبێت، دەتوانێت تەنها 70,000 بەرمیل هەڵبگرێت.

"ئێران بە نزیکەیی پێویستی بە 25 بۆ 35 شەمەندەفەری لەو جۆرە دەبێت. تەواوی توانای ڕۆژانەی ئێستای ڕێڕەوە بازرگانییەکە، کە زۆربەیان حاویە گشتیەکان و ئەو بارانەن قەبارەی زۆر هەڵناگرن، بە هیچ جۆرێک نزیک نابێتەوە لەو ئاستە،" ئینێرجی نیوز بیت ئاماژەی بەوەدا.

هەمان کێشە لە ڕێگەی گواستنەوەی بارهەڵگری باردا هەیە. ئەو شەمەندەفەرانەی کە لە یەک کاتدا دەیان حاویەی گواستنەوە هەڵدەگرن، جێگەی ئەو کەشتییە بارهەڵگرانەی دەتوانن هەزاران حاویە هەڵبگرن ناگرنەوە.

سەرەڕای ئەوەش، ڕێگا وشکانییەکان، کە هەردوو هاتوچۆی شەمەندەفەر و بارهەڵگر بەکاردەهێنن، هێشتا دەتوانرێت وەک دەرگایەکی ناسەرەکی بۆ دووبارە دابینکردنەوەی پێکهاتە چینییەکان بۆ ئێران بۆ درۆن، مووشەک و پێکهاتە کیمیاییەکان بۆ سووتەمەنی موشەک بەکاربهێنرێن. ئەوە یەکێکە لەو بژاردە کەمانەی کە لەبەرامبەر ڕێڕەوە دەریاییەکان کە تا ئێستاش بەڕووی ئێراندا داخراون، ماونەتەوە.

سزا ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە بەدواداچوونی ئێران بۆ چەکی ئەتۆمی، لە ساڵی 2018ـەوە ڕێگرییان لە فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نەوتی ئێران کردووە. سەرەڕای ئەوەش، ئێران لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەشتیگەلی سێبەری نەوتهەڵگر کە سەرچاوەی نەوتەکەیان دەشاردەوە، لە فرۆشتنی نەوت بە چین بەردەوام بوو. گەمارۆدانی ئەمریکا زۆربەی یاخود هەموو ئەو خۆدزینەوانەی لە سزا ئابوورییەکان وەستاندووە.

هەر ئومێدێک لەوەی کە شەمەندەفەری مەودا دوور بتوانێت هێڵێکی ژیانی ئابووری بۆ ڕژێمی ئێران دابین بکات، جێ باوەڕ نییە.

بەهۆی بەردەوامیی گەمارۆی دەریایی، ئاسۆی ئابووریی پشتبەستووی ئێران بە نەوت بە تاریکی ماوەتەوە. ولاتەکە بەگشتی ڕۆژانە نزیکەی 4 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، نزیکەی نیوەی هەناردە دەکرێت.

زۆربەی ئەو نەوتە کەڵەکەبووە، ڕووبەری عەمبارکردنی بەهادار بەکاردەهێنن کە، ئەگەر بەهۆی کەشتییە نەوتهەڵگرە دەریاییەکان بەتاڵنەکرێن، ئەوا بەم زووانە بە تەواوی پڕ دەبن. ئەمەش ئەگەری داڕمانی درێژخایەنی داهاتی نەوت بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

"گەمارۆدانی دەریایی هەڕەشەیەکی زۆر توندتر دروست دەکات وەک لە خودی جەنگ، وە دەبێت ئەو چەقبەستوویەی ئێستا تێبشکێنرێت، چونکە ئێستا هەناردەکردنی نەوت و وزە و چارەنووسی پاڵاوگەکانمان لە مەترسیدان." حەمید حوسێنی، شارەزا لە کەرتی نەوتی ئێران لە ژووری بازرگانیی ئێران، بە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ڕاگەیاند.

لە میانی کۆبوونەوەی مانگی ئایاری 2026 لە نێوان سەرۆکی چین شی جین پینگ و سەرۆکی ئەمریکا دۆنالد ترەمپ، هەردوو سەرکردە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئێران ناتوانێت خاوەنی چەکی ئەتۆمی بێت، داوای کردنەوەی گەرووی هورمزیان کرد و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە نابێت ڕێگە بە هیچ ولاتێک یان ڕێکخراوێک بدرێت پارەی بەکارهێنانی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی وەربگرێت. ✦



جەنگی ناچاری

هەوڵە پێنج دەیەییەکەی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەی بووە هۆی قەیرانێکی ئاسایشی ناوچەیی

موعەمەر ئەلعریانی، وەزیری زانیاری، کۆماری یەمەن

بەشێک لە چاودێران وەک پەرەسەندنێکی کتوپڕی سەیڕاوی ڕووداوە هەنووکەییەکان دەڕوانن ململانێی سەربازی لەگەڵ ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جۆرە لێکدانەوانە، چاوپۆشی لە واقیعێکی قوواڵتر دەکەن. ئەوەی جیهان لە ساڵی 2026ـدا بەخۆیەوە بینی، سەرەتای قەیرانێک نەبوو بەڵکو لوتکەی ڕێڕەوێکی ستراتیژیی نزیکەیی پێنج دەیە بوو.

ئەو ناسەقامگیرییەی بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە، لە دواییەن هەڵمەتە سەربازییەکانەوە دەستی پێنەکرد. بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی بۆ ئەو بناغە ئایدیۆلۆژییانە دەگەڕێتەوە کە لە دوای شۆڕشی 1979 ڕژێمی ئێرانی لەسەر بنیات نراوە. هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە، سەرکردایەتی شۆڕش لە تاران چەمکێکی گرتەبەر کە بە ڕادەیەکی زۆر سنووری بەرژەوەندییە نەریتییەکانی دەوڵەتێک تێدەپەڕێنێت.

چەمکی "هەناردەکردنی شۆڕش" بوو بە بەردی بناغەی ڕوانگەی ستراتیژیی ئێران، سیاسەتێکی دەرەکی کە فراوانکردنی کاریگەری لە دەرەوەی سنووڕەکان و

وێنەیەکی مانگی دەستکرد کۆمەڵگەی پیتاندنی سووتەمەنیی ئەتۆمی نەتەنزی ئێران لە 7ی مانگی ئازاری 202 نیشان دەدات. هەوڵی نەبڕاوەی ڕژێمی ئێران بۆ پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی هەڕەشە لە ناوچەکە و جیهان دەکات. قانتۆر/پێشکەشکراو لەڕێگەی ڕۆیتەرز

داڕشتنەوەی ئاسۆی سیاسیی ناوچەکەی کردبووە ئامانج، پەیڕەوکرد.

بە پێچەوانەی ئامرازی نەریتیی دیپلۆماسی، ئەم ستراتیژە بە شێوەیەکی بەرچاو پشتی بە ناڕاستەوخۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی دەسەڵات بەستووە. ئێران لەسەر بنەمای دامەزراندنی لایەنی چەکداری ناحکومی، بنیاتنانی تۆڕی ئایدیۆلۆژی و بڕەودان بە توانای سەربازیی هاوتەریب، پەرەی بە شێوازێکی ئاڵۆزی دروستکردنی کاریگەری داوە. بە تێپەڕبوونی کات، ئەم ڕێبازە بۆ تۆڕێکی ناوچەیی ئاڵۆزی ئەو هێزە بەکرێگیراوانەی لە سەرانسەری چەندین شانۆی ململانێدا کاردەکەن، پەرەی سەندووە.

کاریگەریی ئەم ستراتیژە قووڵ بووە. ڕێکخراوەکانی وەک حزبوڵڵا لە لوبنان، حوسییەکان لە یەمەن و دەستەی چەکداری جۆراوجۆر لە عێراق تەنانەت بە کەمترین شێوەش بێت وەکو هاوپەیمانی سیاسی مامەڵەیان نەکردووە، بەڵکو بوونەتە درێژکراوەی ئۆپەراسیۆنی ستراتیژیی ئێران. لە ڕێگەی ئەم گروپانەوە، تاران توانیویەتی کاریگەری لەسەر ڕەوتی ململانێکان دروست بکات، دامەزراوە نیشتمانییەکانی دەوڵەت لاواز بکات و لە سەرانسەری ناوچەک فشار بخاتە سەر حکومەتەکان، هەموو ئەمانە لەکاتێکدایە کە تا ڕادەیەک نکۆڵیکردنی ستراتیژیی پاراستووە.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم تۆڕەی بەکرێگیراوان، ئێران لە توانا سەربازییەکانی خۆی کە نیگەرانیی نێودەوڵەتیی بەردەوامی لێکەوتووەتەوە، وەبەرهێنانی زۆری ئەنجامداوە. بۆ چەندین دەیەیە بەرنامە ئەتۆمییەکەی سەرچاوەی گرژی بووە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە پرسی بنەڕەتیی سەبارەت بە نیازە ستراتیژییەکانی و ئاسایشی ناوچەکە دروستکردووە. هاوکات ئێران سیستمی پێشکەوتووی مووشەکی و تەکنۆلۆژیای درۆنی پەرەپێداوە، کە لە چەندین ململانێی ناوچەییدا بەشداریان لە گۆڕینی هاوسەنگیی ستراتیژیدا کردووە.

ئەم توانایانە لەناوخۆی سنووورەکانی ئێران قەتیس نەکراون. تەنانەت بەشێک لەو تەکنەلۆژیا و شارەزاییانە بۆ گروپە تیرۆریستییە چەکدارە هاوپەیمانەکان لە ناوچەکەدا گواستراونەتەوە، بەمەش دەستڕاگەیشتنیان فراوانتر دەکات و توانا ناسەقامگیرکەرەکانیان بەرز دەکاتەوە.

ئەنجامی کەڵەکەبووی ئەم ڕێبازە ڕێچکەی ناسەقامگیریی ناوچەیی بووە کە سنووری ململانێ دیاریکراوەکان تێدەپەڕێنێت. لە چەندین نموونەدا، لایەنە پاڵپشتکراوەکانی ئێران بەشداریان لە لاوازبوونی داموودەزگاکانی دەوڵەت، درێژکردنەوەی شەڕە ناوخۆییەکان و قووڵکردنەوەی ئەو قەیرانە مرۆییانەدا کردووە کە بوونەتە هۆکاری کوژرانی ملیۆنان هاوڵاتیی مەدەنی، شەپۆلی ئاوارەبوون و وێرانکردنی تەواوی ئابووورییە نیشتمانییەکان.

بە هەمان ڕادە کاریگەرییە بەرفراوانەکان لەسەر ئاسایشی جیهانی گرنگن. چەندین جار گرووپە پەیوەستەکان بە ئێران توانای خۆیان بۆ هەڕەشەکردن لە ڕێڕەوی کەشتیوانیی نێودەوڵەتی و ژێرخانی وزەی جیهانی نیشانداوە. ڕێڕەوی ئاویی ستراتیژیی وەک دەریای سوور، گەرووی باب ئەل مەندەب، کەناوی عەدەن و گەرووی هورمز هەموویان تووشی پەکخستن بوون کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە تۆڕی ناوچەیی ئێرانەوە هەبووە.

ئەم ڕێڕەوە دەریاییانە بە تەنها سامانی ناوچەیی نین؛ ئەوان خوێنبەری گرنگی ئابووریی جیهانیین. هەر جۆرە پەکخستنێکی بەردەوام لەم ڕێڕەوانەدا کاردانەوەی دروست دەکات کە سنووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێدەپەڕێنێت و زیان بە بازرگانیی نێودەوڵەتی، بازاڕەکانی وزە و ئاسایشی جیهانی دەگەیەنێت.

بۆ داڕێژ و شیکارکەرانی سیاسەت، ئاڵنگاریی بنەڕەتی ئەم جەنگەی ئێستا تێدەپەڕێت. پرسە قووڵەکە بریتییە لە چارەسەرکردنی شێوازێکی ستراتیژی درێژخایەن، کە ئامانجی ئایدیۆلۆژی، جەنگی بەکرێگیراو و فراوانکردنی توانا سەربازییەکان یەکدەخات.

تێگەیشتن لەم ڕێڕەوە مێژوویی بەرفراوانە، مەرجێکی بنەڕەتییە. ئەو ناسەقامگیرییەی کە ناوچەکە بەدەستییەوە دەنااڵێنێت، لە شەو و ڕۆژێکدا سەریهەڵنەدا، وە نە لە دەرەنجامی یەک ڕووبەڕووبوونەوەش بوو. بەڵکو، ئەوە دەرئەنجامی کەڵەکەبووی دەیان ساڵەی ئەو سیاسەتانەیە کە فراوانبوونی ئایدیۆلۆژی و زیادکردنی کاریگەریی ستراتیژیان بەسەر سەقامگیری ناوچەییدا لە پێشینەی کارەکان داناوە.

هەر گفتوگۆیەکی جددی سەبارەت بە داهاتووی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبێت لەم تێگەیشتنەوە دەست پێبکات. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا بە دانپێدانان بە سروشتی سیستەمیی ئەم ئاڵنگارییە دەتوانێت چوارچێوەیەکی بەردەوام بۆ سەقامگیریی ناوچەکە و ئاسایشی جیهانی پەرەپێبدات.




ڕژێمی ئێران هەوڵی هەناردەکردنی بیروباوەڕی خۆی بۆ ناوچەکە داوە، ئەمەش لە ڕێگەی ڕێکخراوە تووندوتیژەکانی وەک هێزی بەسیجی سەربازیی دەرەوەی سوپا، کە منداڵان دادەمەزرێنن و هاوبەشتمانیانی ئێرانیی خۆیان دەچەوسێننەوە. بەهۆکاری پشتیوانیکردن لە تیرۆر و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، حکومەتی ئەمریکا لە ساڵی 2018دا بەسیجی خستە لیستی تیرۆریستی جیهانیی تایبەتی خۆیەوە. گێتی ئیمەیجس

دەبێت لە سنووری ئەم چوارچێوە بەرفراوانەدا لە ململانێی سەربازیی 2026 تێبگەین. جەنگەکە ڕەنگدانەوەی ئەو ساتەوەختەیە کە چیتر نەتوانرا بە تەنها لە ڕێگەی دیپلۆماسی یاخود ڕێگرییەکی سنووردارەوە دەرئەنجامەکانی ئەم ستراتیژییە درێژخایەنە کۆنترۆڵ بکرێت.

بۆ چەندین ساڵ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو مەترسیانەی بەهۆی پەرەسەندنی توانا سەربازییەکانی ئێران و تۆڕی میلیشیا ناوچەییەکانیەوە دروست دەبن، مشتومڕیان کردووە. سەرەڕای ئەوەش، دواخستنی کرداری یەکلاکەرەوە مەترسیی خۆی هەبوو.

ئەگەر سیاسەتەکانی ئێران بەبێ سزادان بەردەوام بووبا، ئەوا جیهان لە ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعێکی زۆر مەترسیدارتر نزیکتر دەبووەوە: ڕژێمێکی ئێرانی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمییە و لە هەمان کاتدا تۆڕێکی بەرفراوانی گروپە چەکدارەکان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەپارێزێت. سیناریۆیەکی لەم شێوەیە نەک بە تەنها مەترسی لەسەر سەقامگیری ناوچەکە دروست دەکات، بەڵکو ئاڵنگارییەکی قووڵیش بۆ ئاسایشی جیهانیش دەهێنێتەکایەوە.

بۆیە، ڕووبەڕووبوونەوەکە تەنها لایەڕەیەکی تر نییە لە ململانێکانی ناوچەکە، بەڵکو لوتکەی ستراتیژی ناسەقامگیرکەری ئێرانە کە بەدرێژایی دەیان ساڵ چڕتر بووەتەوە. جەنگەکە وەک بیرخستنەوەیەکە کە کاتێک وڵاتان هەڕەشەی سیستماتیکی پشتگوێ دەخەن، دواتر زۆرجار لە هەلومەرجێکی مەترسیدارتردا باجەکەی دەدەن. ✦



بەنزینکردن بە ئاگردا

چین پشتیوانیی توانای مووشەکی و هەڵدانی ئاسمانیی ئێران دەکات

فەرماندەیی زەریای هێمنی ئەمریکا (USPACOM)

تۆڕی هەماهەنگیی نێوان چین و ئێران لەگەڵ پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای مووشەکی بالیستی و بارهەڵگری مووشەک هاوێژ (SLV) لە سااڵێک بەر لە ئۆپەراسیۆنە جەنگییە هاوبەشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ئێران کە لە 28ـی مانگی شوباتی 2026ـدا دەستپێکرد، فراوانتر بوو.

لە ژێر پەردەی ئابووری و سیاسیدا، هاوبەشیی نێوان پەکین و تاران تا دێت بە ڕێژەیەکی زیاتر گواستنەوەی تەکنەلۆژیای بەکارهێنانی دوو لایەنە، دابینکاریی پێکهاتەکانی دروستی و پێکهاتەی کیمیایی پێشەنگ بۆ بزوێنەری مووشەکی ڕەق، وە پشتیوانیکردنی تۆڕە لۆژیستییەکان کە بەشێوەیەکی کەرەستەیی توانای هێرشی ستراتیژیی ئێرانیان بەهێزتر کرد، لەخۆدەگرێت. ئەم چالاکییانە، کە لە ڕێککەوتنی هەماهەنگیی گشتگیر (CCA)ـی سااڵی 2021ـی نێوان هەردوو ڕژێمەکەدا سەرچاوەی گرتووە، لە ژێر ڕۆشنایی ململانێی ئەم دواییەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست، بەردەوامیی چڕکردنەوەی چەسپاندنی سزا ئابوورییەکان و پەرەسەندنی کێبڕکێی ستراتیژی، بە دیاریکراوی لە ناوچەی زەریای هیندی و هێمن، گرنگییەکی ئێجگار زۆر بۆ ئاسایشی جیهانی بەدەستهێناوە.

تێگەیشتن لە پاڵنەر، میکانیزم و دەرئەنجامەکانی هەماهەنگیی سەربازیی چین و ئێران دەبێتە کلیلی بەرپەرچدانەوەی هەماهەنگییەکان و پاراستنی ئاسایش لە ناوچەی زەریای هیندی و هێمن و ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست.

پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی چین و ئێران، پەیوەندییە سەربازییەکان

پەیوەندتی نێوان چین و ئێران بۆ چەندین سەدە لەمەوبەر بۆ سەردەمی ڕێگا بازرگانییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، بەاڵم لە یەکتر نزیکبوونەوەی هاوچەرخیان لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە سااڵی 1979 کە ڕوحوڵاڵ خومەینی هێنایە سەر دەسەاڵت، خێراتر بوو. لەگەڵ دابڕانی زیاتری تاران لە دابینکەرانی ڕۆژئاوایی، پەکین وەک سەرچاوەیەکی یەدەگی چەک، تەکنەلۆژیا و پاراستنی دیپلۆماسی دەرکەوت. فشارە نێودەوڵەتییەکان و نیگەرانییەکانی بڵاونەکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژ بەشێوەیەکی ناوبەناو پەیوەندییەکەیان سنووردار دەکرد، بەاڵم بەردەوام لە دەرەنجامی گۆڕانی داینامیکیی ناوچەیی و بەرژەوەندیی ستراتیژیی هاوبەشدا سەرلەنوێ سەریهەڵداوەتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان لە ماوەی جەنگی ئێران و عێراق لە 1980 بۆ 1988، چین مووشەکی کروزی دژە کەشتیی جۆری سیلکۆرم و سیستەمەکانی تری بۆ ئێران دابین کردووە. ئایەتوڵاڵ عەلی خامنەیی، کە لە هێرشەکانی مانگی شوباتی 2026ـی ئیسرائیل و ئەمریکادا کوژرا، لە سااڵی 1989 لە دوای مردنی خومەینی دەسەاڵتی گرتە دەست. بە درێژایی ساڵانی 1990، هەڵسەنگاندنە هەواڵگرییەکانی

وەزیری دەرەوەی چین وانگ یی و وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئێران محەمەد جەڤاد زەریف لە مانگی ئازاری 2021، پەیماننامەی هەماهەنگیی 25 ساڵە لە تاران واژۆ دەکەن. ڕۆیتەرز

ئەمریکا ئاماژەیان بەوە کرد کە دامەزراوە چینییەکان هاوکاریی بەرنامە مووشەکی و ئەتۆمییەکانی ئێرانیان کردووە، بە دیاریکراوی لە دابینکردنی پێکهاتەکانی ئامێر، کانزای تایبەتمەند و شارەزایی تەکنیکی. لەگەڵ ئەوەی پەکین لە کۆتاییەکانی ساڵانی 1990 لە ژێر فشاری ئەمریکادا بەڵێنی کەمکردنەوەی هەندێک جۆری هەماهەنگیی پەیوەست بە مووشەکی دا، بەڵام نیگەرانییەکان سەبارەت بە گواستنەوەی ناڕاستەوخۆ و بەکارهێنانی دوو لایەنە بەردەوام بوون.

پەیوەندیی نێوان چین و ئێران بە دەستپێکردنی هاوبەشیی ستراتیژیی گشتگیری ساڵی 2016 و دواتر واژۆکردنی ڕێککەوتنی هەماهەنگیی گشتگیر (CCA)ـی 25 ساڵە، پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. بە گوێرەی پەیماننامە ئابووری و ژێرخانییە گوماناوییەکە کە لەگەڵ پلانی ژێرخانی یەک پشتێنە و یەک ڕێگا (OBOR)ـی پەکین هاوئاهەنگە، چین بەڵێنی وەبەرهێنانی 400 ملیار دۆلاری لە بواڕەکانی وزە، گواستنەوە، پەیوەندییەکان و ئاسایش بە ئێران داوە. لە کاتێکدا تەواوی دەقەکە بە ئاشکرا بڵاو نەکرایەوە، بەڕپرسانی ئێران باسیان لە بڕگەکانی هەماهەنگیی بەرگری و پیشەسازی و لێکۆڵینەوەی هاوبەش دەکرد. شیکەرەوەکانی ئاسایش دووپاتی دەکەنەوە کە ڕێککەوتنەکە بووە هۆی ڕەخساندنی بواری گواستنەوە و هەماهەنگیی لۆژیستیی تەکنەلۆژیا و پێکهاتە سەربازییەکان، ئەمەش بووە خاڵی وەرچەرخان لە قەبارەی بازرگانیی سەربازی نێوان هەردوو ڕژێمەکە.

پێکهاتەی کیمیایی بزوێنەری مووشەکی ڕەق، گواستنەوەی بەکارهێنانی دوو لایەنە

لە دوای هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بۆ سەر دامەزراوە سەرەکییە ئەتۆمییەکانی ئێران لە مانگی حوزەیرانی 2025، بەڵگەکان ئەوەیان خستەڕوو کە چین بۆ خواستەکانی مووشەک و ئاسمانیی ئێران، بە دیاریکراوی گواستنەوەی تەکنەلۆژیای بەکارهێنانی دوو لایەنە و دابینکردنی کەرەستەی پێکهاتەی کیمیایی بۆ بزوێنەری مووشەکی ڕەق، پشتیوانییەکانی چڕکردووەتەوە.


بزوێنەرەکانی مووشەکی ڕەق، کە بۆ مووشەکی بالیستی و سیستەمەکانی بارهەڵگری مووشەک هاوێژ (SLV) گرنگن، کە بە بەراورد بە سیستەمی سووتەمەنی شل، سوودی کارکردن پێشکەش دەکەن: کاتی هاوێشتنی خێراتر، توانای مانەوەی بەرزتر و سەقامگیری زیاتری هەڵگرتن. پێشکەوتنەکانی ئێران لەم بوارەدا بنچینەی سیستەمەکانی وەک پۆلەکانی عیماد و سەجیل لە موشەکی بالیستیی سووتەمەنیی ڕەق، مەودا ماماوەند و سیستەمەکانی نوێیەکانی بارهەڵگری مووشەک هاوێژ (SLV)ـە. ئەم بزوێنەرانە پشت بە ماددەی کیمیایی تایبەتمەندی وەکو پێرکلۆراتی ئەمۆنیۆم و هایدرۆکسیلی تێکشکاوی پۆلیبوتادین دەبەستن.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمپانیا چینییەکان ڕێژەیەکی ئێجگار زۆریان لەو ماددە کیمیاییانە، لە 2024ـەوە و 2025 ساڵانە زیاتر لە 3,000 تەن، هەناردەی دامەزراوە حکومییەکانی ئێران کردووە، لەوانە سوپای پاسدارانی شۆڕشگێڕیی ئیسلامی (IRGC) و بەڵێندەران کردووە، ئەمەش زۆرجار لە ڕێگەی زنجیرەی لۆژیستیی ئاڵۆزەوە کە بۆ خۆدزینەوە لە ئاشکرابوون و سزا ئابووریییەکان دارێژراون. بڕیارنامەی 2231ـی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە ساڵی 2015 دەرکرا، فرۆشتنی ئەو جۆرە لە ماددەی کیمیایی بەکارهێنانی دوو لایەنە بە ئێران لە ڕێگەی ناوەندە دابینکارییەکانەوە قەدەغە دەکات. بە دڕێژایی ساڵی ڕابردوو، ئەمریکا بەهۆی دابینکردنی بڕێکی ئێجگار زۆر لە پێکهاتەی کیمیایی پێرکلۆراتی ئەمۆنیۆم، تۆزی ئەلەمنیۆم، کەرەستە پێکهاتەییەکان و ئامرازەکانی ئامێری دروستی، کە پێکهاتەی زۆر پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی پاڵنەری ڕەقی کارایی بەرز، چەندین تۆڕی دابینکاریی سزاداوە کە واپێدەچێت پەیوەندییان بە نێوەندگیرەکانی چینەوە هەبووبێت. هەرچەندە ئەو ماددە کیمیاییانە لە بواری مەدەنیدا بەکاردەهێنرێن، بەڵام پرسەکە بریتییە لە دڵنیابوونەوە لە ناسنامەی بەکارهێنەری کۆتایی و شێوازی دووبارەبوونەوەی دەربازبوونی لایەنە سزادراوەکانی ئێران. لە ساڵی ڕابردوودا، بە هەمان شێوە ئەمریکا ئەو سزا ئابووریانەی لەسەر ئەو چالاکییە دارایانەی چین کە لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی نەوت و بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلەوە پاڵپشتیی چالاکیی ئەتۆمی و موشەکی بالیستیی ئێران دەکەن، توندتر کرد.

بەدەر لە ماددە کیمیاییەکان، کۆمپانیا چینییەکان پێکهاتەی کیمیایی پێشکەوتوو، پێکهاتەی ئەلیکترۆنی، سیستەمی ڕێنماییکردن و ئامرازی ئامێری گونجاویان بۆ بەرهەمهێنانی مووشەک دابین کردووە. گواستنەوەی شارەزایی پەیوەندیدار بە دروستکردنی بزوێنەری مووشەک، باشترکردنی سیستەمی پاڵنەر و تێکەڵکردنی کڵاوەی جەنگی، زیاتر تواناکانی ئێرانی بەهێز کرد بە هەمان شێوە دامەزراوە چینییەکان لە پڕکردنەوەی بۆشاییە گرنگەکانی تەکنەلۆژیا لە بەرنامەکانی مووشەکی سووتەمەنی ڕەقی ئێران، ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕاوە، شیکارەکەران ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمە بەربەستی تەکنەلۆژی لەبەردەم خواستەکانی هێرشی دووڕمەودای ئێران کەم کردووەتەوە.


گومان دەکرێت چەندین تۆڕی سزادراو ئامێری گایرۆسکۆپ، بزوێنەرە خێراکەرەکان و پێکهاتەی ئەلیکترۆنیی چینییان دابینکردبێت. ئەم جۆرە کەرەستانە

پاڵنەری کیمیایی مووشەک




کلۆراتی سۆدیۆم

بۆ دروستکردنی پێرکلۆراتی سۆدیۆم بەکاردێت لەڕێگەی نێوەندگیرەکانەوە لە چینەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئێران



پێرکلۆراتی سۆدیۆم

بۆ دروستکردنی پێرکلۆراتی ئەمۆنیۆم بەکاردێت لەڕێگەی نێوەندگیرەکانەوە لە چینەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئێران



پێرکلۆراتی ئەمۆنیۆم

لە پاڵنەری بزوێنەری مووشەکی ڕەقدا بەکاردێت، کە بە شێوەیەکی باو بۆ مووشەکی بالیستی بەکاردەهێنرێت



ئەم زنجیرە گۆڕانکارییە بە هەناردەکردنی پێکهاتەی کیمیایی کەمتر سنووردارکراو لە چینەوە بۆ ئێران، کەلێنێکی تەکتیکی بۆ تێپەڕاندنی کۆنترۆڵە ڕاستەوخۆکانی سەر پێرکلۆراتی ئەمۆنیۆم دابین دەکات.

سەرچاوە: وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا | شێوەسازی سەکۆ

دەتوانن دروستیی نیشانەپێکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بکەنەوە. ئەمە لە کاتێکدا، ئێران بەمەبەستی بەهێزکردنی زنجیرەی دابینکاریی چەک، ئاستی کڕینی ڕاستەوخۆی چەکی لە چین زیاد کردووە.

لە مانگی شوباتی 2026، چەند ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی تووڕەیی ئەفسانەیی، ئێران لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک بۆ کڕینی مووشەکی کروزی دژە کەشتیی لە چین نزیکبووەوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی دەزگای هەواڵی ڕۆیتەرز. مووشەکی CM-302ـی سەروو دەنگی دروستکراوی چین مەودای بڕینیان نزیکەی 290 کیلۆمەترە و دەتوانن خۆیان لە هێڵی بەرگریی کەشتییەکان بپارێزن. مووشەکی CM-302، کە بەگوێرەی زانیارییەکان دەتوانێت کەشتییەکی فڕۆکەهەڵگر یاخود تێکشکێنەر نوقم بکات، توانای ئێران بۆ دژە گەیشتن/بەرپەرچدانەوەی دەستڕاگەیشتن لە سەرانسەری گەرووی هورمز کە خاڵێکی خنکاندنی ئێجگار گرنگی گواستنەوەی ئاوپی نەوتە، فروان بکات. هەروەها هەردوو ڕژێمەکە باسیان لە کڕینی مووشەکی سەروو دەنگی گلایدی DF-17ـی چینی لەلایەن ئێرانەوە کردووە، ماڵپەڕی ئاسایشی بەرگریی ئاسیا ڕایگەیاند.



تیمەکانی ئاگرکوژێنەرەوە لە دوای تەقینەوەیەک لە بەندەرێکی نزیک بە بەندەر عەباس، ئێران، لە مانگی نیسانی 2025 کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی لانیکەم 70 کەس و بریندارببوونی سەدان کەسی دیکە، هەوڵی کوژاندنەوەی بڵێسەی ئاگرەکە دەدەن. شرۆڤەکاران تەقینەوەکەیان بە بارکردنی ماددەی پاڵنەر لە چینەوە بەستەوە. گێتی ئیمەجس

تەقینەوەی بەندەر عەباس، مەترسییە پەرەسەندووەکان

لە مانگی نیسانی 2025، تەقینەوەیەکی کوشندە دامەزراوەکانی نزیک بە بەندەری بەندەر عەباسی هەژاند، کە دەروازەی بنچینەیی دەریایی ئێرانە. دەسەڵاتدارانی ئێران هۆکاری تەقینەوەکەیان بۆ ڕووداوێکی پیشەسازی گەڕاندەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە گریمانەکان هۆکارەکەی بۆ تێکدان یاخود مامەڵەکردنی نادروست لەگەڵ ماددە کیمیاییە پاڵنەرەکان دەگەڕێننەوە. شرۆڤەکاران ئاماژە بەوە دەکەن کە بارهەڵگرە تێکشکێنراوەکان پێکهاتەی کیمیایی و پێکهاتەی ئەلیکترۆنییان بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی مووشەک تێدابووە.

وێنەکانی مانگە دەستکردەکان و تۆمارەکانی کەشتیوانی ئاماژەیان بە بوونی کەشتییەکی چینی کرد کە ماوەیەکی کەم بەر لە تەقینەوەکە لە بەندەرەکە لەنگەری گرتبوو، ئەمەش پرسیاری سەبارەت بە سروشت و سەرچاوەی بارەکە و بە هەمان شێوە مەترسی و ئاڵۆزیی تۆڕە لۆژیستییە لەپەکئاڵاوەکان و گواستنەوەکانی پەیوەست بە مووشەکەوە دروستکرد.

پشتیوانیی لۆژیستی وەکو بنچینەی هاوکارییەکانی چین بۆ ئێران دەمێنێتەوە. بە گوێرەی زانیارییەکان، کۆمپانیاکانی کەشتیوانی و گواستنەوەی باری چین لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەندەرەکانیان بۆ گواستنەوەی کەرەستە هەستیارەکان بەکارهێناوە، وە لە ڕێگەی ناساندنی نادروست، کۆمپانیای کارتۆنی و دەرخستەی باری ناڕاستەوە سەرچاوە و شوێنی مەبەستیان شاردووەتەوە.

بۆشایی ئاسمان، یەکتربڕی سەربازی

هەرچەندە ئێران پێداگری دەکات کە بەرنامەی بۆشایی ئاسمانی خۆی ئاشتیانەیە، بەڵام ئەمریکا و هاوپەیمان و هاوبەشەکانی سااڵنێکی زۆرە جەخت لەوە دەکەنەوە کە پەرەپێدانی بارهەڵگری مووشەک هاوێژ (SLV)ـی تاران سەربەککەوتنی تەکنەلۆژیا لەگەڵ توێژینەوەکانی مووشەکی بالیستیی کیشوەربڕ دەخاتەڕوو. شۆڕۆڤەکاران ئاماژە بە سیستەمی پاڵنەری هاوبەش، تەکنەلۆژیای نیشانەپێکان و تەکنیکەکانی قۆناغبەندی دەکەن.

بارهەڵگری مووشەک هاوێژ (SLV)ـی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا لە جڵەوکردنی ئاراستەی پاڵنەر و یەکخستنی فرە قۆناغیدا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە، تواناگەلێک کە پێشکەوتنی مووشەکی سووتەمەنی ڕەق دەخەنەڕوو.

بەگێرەی وێنەکانی مانگی دەستکرد و هەڵسەنگاندنە هەواڵگرییەکان، لە دوای هێرشەکان بۆ سەر ناوەندە ئەتۆمییەکان و مووشەکی بالیستیی ئێران لە مانگی حوزەیرانی 2025 لە میانی ئۆپەراسیۆنی چەکووشی نیوەشەوی ئەمریکا، ئێران بە خێرایی بەشێکی زۆری بەرنامەی مووشەکی بالیستیی خۆی بنیاتنایەوە، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە مانگی شوباتی 2026 ڕایگەیاند. "ئەو جەختکردنەوەیەی کە لەسەر بنیاتنانەوەی بەرنامە مووشەکییەکە ئەنجامدراوە، پێچەوانەی بەرنامە ئەتۆمییەکەیە،" سام لایەر، توێژەری یاریدەدەر لە ناوەندی توێژینەوەکانی جەیمس مارتن بۆ توێژینەوەکانی بڵاونەبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ کە بنکەکەی لە ئەمریکایە، بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاند. ناوبراو ڕایگەیاند پێدەچێت دامەزراوەی تاقیکردنەوەی مووشەکیی شەهرود، کە گەورەترین و نوێترین وێستگەی بەرهەمهێنانی مووشەکی پاڵنەری ڕەقی ئێرانە، لە ماوەی چەند مانگێکدا لە دوای ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2025 بنیات نراوەتەوە.

شوێنپێی بازرگانی، کۆمپانیا پێکەوەبەستراوەکان

ئاسانکاریکردن بۆ بەرنامەی مووشەکی و بارهەڵگری مووشەک هاوێژ (SLV)ـی ئێران پشت بە هەماهەنگیی نێوان تۆڕەکانی کۆمپانیا چینی و ئێرانییەکان دەبەستێت. کۆمپانیا حکومییە چینییەکان و کۆمپانیا تەکنۆلۆژییە تایبەتەکان بەیەکەوە دامەزراوەی هاوبەش و کۆمپانیای کارتۆنیان لە ئێران دامەزراندووە، ئەمەش وایکردووە بتوانن دابینکاریی و گواستنەوەی کەرەستەی هەستیار ئەنجام بدەن. لایەنە ئێرانییەکان، لەوانە ڕێکخراوی پیشەسازییەکانی فڕۆکەوانی و گروپی پیشەسازیی شەهید هەمەت، وەک وەرگری سەرەکی خزمەت دەکەن، وە زۆرجار لە ڕێگەی نێوەندگیرەکانەوە کار بۆ شاردنەوەی ناسنامەی بەکارهێنەری کۆتایی و تێپەڕاندنی سزا ئابووورییەکان دەکەن.

لە ساڵی 2025، شیکارکەرانی ئاسایش زیاتر لە دەیان کۆمپانیای چینییان دەستنیشان کرد کە پەیوەندییان بە هەناردەکردنی کەرەستەی بەکارهێنانی دوو لایەنەوە بۆ بەرهەمهێنەرانی مووشەکی ئێران هەیە. ئەم کۆمپانیایانە زۆرجار لە ڕێگەی ناوچە یاساییە ناڕوونەکانەوە کاردەکەن، کەلێنەکان لە یاساکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکردندا دەقۆزنەوە و بۆ ئاسانکاریکردنی بارکردن سوود لە ژێرخانی یەک پشتێنە و یەک ڕێگا (OBOR)ـی چین وەردەگرن.

بە هەمان شێوە پەیوەندیی نێوان کۆمپانیا چینی و ئێرانییەکان هەوڵەکانی چەسپاندنی سزاکانی ئاڵۆزتر کردووە. کۆمپانیاکانی وزەی چین پشکی بەرچاویان لە

پرۆژەکانی نەوت و غازی ئێراندا هەیە، زۆرجار بۆ دەربازبوون لە سزا ئابووریەکان بە دراوی یوان مامەڵە داراییەکان ئەنجام دەدەن. لە بەرامبەردا، کۆمپانیا بازرگانییەکانی ئێران لە ناوەندە بازرگانییەکانی چیندا فەرمانگە دابینکارییەکان بەڕێوەدەبەن.

لیستی دەستنیشانکردنی سزا ئابووریەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی بەردەوام کۆمپانیا کارتۆنییەکان لە هۆنگ کۆنگ یاخود ناوچە پیشەسازییەکانی ناوخۆی چین کە وەک نێوەندگیر کاردەکەن، دەستنیشان دەکات. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، لە هەندێک حاڵەتدا، هاووڵاتیانی ئێرانی بۆ کڕینی کاڵای کۆنترۆڵکراو، کۆمپانیای کارتۆنیان دامەزراندووە. ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ سیستەمێکی پارەدانی نهێنی ئاشکرا دەکات کە بۆ کڕینی نەوتی خاو لە دەرەوەی سیستەمی دارایی نەریتی، ملیارەها دۆلار لە پەکینەوە بۆ تاران دەگوازێتەوە. بە هەمان شێوە بەگوێرەی دامەزراوەی هەواڵی بلومبێرگ، کۆمپانیا چینییەکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل و کانزا بۆ دەربازبوون لە سیستەمی بانکیی سەرپەرشتیکراو لەلایەن ئەمریکاوە، سیستەمێکی ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ ئێران بەڕێوەدەبەن.

هەروەها کۆمپانیا ئێرانییە پەیوەستەکان بە سوپای پاسداران (IRGC)، بە دیاریکراوی هێزی فرۆکەوانیی ئاسمانی، لە ژێر سەرپەرشتیی کەرتی مەدەنیدا هەوڵی هاوبەشیی تەکنیکیان داوە. سوپای پاسداران (IRGC) بریتییە لە ناوەنی پێکهاتەی مووشەکیی بالیستیی ئێران، وە زۆرێک لە دامەزراوە دابینکارییە سزادراوەکان سەر بەو سوپایەن، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

خۆدزینەوە لە سزاکان، دروستکردنی هەمەچەشنی

چین و ئێران هەردوو لایان لە هەماهەنگییەکانیان سوودمەندن. بۆ ئێران، بەشداریکردنی چین هێڵی ژیانی ئابووری و دەستڕاگەیشتنی تەکنەلۆژی دابین دەکات، کە ساڵانە زیاتر لە 34 ملیار دۆلار لە بازرگانی نا نەوتیش لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پەکین دەبێتە پایەی سەرەکیی ستراتیژیی خۆدزینەوەی ئێران لە سزا ئابووریەکان، شرۆڤەکاران جەخت لەوە دەکەنەوە.

بۆ چین، پێدەچێت هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکان بە بەراورد بە بیروباوەڕ زۆر ستراتیژیتر بێت. ئێران خاوەنی پێگەیەکی زۆر گرنگی جیۆئابووریە لە سەر ڕێڕەوی وزە و ڕێگا دەریاییەکان کە ئاسیا بە ئەورووپا دەبەستێتەوە. سەقامگیری لە هەناردەی وزەی ئێران پشتیوانی لە ئاسایشی درێژخایەنی سەرچاوەکانی چین دەکات.

هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ تاران هاوتەریب لەگەڵ خواستە فراوانەکانی پەکین و لە هەمان کاتدا بواری پێدەدات بەرپرسیارێتی خۆی بۆ بڕەودان بە ناسەقامگیری ناوچەکە ڕەت بکاتەوە. پشتیوانی چین بۆ بەرنامەکانی مووشەکی و بارهەڵگری مووشەک هاوێژ (SLV)ـی ئێران خزمەت بە لاوازکردنی بەرگریی مووشەکیی ئەمریکا و هاوپەیمان و هاوبەشەکانی و کاریگەریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، ئەمەش بەرژەوەندییەکانی وزەی پەکین مسۆگەر دەکات و لە ڕێگەی ژێرخانی یەک پشتێنە و یەک ڕێگا (OBOR) شۆێنپێی جیۆپۆلەتیکی خۆی فراوانتر دەکات. ململانێ بەکڕێگیراوەکان لە ناوچەکە، لەوانەش گرژییەکان لە عێراق، سوریا و یەمەن، بوون بە هۆکاری زیادبوونی خواست لەسەر سیستەمی مووشەکیی پێشکەوتوو و پاڵپشتیی لۆژیستی. دابینکاریی تەکنەلۆژیای مووشەکیی ئێران بۆ گروپە هاوپەیمانەکان، بەشێکی بەهۆی کەرەستە و پسپۆڕیی دابینکراوی چینەوە ئاسانکاری بۆ کراوە. فراوانکردنی ژێرخانی یەک پشتێنە و یەک ڕێگا (OBOR)، لەوانە ناوەندەکانی لۆژیستی، بەندەر و هێڵی ئاسن، وەک پرۆژەی شەمەندەفەری بارهەڵگری قۆم ییوو کە لە ساڵی 2024 خرایە کار، ناوەنەکانی بۆ جوڵەکردنی کاڵای بەکارهێنانی دوو لایەنە دابینکردووە، ئەمەش هەوڵەکانی ئەمریکا و هاوپەیمان و هاوبەشەکانی بۆ قەدەغەکردنی گواستنەوەی نایاسایی سەختتر کردووە.

کاریگەرییەکان بۆ ناوچەی زەریای هیندی و هێمن درێژدەبنەوە، کە تێیدا پەرەسەندنی پەیوەندییە سەربازی و تەکنەلۆژییەکانی چین لەگەڵ ئێراندا لە نیگەرانییە بەرفراوانەکان سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، ناسەقامگیری و کێبڕکێی ستراتیژی بەشداردەبن.

پێشتر بەر لە هێرشەکانی مانگی شوباتی 2026، جبەخانەی مووشەکیی ئێران ئاسۆی ئاسایشیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕیبوو. سیستەمی نیشانەپێکانی ورد توانای تارانی بۆ هەڕەشەکردن لە بنکەکانی ئەمریکا، ژێرخانی وزەی کەنداو و ناوچەی شام بەرز کردبووەوە. لە ڕێگەی تۆڕە بەکڕێگیراوەکانی ئێرانەوە، تەکنەلۆژیای مووشەک و درۆن بۆ دەستی بکەرە نادەوڵەتییەکان بڵاوبووتەوە.

کێبڕکێی ستراتیژی بە ڕێژەیەکی بەرچاوتر لە کاراکردنی ناڕاستەوخۆدا دەردەکەوێت. تێگەیشتن لەو پەیوەندییانە و پەکخستنیان ناوەندی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە و جیهانە، شیکەرەوەکانی بەرگری ئاماژە بەوە دەکەن.

کاریگەرییەکانی ئاسایشی سنوور

بەر لە ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکانی دژ بە ئێران، ئەمریکا و هاوپەیمان و هاوبەشەکانی بە پیکهاتەیەک لە سزا ئابووریەکان، کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردن، هاوبەشێکردنی هەواڵگری و فشاری دیپلۆماسی وەڵامی هەماهەنگییە مووشەکییەکانی چین و ئێرانیان دابووەوە. فراوانکردنی بەئامانجگرتنی ئەو کۆمپانیا چینییانەی کە گومانی ئاسانکاری لە گواستنەوەی نایاساییان لێدەکرێت، لەگەڵ بەهێزکردنی ئۆپەراسیۆنی قەدەغەکردنی دەریایی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام ئەم جۆرە هەوڵانە بەهۆی توانای گونجانی تۆڕەکانی ئاسانکارییەوە تووشی بەربەست دەبن.

دەستپێشخەرییە فرەلایەنەکان، لەوانە دەستپێشخەریی ئاسایشیی بڵاونەکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، کە لە ئێستادا زیاتر لە 20 وڵات لەخۆدەگرێت، وە هێزی ئەرکی کرداریی دارایی، هەوڵیان داوە کەلێنەکان دابخەن و دەستنیشانکردنی باری بەکارهێنانی دوو لایەنە باشتر بکەن. سەرەڕای ئەوەش، یەکخستنی ژێرخانی یەک پشتێنە و یەک ڕێگا (OBOR) و بەکارهێنانی تاکتیکی ئاڵوگۆزی حەشاردانی لۆژیستی ئاڵنگاریی بەردەوام دروست دەکەن. بەرەنگاربوونەوەی پشتیوانییەکانی چین بۆ بەرنامەی مووشەکی ئێران پێویستی بە بەشداریکردنی فرەلایەنەی بەردەوام، داهێنانی تەکنەلۆژی و زیادکردنی شەفافیەت لە زنجیرەکانی دابینکاریی جیهانیدا هەیە، شیکارەکران ئاماژە بەوە دەدەن.

بە هەمان شێوە ئەمریکا نزیکبوونەوەی دیپلۆماسی بۆ هاوبەشە ناوچەییەکان زیاد کردووە، هانی بەرزکردنەوەی ئاسایشی بەندەر، هەماهەنگیی گومرگی و ئاڵوگۆڕی زانیاری دەدات. لە کاتێکدا پەکین بەردەوامە لە لەپێشینەدانانی هاوبەشییە ستراتیژییەکانی خۆی لەگەڵ تاران، هەوڵەکان بۆ هاندانی پابەندبوون لە نێوان کۆمپانیا چینییەکان لە ڕێگەی سزا ئابووریە لاوەکییەکانەوە ئەنجامی ناڕوونی بەرهەمهێناوە.

بە گوێرەی زانیارییەکان، لە ڕێگەی گواستنەوەی تەکنەلۆژیای بەکارهێنانی دوو لایەنە، دابینکاریی پێکهاتەی کیمیایی و نێوەندگیری بازرگانیەوە، تۆڕەکانی پەیوەست بە چین توانای ئێرانیان بۆ جێگیرکردنی سیستەمی مووشەکیی سووتەمەنیی ڕەقی پێشکەوتووتر بەرزکردووەتەوە. ئەم پێشهاتانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و لەسەر هاوسەنگیی ناوچەی زەریای هیندی و هێمن کە پێویستی بە وریایی بەردەوام هەیە، دەرئەنجامی ناڕاستەوخۆیان دەبێت.

ئەگەر گواستنەوەی بەکارهێنانی دوو لایەنە و هەماهەنگییە تەکنەلۆژییە سەربازییەکانی چین یاخود دەوڵەتە شکستخواردووەکانی تر لەگەڵ ئێران بەردەوام بن، ئەوا ئەمریکا و هاوپەیمانان و هاوبەشەکانی پێویستیان بە ڕێبازی پتەو و فرەلایەن، سوود وەرگرتن لە داهێنان و زانیاریی هەواڵگری بۆ پەکخستنی تۆڕە نایاساییەکان، کەمکردنەوەی مەترسییەکانی بڵاوکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژ و بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی ئاسایشیی فراوانتر هەیە. ✦

چاودێریی هەمیشەیی

سەرەڕای کەمبوونەوەی ئاستی قاچاخچێتی بەدرێژایی سنووری سوریا، پاسەوانی سنووری ئەردەن لە ئامادەباشییەکی بەرزدا دەمێننەوە

دەستەی یونیپاس



بەرگریکردن لە سنوورە درێژەکانی وڵاتەکە لەگەڵ سوریا و عێراق، لەنێو سەرەکیترین خەمە ئاسایشییەکانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەندایە. ململانێ ناوخۆییەکان لە وڵاتانی دراوسێدا بوونە هۆی تێکچوونی ئاسایشی سنووریەکان کە لە شێوەی قاچاخچێتی و دزەکردندا ئاڵنگاریی بۆ ئەردەن دروستکرد.

لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەم دواییە لە سوریا، یونیپاس سەبارەت بە دۆخی سنووری نێودەوڵەتییەکانی ئەردەن گفتوگۆی لەگەڵ فەرماندەی پاسەوانی سنووری ئەردەن، عەمید ڕوکن جیهاد حمود ئەل عەدوانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب ئەنجامدا.

یونیپاس: دۆخی ئاسایشی سنووریەکان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا چۆنە؟

عەمید ڕوکن ئەل عەدوان: هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بەردەوام بوون لە گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنە ئاسایشییەکان کە پێشتر بەدرێژایی سنووری ئەردەن و سوریا لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکە دانرابوون، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ناسەقامگیریی دۆخی ئاسایش لە ناوخۆی باشووری سوریا و و شکستی ڕژێم لە سەپاندنی بەڕێوەبردنی تەواو بەسەر سنووری سوریا و ئەردەن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سوریا، ئۆپەراسیۆنەکانی قاچاخچێتی بە سوود وەرگرتن لە هەموو شێواز و ئامرازە بەردەستەکانی وەک مرۆڤ، باڵۆن و درۆن کەمی کرد. ئەم کەمکردنە قاچاخچێتی جۆرەها ماددەی هۆشبەری لەخۆگرتبوو. بە هەمان شێوە قاچاخچێتیی چەک و تەقەمەنی، وە دزەکردنی شانە تیرۆریستییەکانی وەک داعش و میلیشیا چەکدارەکانی تر، بە هۆی لاوزبوونی کاریگەریی میلیشیاکانی ئێران و حیزبوللای

لوبنان که پێشتر به هەماهەنگی لەگەڵ ڕژێمی پێشووی سووریا تۆڕی قاچاخچێتییان بەڕێوەدەبرد، بەرەو نەمان چوو. حکومەتی نوێی سوریا بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی هەوڵی داوە. سەرەڕای ئەوەش ئێمە واز لە چاودێریی وردی خۆمان ناهێنین. ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە ناوچە پەرشوبڵاوەکانی باشووری سوریا، بەگوێرەی تواناکانی خۆی بەردەوامە لە ئەنجامدانی چالاکی.

یونیپاس: چۆن دەتوانن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی وەک عێراق و لوبنان بۆ یارمەتیدان لە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر هەماهەنگی بکەن؟

عەمید ڕوکن ئەل عەدوان: چەندین بژاردە بۆ بەرزکردنەوەی هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ پەکخستنی قاچاخچێتی لەبەردەستدان. ئێمە بۆ ئاشکراکردنی هەر پلانێکی قاچاخچێتی بە شێوەیەکی بەردەوام زانیاریی هەواڵگری ئاڵوگۆڕ دەکەین. زۆرجار ئەمە لە ڕێگەی ئەفسەرانی پەیوەندییەوە ئەنجام دەدرێت. بە هەمان شێوە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە تۆڕەکانی قاچاخچێتی هاوبەشێدەکەین کاتێک ئەندامەکانیان دەستگیردەکەین. هەروەها هەر وڵاتێک بەدرێژایی سەرجەم سنوورەکان هەوڵی بەهێزکردنی سیستەمەکانی ئاسایش دەدات، لە نێوانیاندا چاودێریکردنی ئەلیکترۆنی.

یونیپاس: چ ناوچەیەکی کێشەداری سنوور پێویستی بە چاودێریکردنی زیاتر هەیە؟

عەمید ڕوکن ئەل عەدوان: زۆرێک لە ناوچە کێشەدارەکان بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنەکانی قاچاخچێتی تێدا بەدیدەکرێت لە ناوچەکانی سورياوە، بەدیاریکراوی ناوچە بیابانییەکانی سوریا لە ڕۆژهەڵاتی سنووری ئەردەن کە لە پارێزگای سوەیدەوە هەتا سنووری عێراق درێژدەبێتەوە. ئەمەش ناوچەکانی ئەل حەمەد، ئەل حەرا، ئەل سوریە، ئەل شەعب، تەلول ئەل صفا و ئەل زەلف دەگرێتەوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم ناوچانە هێشتا لە ژێر بەڕێوەبردنی تەواوی حکومەتی نوێی سوریادا نین. لە ئێستادا بەهۆی دزەکردنی هاووڵاتیانی بیانی لە ئەردەنەوە بۆ ناو ئیسرائیل بۆ گەڕان بەدوای کاردا، قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەر لە ئیسرائیلەوە بۆ ئەردەن بە بەکارهێنانی درۆن و هەوڵدان بۆ بەقاچاخبردنی دەمانچەی دەستی لە ئەردەنەوە بۆ ئیسرائیل، سنووری ئەردەن و ئیسرائیل بە ناوچەیەکی کێشەدار دادەنرێت.

یونیپاس: چۆن هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان لە پاراستنی سنووردا پشتیوانیی ئەردەنیان کردووە؟

عەمید ڕوکن ئەل عەدوان: بە پێشکەشکردنی پشتیوانیی هەواڵگری، هەماهەنگیی بەردەوام و ئاڵوگۆڕی زانیاریی پەیوەست بە هەڕەشە ئاسایشییەکانی بەزاندنی سنوور، بەتایبەتی زانیارییەکانی پەیوەست بە چالاکییەکانی داعش، و میلیشیا ئێرانییەکان و تۆڕەکانی قاچاخچێتی لە ناوچەکانی تەنیشت سنووری ئەردەن. سیستەمی ئاسایشی سنوور کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئەردەنەوە بەڕێوەدەبرێت، وەک ئامێری چاودێری، ڕادار و کامێرای شەو و ڕۆژ، لە ئەنجامی پشتیوانیی ڕاستەوخۆی ئەمریکاوە دامەزراوە. بە هەمان شێوە ئەمریکا، بە هاوکاریی کەنەدا، ژێرخانی پاسەوانی سنووری ئەردەنیشی بەهێزتر کردووە، ئەمە ئەگەر باس لە مەشق و خولەکانی بەرزکردنەوەی لێهاتوویی سەربازەکان نەکەم.

یونیپاس: چۆن تەکنەلۆژیای هاوچەرخی هاوشێوەی درۆنەکان و کامێرای پلەی گەرمی شێوازی بەرگریکردنی ئێوەی لە سنووردا گۆڕیووە؟

عەمید ڕوکن ئەل عەدوان: تەکنەلۆژیا هاوچەرخەکان ئەرکی چاودێریکردن و پاراستنی سنووریان هێزە چەکدارەکانی ئاسانتر کردووە. بە شێوەیەکی بەرچاو کات و هەوڵی پێویست کەم دەکەنەوە و پشتبەستن بە هەوڵی مرۆیی بۆ ڕوومالّی ناوچە سنوورییەکان و شوێنهەڵگرتنی قاچاخچییەکان کەم دەکەنەوە. درۆنەکان لە بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتیدا لەڕێگەی دۆزینەوەی قاچاخچییەکان لە ناوخۆی سوریا بەرلەوەی بگەنە سنووری ئەردەن یاخود دیارنەمانیان بەرو ناو "ناوچەی قەدەغەکراو" هاوکاربوون. بەداخەوە، تۆڕەکانی قاچاخچێتیش بە هەمان شێوە تەکنەلۆژیا بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانیان دەقۆزنەوە. بۆ نموونە، ئەوان بەر لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان، درۆن بۆ دەستنیشانکردنی بەشە لاوازەکانی سنوور و پشکنینی کەشوهەوا بەکاردەهێنن.

> حکومەتی نوێی سوریا بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی هەوڵی داوە. سەرەڕای ئەوەش ئێمە واز لە چاودێریی وردی خۆمان ناهێنین. ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە ناوچە پەرشوبڵاوەکانی باشووری سوریا، بەگوێرەی تواناکانی خۆی بەردەوامە لە ئەنجامدانی چالاکی.
>
> **~ عەمید ڕوکن جیهاد حەمود ئەل عەدوان**

یونیپاس: چۆن کارمەند هەڵدەبژێریت و مەشقیان پێدەکەیت؟

عەمید ڕوکن ئەل عەدوان: ئێمە هەمان ئەو پرۆسە پەیڕەو دەکەین کە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بۆ خزمەتی سەربازی بەکاری دەهێنن. سەرجەم کارمەندانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لەسەر ئەو ئامێر، ئامراز و میکانیزمانەی کە بەکاریان دەهێنین، بە هەمان شێوە ئەو ڕێکارانەی کە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا پەیڕەو دەکرێن، ڕاهێنانی تایبەتمەند وەردەگرن. ئەوان بە هەمان شێوە بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان و پەرەپێدانی توانا سەربازییەکانیان، بەشداری لەو خولە جۆراوجۆرانەدا دەکەن کە لە قوتابخانە و پەیمانگاکانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بەڕێوەدەچن. خولی تایبەتمەند لە بواری ئاسایشی سنووریان لە ناوەندی مەشقی ئاسایشی سنووریان بەڕێوەدەچێت. ئەمانە ئاسایشی سنووریان و ڕێگریکردنی نێودەوڵەتی، شوێنهەڵگرتن، ڕێگری لە قاچاخچێتی و پشکنینی ئۆتۆمبێل دەگرێتەوە. هەروەها بەگەڕخەرانی سیستەم و تەکنیکاران بۆ پاراستنی ئەو ئامێرانەی کە لەسەر سنوور بەکاردەهێنرێن ڕاهێنانیان پێدەکرا. دۆزینەوەی ڕاهێنان بۆ پاسەوانانی سنوور لە دەرەوەی ئەردەن بەهۆی کەمی خولی تایبەتمەند کە لە پەیمانگا و قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدرێن سەختتر بووە. زۆربەی ڕاهێنانەکانی دەرەوەی وڵات بۆ تەکنیکارانە. ✦

یەکڕیزی لەسەر کەنداوی عەرەبی

دەستەی یونیپاس | وێنەکان لەلایەن وەزارەتی بەرگریی شانشینی سعودیە



تیمێکی هاوبەشی جڵەوکردنی هێرشی تێرمینالّی فرەنەتەوەیی لە مەشقی ڕمی سەرکەوتن لە دەستنیشاندکردنی ئامانجەکاندا یارمەتی فڕۆکەی جەنگی دەدات.

هێزە ئاسمانییەکان بۆ ئەرکی مەشقی فرەنەتەوەیی ڕمی سەرکەوتن یەکدەگرن

هاوپەیمانییەکی فرەنەتەوەیی هێزە ئاسمانییەکان لە ئەرکێکی مەشقکردندا بۆ بەرگریکردن لە ئاسمانەکان بەسەر کەنداوی عەرەبیدا یەکیانگرت. پانزە وڵات، لە نێویاندا فڕۆکەکانی ئەمریکا، پاکستان، قەتەر، بەڕیتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا، لە مەشقی ڕمی سەرکەوتنی 26ـدا کە لەلایەن سعودیەی وڵاتی میوانداڕەوە سەرکردایەتی کرا، بەشداریان کرد.

ڕمی سەرکەوتن لە کۆتاییەکانی مانگی کانوونی دووەمەوە هەتا سەرەتای مانگی شوباتی 2026 لە ناوەندی جەنگی ئاسمانی لە بنکەی ئاسمانیی شا عەبدولعەزیز لە شاری زەهران، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵات لە نزیک کەنداوی عەرەبی بەردەوام بوو. بەشداربووانی مەشقەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە ئاسمانییەکان کە توانای ناسەقامگیرکردنی ناوچەکەیان هەیە، لە نێویاندا سیستەمی ئاسمانی بێ کارمەند، تاکتیکەکانیان یەکخست.

سعودیە لە ساڵی 2020ـەوە میوانداری مەشقی ڕمی سەرکەوتنی کردووە، بەڵام گەڕی 2026 زۆرترین ژمارەی بەشداربووان و ئەرکی زیاتری لەخۆگرتبوو بە بەراورد بە پێشووو، فەرماندەی مەشقەکان فەریقی یەکەم محەمەد بن عەلی ئەلعومەری لە هێزی ئاسمانیی شاهانەی سعودیە ڕایگەیاند.

”کاتمان بۆ ئامادەکاری بۆ ئەم گەڕەی مەشقی ڕمی سەرکەوتن تەرخان کرد، ئەمەش بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی گەڕەکانی پێشوومان. ئێمە سوودمان لە ئەزموونی خۆمان لە بنیاتنانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ناوچەیی وەرگرت، بە هەمان شێوە لەو وڵاتە زۆرانەی کە بەشداریان لە گەڕەکانی پێشووی مەشقەکەدا کرد،“ لیوا ئەلعومەری ئاماژەی پێدا.

”ئێمە سیناریۆیەکمان پەرەپێدا کە لەگەڵ پێداویستییەکانی جەنگی هاوچەرخ و ئەو هەڕەشە سەرهەڵداوانەی بە خێرایی پەرەدەستێنن، هاوتەریب بێت.“

لە مەشقەکەدا هاوشێوەکردنی ئاڵۆزی بۆ لاساییکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە تاکتیکییە هاوبەشەکان لەخۆگرتبوو. سیناریۆکانی جەنگی ئەلیکترۆنی و کۆمپیوتەری ڕۆڵیان هەبوو، بە هەمان شێوە سیستەمی ئاسمانیی بێ کارمەند کە هاتنی بۆ بەرەکانی شەڕ بەرگریی ئاسمانی نەریتیی پەکخستووە.



فڕۆکەیەکی جەنگیی سعودی لە ڕمی سەرکەوتن لەسەر زەوی بەرز دەبێتەوە.





لە سەرەوە: بەشداربووانی پاکستانی لە مەشقی ڕمی سەرکەوتن لەگەڵ میوانداڕە سعودییەکان لە مەشقەکەدا ڕادەوەستن.

چەپ: فڕۆکەوانە سعودییەکان خۆیان بۆ فڕین ئامادە دەکەن.

ڕمی سەرکەوتن بۆ چڕکردنەوەی ئامادەیی جەنگ و هەماهەنگیی ئۆپەڕاسیۆنەکان بۆ پشتیوانیکردن لە ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی، یارمەتی هێزە بەشداربووەکانی دا. ئۆپەڕاسیۆنەکانی شەو، چاودێریکردن و هەواڵگری و پڕکردنەوەی سووتەمەنی ئاسمانی بەشێک بوون لە تێکەڵەکە.

هێزی ئاسمانیی پاکستان بۆ بەهێزکردنی تواناکانی بۆ هەماهەنگیکردنی ئەرکەکان لەگەڵ وڵاتانی هاوبەش ستایشی مەشقەکەی کرد، و ڕایگەیاند کە هیوادارە "ئامادەیی ئۆپەڕاسیۆنی خۆی لە مەودای شەڕی کێبڕکێدار و پشتیوانیی تەکنەلۆژیدا بچەسپێنێت."

فڕۆکە پاکستانییەکان، کە فڕۆکەکانی F-16ـی پۆلی 52 -لەخۆگرتبوو، ئەرکی مەشقەکەیان بە گەشتێکی بێ وەستان لە بنکەکەیانەوە لە پاکستانەوە بۆ سعودیە دەستپێکرد. ئەمە "دەستڕاگەیشتن بە ئۆپەڕاسیۆنی دوور مەودا و تواناکانی هێزی ئاسمانیی پاکستانی" نیشاندا، بەشی ڕاگەیاندنی سوپای پاکستان ئاماژەی پێدا.

ناوەندی جەنگی ئاسمانی وەک ناوەندێک بۆ مەشقی پێشکەوتووی جەنگی ئاسمانی و بارەگای ئۆپەڕاسیۆنەکانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەندا کاردەکات. لە مانگی نیسانی 2019 لەلایەن خاوەن پایەی شاهانە شازادەی جێنشین محەمەد بن سەلمانەوە وەک یەکەم ناوەندی لەو جۆرە لە ناوچەی کەنداو، کردییەوە. ڕێبازی ناوەندەکەی بریتی بوو لە بنکەی هێزی ئاسمانیی نێڵسی ئەمریکا.


مەشقەکە 15 وڵاتی بەشداربووی لەخۆگرتبوو، هەندێکیان وەک چاودێر: سعودیەی میواندار، بەحرەین، بەنگلادیش، فەڕەنسا، یۆنان، ئیتاڵیا، ئەردەن، مالیزیا، مەغریب، عومان، پاکستان، قەتەڕ، تورکیا، بەڕیتانیا و ئەمریکا.

سەرەڕای ئەوەی مەشقەکە زیاتر تیشکی خستبووە لەسەر ئەرکە ئاسمانییەکان، بەڵام ڕمی سەرکەوتن بۆهەوڵدان بۆ هەماهەنگیکردنێکی بێ کێشە لە نێوان لقە جیاوازەکانی حکومەتدا هێزە ئاسمانی، زەمینی، دەریایی و پشتیوانەکانی یەکخست.

سعودیە لقی زەمینی، ئاسمانی، دەریایی و بەرگریی ئاسمانی خۆی بەشداری پێکرد، ئەمە جگە لە پاسەوانی نیشتمانی، سەرۆکایەتی ئاسایشی دەوڵەت و فەرماندەیی سەربازیی یەکگرتووی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو. ✦

سەرچاوەکان: پەیوەندییە گشتییەکانی نێو دەزگایی (پاکستان)، ئەلعەرەبیە، وەزارەتی بەرگریی شانشینی سعودیە


QA421



وێنەی مانگی دەستکردی چین هاوکاریی هێرشەکانی ئێران دەکات لە کەنداوی عەرەبی

دەستەی یونیپاس

چین بە کۆکردنەوە و هاوبەشپێکردنی وێنەی مانگی دەستکرد لەگەڵ ئێران بۆ بەئامانجگرتنی ژێرخانی مەدەنی لە ناوچەی ناوەڕاست و سامانی سەربازیی ئەمریکا لە کەنداوی عەرەبی تۆمەتبارکراوە.

پەکین ئەمە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام بە وتەی شارەزایان کە لە هەواڵەکانی کەناڵی ئەلجەزیرە وەرگیراون ئاماژە بەوە دەکەن کە زیادبوونی وردیی بەئامانجگرتنی ئێران لە دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی توڕەیی ئەفسانەیی لە 28ـی مانگی شوبات ئەوە نیشان دەدات کە بەشداریکردنی چنییەکان کاریگەریی چەکەکانی ئێرانی زیادکردووە. کەناڵە پەیوەندیدارەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی زانیاریی وردیان سەبارەت بە هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا و کۆکردنەوەی فڕۆکەکان لە ئیسرائیل، قەتەڕ و سعودیە بڵاوکردووەتەوە، کە پێدەچێت هۆشیاریی دوژمنانی باشتر کردبێت.

وێنەکانی ناوچەکانی جێ ململانێی مانگی دەستکردی چین لە سەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی توڕەیی ئەفسانەیی پەڕەی سەندووە، ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ بڵاویکردەوە. ئەمەش بانگەشەی کۆمپانیای میزارڤیژن (MizarVision)ـی ژیریی دەستکردی چینی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، کە ژیریی دەستکردنی بۆ شیکردنەوەی داتای مانگی دەستکرد و بەدواداچوونی جوڵەی هێز و ئامێرەکانی ئەمریکا بەکارهێناوە.

سیاسەتمەدارانی ئەمریکی هۆشداریاندا سەبارەت بەوەی کە ڕەنگە هێزەکانی

کۆمپانیای میزارڤیژنی چینی وێنەیەکی مانگی دەستکردی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی کوەیت کە تیشکی خستبووە سەر هێرشەکانی ئێران، بڵاوکردەوە. X@MIZARVISION

ئێران لە چەندین سەرچاوەوە پشت بە داتای مانگی دەستکردی بازرگانی ببەستن، ڕۆژنامەکە ئاماژەی پێداوە. بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەکارهێنانی داتا بازرگانییەکان بواری ڕەتکردنەوەی بەرپرسیارێتی دابین دەکات.

سەرهەڵدانی وێنەی مانگی دەستکردی بازرگانی، بووە هۆی ئەوەی کە جۆرێک لە زانیاریی سەنگەرەکان بخاتە بەردەستی خەڵک کە پێشتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی سەربازی و هەواڵگریی وڵاتان زۆر پاریزراوبوو. لە مانگی نیساندا، لە دوای ئەوەی سوپای ئەمریکا نیگەرانیی خۆی دەربڕی لەوەی کە دەکرێت ئەمە "باڵادەستی تاکتیکی" بۆ نەیاران دابینبکات، تاقیگەی پلانێت لابس کە بنکەکەی لە کالیفۆرنیایە و لە بوارەکەدا پێشەنگە، دابینکردنی وێنەیی لە ناوچە جێ ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ خەڵک وەستاند. کۆمپانیاکانی مانگی دەستکردی چین لە ژێر هیچ سنووردارییەکی لەم جۆرە کار ناکەن.

جگە لەوەش، لیژنەی پێداچوونەوەی ئابووری و ئاسایشی ئەمریکا و چین، کە دەزگایەکی ڕاوێژکاریی کۆنگرێسی ئەمریکایە، لە مانگی ئازاردا ڕایگەیاندبوو کە ڕەنگە ئێران دەستڕاگەیشتنی بە سیستەمی جوڵەپێکردنی مانگی دەستکردی بێیدۆوی



وێنەیەکی مانگی دەستکرد کە لەلایەن کۆمپانیایەکی چینییەوە بڵاوکراوەتەوە، دیمەنی هێرشی ئێران بۆ سەر بەندەری جەبەل عەلی دوبەی نیشان دەدات. ڕەخنەگران پەکین بە بڵاوکردنەوەی داتای مانگی دەستکرد کە یارمەتی ئێران دەدات لە شوێنەکانی وەک ئیمارات ژێرخانی مەدەنی بکاتە ئامانج، تۆمەتبار دەکەن. X@MIZARVISION



فڕۆکەیەکی F/A-18E Super Hornet لە میانی ئۆپەراسیۆنی تورەیی ئەفسانەیی لەسەر کەشتیی فڕۆکەهەڵگری Gerald R. Fordـی ئەمریکی دەنیشێتەوە. کەشتییە فڕۆکە هەڵگرەکە لەنێوان ئەو هێزانەی ئەمریکادایە کە کۆمپانیا چینییەکان بەدواداچوونیان بۆ کردبوو. هێزی دەریایی ئەمریکا لەڕێگەی ئەسۆشەبتد پرێسەوە

حزبی کۆمۆنیستی چینی بۆ ئاڕاستەکردنی هێرشە درۆنی و مووشەکییەکان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاربهێنێت. بێیدۆو بریتییە لە وەشانی چینیی هاوشێوەی جی پی ئێس (GPS)ـی ئەمریکی کاردەکات.

دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی هێرشی درۆن و مووشەکیی ئێرانیان بە پێشێلکردنی تووندی سەروەری خۆیان ناوبرد. بۆ هەماهەنگیی وەڵامدانەوە بۆ ئەم هێرشە چاوەڕوان نەکراوانە، سەرکردەکانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەندا لە 28ـی مانگی نیسان لە شاری جەددە، سعودیە، لوتکەیەکیان ئەنجامدا.

ئەوان "جەختیان لەسەر گرنگی چڕکردنەوەی یەکخستنی سەربازی لە نێوان وڵاتانی ئەندام و خێراکردنی تەواوکردنی پڕۆژەی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لە دژی موشەکی بالیستی کردەوە"، سکرتێری گشتیی ئەنجومەنی هاوکاریی کەندا (GCC) جاسم ئەلبەدەوی ڕایگەیاند.

هەتا مانگی ئابی 2024، کۆمپانیاکانی مانگی دەستکردی بازرگانیی چین بەشداریان لە ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی لەگەڵ سوپای پاسدارانی شۆڕشگێڕیی ئیسلامیی ئێراندا ئەنجام داوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی ساڵانەی ساڵی 2025ـی وەزارەتی جەنگی ئەمریکا بۆ کۆنگرێس.

گومانەکان سەبارەت بە پشتیوانیی چین بۆ ئێران لە کاتێکدایە کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا ئەو نیشانانە بەدی دەکەن کە ڕووسیا هەواڵگریی مانگی دەستکردی بۆ یارمەتیدان لە بەئامانجگرتنی ئەمریکا و هاوبەشەکانی بۆ سوپای ئێران دابین کردووە.

چین کڕیاری سەرەکیی نەوتی ئێرانە و هاوبەشی بازرگانیی ژمارە یەکی وڵاتەکەیە. کاریگەریی خۆی بۆ هاندانی ئێران بۆ سەر مێزی دانوستان بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێی بەردەوام بەکارهێناوە، ئەسۆشەبتد پرێس ڕایگەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرنامەی مووشەکی بالیستیی ئێران کە لە ڕۆژانی سەرەتای ئۆپەراسیۆنی تورەیی ئەفسانەییدا لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەدان هێرشی ئەنجامدا، بە تەکنەلۆژیای چینی دروستکراوە، حکومەتی ئەمریکا ڕایگەیاندووە.

لەناوبردن یاخود لاوازکردنی بەرنامەی مووشەکی بالیستی یەکێک بوو لە ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنی تورەیی ئەفسانەیی. بڵاوکراوەیەکی هەواڵیی ئەمریکا لە 8ـی مانگی نیساندا ئاماژەی بەوەکردووە کە زیاتر لە 85%ـی بنکەی پیشەسازیی بەرگریی ئێران، لە نێوانیدا زۆربەی موشەکە بالیستییەکان، بارهەڵگری مووشەک هاوێژ و درۆنی هێرشبەری دوور مەودا، لەناوبراون. لە لیستی زیانە بەرکەوتووەکانی ڕۆژانی سەرەتای ماوەی ئۆپەراسیۆنەکە، بەیاننامە هەواڵییەکە بە هەمان شێوە ئاماژەی بەوە کردووە، "بەرنامەی بۆشایی ئاسمانی ئێران کە پێشتر شانازی پێوەدەکرد، وێران کراوە. لەسەدا حەفتای دامەزراوە مووشەک هاوێژ و وێستگەکانی بەڕێوەبردنی زەمینی خاپوورکراون یاخود لاوازکراون، ئەمەش وایکردووە ڕژێم بۆشایی ئاسمان بۆ مەبەستی سەربازی بەکاربهێنێت."

بەگشتی، پەیوەندیی سەربازیی چین لەگەڵ ئێران تیشکی خستووتە سەر مەشقی دەریایی سێ لایەنەی ساڵانە لەگەڵ ڕووسیا، مەشقی سەربازیی دوولایەنەی سنووردار و فڕۆشتنی پێکهاتەکانی بەکارهێنانی دوو لایەنە بۆ بەرنامەکانی مووشەکی بالیستی و درۆنی ئێران لەلایەن کۆمپانیا چینییەکانەوە، بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی پێشکەش بە کۆنگرێسی ئەمریکا کرا. نزیکەی هەر دوو ساڵ جارێک، وەزیرانی بەرگری ئەو دوو وڵاتە سەردانی وڵاتی بەرامبەر دەکەن، بەڵام پێدەچێت پەکین "لە ترسی کاردانەوەی دیپلۆماسی و سزا ئابووریەکان،" ئامادە نەبێت پەیوەندییە بەرگرییە بێگەردەکان قووڵ بکاتەوە، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات. ✦

شمشێری ئاسایشی بەحرەین

پلانی ئاسایشی نیشتمانیی یەکخراوی شانشینەکە لە میانی هێرشە ئاسمانییەکانی ئێراندا خۆڕاگری دەچەسپێنێت

عەقید (خانەنشین) د. خالید محەمەد ئەل قەحتانی، بەحرەین

لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە لە کۆتایی مانگی شوباتی 2026 هێرشی ئاسمانیی چڕی بەخۆیەوە بینی، وەڵامی هێزی بەرگریی بەحرەین (BDF) نموونەیی بوو.

ڕێگریی لە چەندین ئامانجی دوژمن کرد و تێکیانی شکاند، لەوانە موشەکی بالیستی، موشەکی کروز و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بێ تەل (UAV)، بەڕادەیەک بە گوێرەی خەملاندنە مەیدانییەکان کە لە میانی قەیرانەکەدا ڕاگەیەندرا، ڕێژەی ڕێگریکردن لەسەدا 96ـی تێپەڕاند.

سەرکەوتنی بەحرەین بە تەنیا لە ئەنجامی باڵادەستیی تەکنەلۆژی لە سیستەمی بەرگریی ئاسمانیدا نەبوو. بەڵکو ڕەنگدانەوەی کاریگەریی پێکهاتەیەکی فراوانتری ئاسایشی نیشتمانی بوو کە ڕێگریکردنی سەربازی، هەماهەنگیی ئاسایشی ناوخۆ و خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی یەکدەخات.

بەحرەین ئەم چوارچێوەی کاری یەکخراوە بە تیۆری شمشێری ئاسایش ناودەبات.

پێناسەکردنی تیۆرەکە

تیۆری شمشێری ئاسایش باس لە چەمکێکی بەرگریی نیشتمانیی گشتگیر دەکات کە تێیدا دەسەڵاتی سەربازی، هەماهەنگیی دامەزراوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی وەک سیستەمێکی ستراتیژیی یەکگرتووی بەهێز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە ئاڵۆزە هاوچەرخەکان کاردەکەن.

بە پێچەوانەی چەمکەکانی ئاسایشی نەریتی کە گرنگی بە توانای سەنگەرەکان دەدەن، شمشێری ئاسایش لەوە تێدەگات کە ململانێی هاوچەرخ لە یەک کاتدا لە سەرانسەری بوارەکانی سەربازی، دامەزراوەیی و دەروونیدا کاردەکات.

چەمکەکە بەرگری نیشتمانی وەک شمشێرێکی پێکهاتوو لە دوو بەشی بنەڕەتی نیشان دەدات:

- **نووک:** ڕێگریی سەربازی و توانای تەکنەلۆژی بۆ ڕێگریکردن و لەناوبردنی هەڕەشە دەرەکییەکان.
- **دەسک:** هەماهەنگیی ئاسایشی ناوخۆیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی کە لە کاتی قەیرانەکاندا سەقامگیریی نیشتمانی دەپارێزن.

کاتێک ئەم دوو لایەنە بەیەکەوە کاردەکەن، دەوڵەت نەک تەنها توانای بەرگریکردن لە خاکەکەی دەبێت بەڵکو توانای پاراستنی خۆڕاگریی ناوخۆی بەرامبەر بە جەنگی دەروونی و زانیاری دەبێت.

هێرشی ئێران

لە کاتژمێرەکانی سەرەتای 28ـی مانگی شوباتی 2026، لە چوارچێوەی پەرەسەندنێکی بەرفراوانتری ناوچەیی کە چەندین دەوڵەتی کەنداوی عەرەبی کردە ئامانج، ئێران هێرشێکی ئاسمانیی بەرفراوانی بۆ سەر شانشینی بەحرەین دەستپێکرد. هێرشەکە چەندین سەکۆی لێدانی لەخۆگرتبوو، لەوانە مووشەکی بالیستی



درۆنێکی ئێرانیی ڕێگریلێکراو بەسەر تاوەرەکانی بەندەری دارایی بەحرەین لە مەنامە پارچەپارچە دەبێت. ڕۆیتەرز

زەمین بۆ زەمین، بەتایبەتی جۆرەکانی شەهاب و قادر؛ موشەکی کروزی ئاسمانی و دەریایی؛ و ڕەوی کاماکازیی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بێ تەل (UAV)ـی وەک شەهید 131 و شەهید 136.

دەرکەوت ئامانجەکان بریتیین لە ژێرخانی ستراتیژیی وەک وێستگەی کارەبا، دامەزراوەی سەربازی، ناوچەی نیشتەجێبوون و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەحرەین.

سەرەڕای قەبارە و ئاڵۆزیی هێرشەکە، دامەزراوەی سەربازیی بەحرەین ئاستێکی بەرزی ئامادەکاریی نیشان دا. هێزی بەرگریی بەحرەین (BDF) سیستمێکی بەرگریی ئاسمانیی فرە چینی دامەزراند کە لە توانایدایە لە بەرزایی و مەودا جیاوازەکاندا ڕێگری لە هەڕەشەکان بکات.

بەیاننامە فەرمییەکانی فەرماندەیی گشتی پشتڕاستیان کردەوە کە بە درێژایی قەیرانەکە هەموو سیستەمەکانی بەرگری لەوپەڕی ئامادەباشی کارکردندا ماونەتەوە.

سێگۆشەی یەکخراوی ئاسایشی

لایەنێکی سەرەکیی ئۆپەراسیۆنیی تیۆری شمشێری ئاسایش بریتییە لە هەماهەنگیی دامەزراوەیی نێوان دەزگاکانی ئاسایشی نیشتمانی.

وەڵامی بەحرەین کاریگەری ئەوەی نیشاندا کە دەتوانرێت بە سێگۆشەی ئاسایش پێناسە بکرێت، کە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

- **هێزی بەرگریی بەحرەین:** بەرپرسە لە ئۆپەراسیۆنەکانی بەرگریی دەرەکی و بەرگریی ئاسمانی
- **وەزارەتی ناوخۆ:** بەرپرسە لە پاراستنی مەدەنی و ئاسایشی ناوخۆ
- **پاسەوانی نیشتمانیی بەحرەین:** بەرپرسە لە پاراستنی ژێرخانی ستراتیژیی نیشتمانی

ئەم هەماهەنگییە یەکخراوە وای لە دەوڵەت کرد لە یەک کاتدا بەرگری لە ئاسمانی خۆی بکات، خەڵکی مەدەنی بپارێزێت و پارێزگاریی لە ژێرخانی گرنگ بکات.

وەزارەتی ناوخۆ ڕێوشوێنی فریاگوزاریی پاراستنی مەدەنی چالاک کرد، ناوچە زیانلێکەوتووەکانی وەک جوفەیری سەقامگیرکرد، وە لە ڕێگەی ڕێکارەکانی بەڕێوەبردنی قەیرانەکانەوە سەلامەتیی دانیشتووانی دەستەبەر کرد.

دامەزراوە حکومییەکانی تریش ڕێوشوێنی خۆپارێزییان گرتەبەر. سیاسەتەکانی کارکردن و فێربوون لە دووڕەوە بۆ کەمکردنەوەی بەرکەوتنی هاوڵاتیانی مەدەنی جێبەجێکرا، هاوکات وەزارەتی دەرەوە ئامۆژگاریی هاوڵاتیانی بەحرەینی لە ئێران کرد وڵاتەکە بەر لە پەرەسەندنی ململانێکە جێبهێڵن.

جەنگی دەروونی و ئۆپەراسیۆنی زانیاری

جەنگی هاوچەرخ بەشێوەی زیاتر هێرشی جوڵاو لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی دەروونی و زانیاری کە بۆ ناسەقامگیرکردنی کۆمەڵگا بەئامانجکراوەکان داڕێژراون، ئاوێتە دەکات.

زۆرجار هێرشی مووشەکی و هێرشی درۆن لەگەڵ هەڵمەتەکانی زانیاریی ناڕاست کە مەبەست لێیان گەورەکردنی ترس، لاوازکردنی متمانە بە دامەزراوەکان و دروستکردنی بۆچوونی لاوازیی دەوڵەتە، یەکدەخرێن.

نەیاران بە شێوەیەکی بەردەوام چەندین تاکتیکی دەروونی بەکاردەهێنن:

- **گەورەکردنی ترس** لە ڕێگەی ڕاپۆرتی زیادەڕۆییکردن سەبارەت بە وێرانکاری یاخود قوربانییەکان



ئاگرکوژێنەرەوەکانی بەحرەین لە ناوچەی پیشەسازیی مەعمیر وەڵامی هێرشێکی ئێران دەدەنەوە. وەزارەتی ناوخۆی بەحرەین

- **بێ متمانەکردنی دامەزراوەکان** لە ڕێگەی وێناکردنی دامەزراوەکانی حکومەت وەک بێتوانا لە پاراستنی هاوڵاتیان
- **هەڵگێڕانەوەی چیرۆک**، بە ناساندنی دەستدرێژکاران وەک قوربانی و قوربانییەکان وەک دەستدرێژکار
- **لێشاوی زانیاری**، بە پڕکردنی سەکۆ دیجیتاڵییەکان بە وێنەی دەستکاریکراو و ڕاپۆرتی پشتڕاست نەکراوە

ئامانجی ستراتیژیی ئەم ئۆپەراسیۆنانە لەناوبردنی فیزیکی نییە، بەڵکو پەکخستنی دەروونییە لەناوخۆی کۆمەڵگەی بەئامانجکراو.

یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی وەک بەرگرییەک

ئەزموونی بەحرەین ئەوە نیشان دەدات کە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دەتوانێت وەک چینێکی بەرگریی گرنگ دژ بە جەنگی دەروونی کار بکات. لە کاتی قەیرانەکەدا سێ هۆکار لە پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵگادا گرنگیی یەکلایکەرەوەی خۆیان سەلماند.

متمانەی دامەزراوەیی: پەیوەندیی دەستبەجێ لەلایەن هێزی بەرگریی بەحرەین و وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی دەنگۆ و زانیاریی هەڵە یارمەتیدەر بوو. زانیاریی نوێی شەفاف متمانەی گشتیی بە توانای دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکە بەهێزتر کرد.

هۆشیاریی گشتی: هۆشیاریی گشتی سەبارەت بە مەترسییەکانی زانیاریی هەڵە، کاریگەریی هەڵمەتەکانی زانیاریی دوژمنی کەمکردەوە. هاوڵاتیان پشتیان بە ناوەندە فەرمییەکانی پەیوەندیکردن بەستبوو نەک ڕاپۆرتە پشتڕاست نەکراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

یەکڕیزیی نیشتمانی: هێرشەکان لەبری ئەوەی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی بەرهەم بهێنن، هاوەدەنگیی نیشتمانییان بەهێزتر کرد. لە ماوەی قەیرانەکەدا، دانیشتووان خۆڕاگری و پابەندبوونیان نیشان دا، ئەمەش سەقامگیریی بەرەی ناوخۆی بەهێزتر کرد.

ئەم دیاردەیە بنەمایەکی سەرەکیی جەنگی دەروونی دەخاتە ڕوو: کاتێک یەکگرتوویی نیشتمانی بە بەهێزی بمێنێتەوە، ئەوا زۆربەی کات ئۆپەراسیۆنەکانی زانیاریی نەیاران لە بەدەستهێنانی ئەو کاریگەرییانەی مەبەستیان بووە، شکست دەهێنن.

ڕەهەندی مرۆڤایەتی

لە دەرەوەی توانای تەکنەلۆژی، هێزی بەرگریی بەحرەین پیشەییبوون و وریایی ناوازەی نیشان دا.

کارمەندانی بەرگریی ئاسمانی لە میانی چەندین ڕۆژی چالاکیی بەرگریی بەردەوامدا، ئامادەیی بەردەوامی ئۆپەراسیۆنییان پاراست. ئەدای کارکردنیان بنەمایەکی بنەڕەتیی ستراتیژی سەربازی نیشان دەدات: تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو تەنها کاتێک کاریگەرە کە لەلایەن کارمەندانی پابەندبوو و تەواو مەشقپێکراوەوە پشتیوانی بکرێت.

بەم تێگەیشتە، بەرگریکارانی بەحرەین نوێنەرایەتیی زیاتر لە هێزێکی سەربازی دەکەن. ئەوان لە ماوەی قەیرانەکاندا بۆ پاراستنی میللەت، وریایی و ئیرادەی پێویستیان بەرجەستە دەکرد.



مەشقی نێوان هێزی دەریایی شاهانەی بەحرەین و هێزی دەریایی ئەمریکا، هاوشێوەی ئەم مانۆڕە لە مەشقی دەریایی نێودەوڵەتی، هاوبەشەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ئێستای کەنداوی عەرەبی ئامادە کرد.

فەرماندەیی ناوەندیی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا

وانە ستراتیژییەکان

وەڵامدانەوەی هێرشەکانی ئەم دواییەی بەحرەین جەخت لەسەر چەندین وانەی سەرەکی دەکاتەوە بۆ چەمکی بەرگریی نیشتمانیی هاوچەرخ:

1. تەکنەلۆژیا ناتوانێت بە تەنیا ئاسایش دەستەبەرکات.
2. دەبێت سیستەمی سەربازی لە چوارچێوەیەکی کاری نیشتمانیی یەکگرتوودا کاربکات.
3. هەماهەنگیی دامەزراوەیی کاریگەریی بەرگری چەند هێندە دەکات.
4. کاتێک هێزەکانی بەرگری، دامەزراوەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دەسەڵاتە مەدەنییەکان پێکەوە کاردەکەن، ئەوا بە شێوەیەکی بەرچاو خۆڕاگریی نیشتمانی زیاد دەکات.
5. تەبایی کۆمەڵایەتی بریتییە لە سەرمایەیەکی ستراتیژی.
6. زۆرجار ململانێ هاوچەرخەکان هێندەی ژێرخانی جەستەیی، سەقامگیریی دەروونی دەکەنە ئامانج.

دەرەنجام

ئەو سەرکەوتنە بەرگرییەی شانشینی بەحرەین لە ماوەی قەیرانی مانگی شوباتی 2026ـدا بەدەستی هێنا، بەڕێکەوت نەبوو. بەڵکو ڕەنگدانەوەی دەرەنجامی ڕوانگەیەکی ستراتیژیی دریژخایەنە کە گرنگی بە بنیاتنانی هێزێکی سەربازی هاوچەرخ دەدات کە لەلایەن دامەزراوەی بەهێز و کۆمەڵگەیەکی تەباوە پشتیوانی دەکرێت.

تیۆری شمشێری ئاسایش چوارچێوەیەکی چەمکیی بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەگریکردنی دەوڵەتان لە بەرامبەر هەڕەشەی ئاسمانیی ئاڵۆز و ئاوێتەدا دابین دەکات. لەم شێوازەدا، بەرگریی نیشتمانی نەک تەنها لە ڕێگەی توانای سەربازییەوە بەڵکو بە هەمان شێوە لە ڕێگەی هەماهەنگیی دامەزراوەیی و خۆڕاگریی کۆمەڵایەتیشەوە دروست دەبێت.

شمشێری بەرگریی نیشتمانی لە دوو بەشی جیانەکراوە پێکهاتووە: نووکێکی سەربازیی تیژ کە توانای وەستاندنی شەڕانگێزی هەیە و دەسکێکی خۆڕاگری کۆمەڵایەتی کە سەقامگیریی خودی میللەت دەپارێزێت. ✦


GRAND STA
عمر محمد الخريشا

دەستێکی هاوکاریی مرۆیی

هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکان لە غەززە سنووردار دەبن

عەمید پووکن مستەفا ئەلحەیاری، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی سەربازی، هێزە چەکدارەکانی ئەردەن

لە یەکێک لە ئاڵۆزترین قەیرانە مرۆییەکانی سەردەمی هاوچەرخ، شانشینی هاشمیی ئەردەن کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەبەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، وەک یەکێک لە نموونە هەرە دیارەکانی وەڵامدانەوەی ڕێکخراو و بەردەوام بۆ پشتیوانیکردن لە هاوڵاتیانی مەدەنی لە غەززە دەرکەوتووە.

لە ژێر ڕێنمایی ڕاستەوخۆی خاوەن شکۆ پاشا عەبدوڵڵای دووەم بن ئەل حوسەین، فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکان، سەربازانی ئەردەن لەسەر بنەمای ڕێبازێکی مرۆیی تەواو دامەزراو، شکۆی مرۆڤیان لە پێشینە داناوە. ئەم پایە بنەڕەتییەی سیاسەتی ئەردەن ئەوە دووپاتەدەکاتەوە کە پاراستنی خەڵکی مەدەنی و کەمکردنەوەی ئازارەکانیان بەرپرسیارێتییەکی ئاکارییە کە ناچێتە ژێر ڕەچاوکردنی سیاسی و جوگرافییەوە.

هێزە چەکدارەکانی ئەردەن نەخۆشخانەیەکی مەیدانی بە توانای 41 قەرەوێڵە و 41 ئامێری ئینکوبەیتەری بۆ منداڵانی تازە لەدایک بوو لە خان یونس لە باشووری غەززە دامەزراند. بە هەمان شێوە نەخۆشخانەکە جۆرەها نۆڕینگە لەخۆدەگرێت کە لەلایەن دەستەی پزیشکی تایبەتمەندی سەر بە خزمەتگوزارییە پزیشکییەکانی شاهانەوە بەڕێوەدەبرێن. لە سەرەتای جەنگەکەوە، دوو نەخۆشخانەی مەیدانیی ئەردەن لە غەززە نزیکەی 879,000 حاڵەتیان چارەسەر کردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی قەبارەی دەستێوەردانی پزیشکی ئەردەنە.

هێزە چەکدارەکانی ئەردەن وەک بەشێک لە دەستێشخەریی "گەڕاندنەوەی هیوا" دوو نۆرینگەی گەڕۆکی تەواو ئامێربەنکراویان دابینکرد، کە لەلایەن تیمێکی پزیشکی لە ناوەندی نیشتمانی بۆ ڕاهێنانەوەی پەل پەڕیوەکان، یاوەریکران. نزیکەی 770 پەلی دەستکردی سەرەوە و خوارەوە بۆ بریندارانی غەززە دانران. ئەمەش گۆڕانکاری لە پشتیوانی نیشاندەدات لە هاوکاریی فریاگوزاریەوە بۆ ڕاهێنانەوە و ئاوێتەکردنەوەی ماوە درێژ.

بە هەمان شێوە دەستێشخەریی ڕێڕەوی پزیشکیی ئەردەن دڵنیاییدا لە چۆڵکردنی پزیشکی 1,807 هاوڵاتی لە غەززەوە بۆ نەخۆشخانەکانی ئەردەن، کە لە 519 نەخۆش پێکهاتبوون و لەلایەن 1,288 ئەندامانی خێزانەکانیان یاوەری کران.

بۆ زاڵبوون بەسەر سەختییەکانی گەیشتن بە غەززە لە ڕێگەی ڕێڕەوە زەمینییەکانەوە، هێزە چەکدارەکانی ئەردەن چەندین ستراتیژیان بۆ گەیاندنی هاوکاری گرتەبەر، دیارترینیان ئەنجامدانی 564 خستنەخوارەی ئاسمانیی سەبەتەی خۆراک، پێداویستی پزیشکی و فریاگوزاری بوو لە سەرانسەری غەززە. لەو ژمارەیەش، 400 دانەیان وەک ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی دۆست ئەنجامدران و 164 دانەیان بە تەنها لە لایەن ئەردەنەوە ئەنجامدران. بە هەمان شێوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی خێرخوازیی هاشمیی ئەردەن و وەزارەتی کاروباری دەرەوە و بیانیەکان، هێزە چەکدارەکان ئۆپەراسیۆنێکی گواستنەوەی ئاسمانییان لە فڕۆکەخانەی سەربازیی مارکاوە ئەنجامدا، کە تێیدا 102 فڕۆکە ڕاستەوخۆ بەرەو غەززە گەشتیان کرد. 53 فڕۆکەی تر، کە نزیکەی 125 تەن هاوکاریی مرۆیی، دەرمانی بەپەڵە و شیری منداڵانیان هەڵگرتبوو، بەرەو فڕۆکەخانەی ئەل عەریش لە میسر گەشتیان کرد.

هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشەکانیدا لە ڕێگەی دەروازە زەمینییەکانەوە 201 کاروانی هاوکاریان ڕەوانەکرد. ئەمانە پێکهاتبوون لە 8,664 بارهەڵگر پڕکراو لە 111,361 تەن خۆراک، پێداویستی پزیشکی و شوێنی حەوانەوەی سەرەتایی، کە ڕاستەوخۆ بەشداریان لە کەمکردنەوەی ئازارەکانی دانیشتوانی غەززەدا کرد.

هاوکارییەکانی ئەردەن بە تەنها سنووردار نییە بە هەوڵەکانی فریاگوزاریی ڕاستەوخۆ. دیپلۆماتکارانی ئەردەن لە سەکۆ نێودەوڵەتییەکاندا جەختیان لەسەر دۆسیەی فریاگوزاری فەڵەستین کردووەتەوە. ئەوان داوای وەستاندنی پێشێلکارییە مرۆییەکانیان کردووە و مافی چارەی خۆنووسینی گەلی فەڵەستین و ڕێگەچارەیەکیان بۆ بەدەوڵەتبوون بەرەوپێش بردووە. ئەم ڕێبازە دڵنیای دەدات لەوەی کە کارە مرۆییەکانی ئەردەن و هەڵوێستە سیاسییەکەی هاوتەریبن.

بە هەمان شێوە ئەم نیشاندەرانە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ڕۆڵی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لە غەززەدا کاتی یاخود هەلومەرجی نەبووە، بەڵکو بگرە درێژکراوەی سیاسەتی مرۆیی تەواو دامەزراو بووە لەسەر ڕێنماییە شاهانەییەکان و ئەو بەهایانەی دەوڵەتی ئەردەنی لەسەر دامەزراوە.

لەبەر تیشکی ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی بۆ ململانێکان دەبنەوە، ئەزموونی ئەردەن وەک ڕێبازێکی فریاگوزاری مرۆیی ڕێکخراو دەرکەوتووە. ئەمە پابەندبوونی شانشینەکە بە بنەما مرۆییەکان و توانای بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی چالاکانە کە سنوورە جوگرافییەکان تێدەپەڕێنێت و بەهاکانی هاوەدەنگی و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی بەرەوپێش دەبات، پشتڕاست دەکاتەوە. ✦

▶ **منداڵێکی نەخۆش بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی دەگاتە ئەردەن.** گێتی ئیمەیجس



مێژوویەک لە هەماهەنگی

هاوبەشیی سەربازیی نێوان کازاخستان و ئەمریکا نموونەیەک بووە بۆ ئاسیای ناوەڕاست

عەقیدی هێزی دەریایی (خانەنشین) عەزمەت مورزابێکۆڤ، هێزی دەریایی کازاخستان، نوێنەری باڵای پێشووی وەزارەتی بەرگریی کۆماری کازاخستان لە فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا



لە چوارچێوەی پەرەسەندنی گێژاوی جیۆپۆلەتیکی، گۆڕانی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان و ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی، گرنگە مێژووی هەماهەنگییەکانی نێوان ئەمریکا و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، بەتایبەتی لەگەڵ کۆماری کازاخستان لەیاد نەکەین.

کازاخستان یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو وڵاتانەی جیهانی دوای سۆڤیەت کە هەماهەنگیی سەربازیی حکومییان لەگەڵ ئەمریکادا دەستپێکرد، هۆکاری ئەمەش پەیوەندیکردنی کازاخستان بوو بە بەرنامەی هاوبەشی ویلایەت لە ساڵی 1993، کە لەنێو ئەو 13 هاوبەشییەدا بوو لە ساڵی یەکەمی دروستبوونی بەرنامەکەدا بنیاتنران.

ئەم یەکخستنە، لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی ویلایەتی ئاریزۆنای ئەمریکا، هەموو ساڵێک فراوانتر دەبێت و بووەتە بناغەی دەستپێشخەرییە هاوبەشەکانی ئاسایشی سەربازی کە گرنگی بە ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزی دەدەن. لەخۆگرتنی کازاخستان لە بەرنامەکەدا بۆ پێکهێنانی هاوبەشییەکی درێژخایەنی قوواڵتر، هەنگاوێکی گرنگ بوو.

کازاخستان نەک هەر زوو بەشداری لە بەرنامەکەدا کرد، بەڵکو بووە نموونەیەک بۆ گەشەپێدانی هاوبەشیی هاوشێوە لە وڵاتانی تری ئاسیای ناوەڕاست.

لە کۆتایی ساڵانی 1990ـەوە، یەکەم چالاکیی هاوبەشی مەشقی ئاشتیپارێزی بۆ سەربازانی وڵاتانی دوای سۆڤیەت بە پشتیوانیی ئەمریکا و ناتۆ بەڕێوەچوو. لەنێوانیاندا مەشقی سێنترازیاتی 97 هەبوو، کە 1,400 کارمەندی سەربازیی ئەمریکا، کازاخستان، ئۆزبەکستان، کۆماری قرغستان، تورکیا، ڕووسیا، جۆرجیا و لاتڤیا تێیدا بەشداربوون.

مەشقی سێنترازیاتی 97، مێژووی بۆ هێزەکانی ئەمریکا و ئاسیای ناوەڕاست تۆمار کرد. لە 15ـی مانگی ئەیلولی 1997، نزیکەی 500 پەرەشوتەوانی لەشکری 82ـی ئاسمانیی سوپای



سەربازانی کازاخی لە مەشقێکی سەربازی ساڵی 2025 لە ئەمریکا، مەشقی چۆڵکردنی پزیشکی، یەکێک لە چەندین بەشداریبە پێکەوەییە هاوشێوەکانی نێوان هەردوو وڵات، ئەنجام دەدەن.

عەریفی دەستە شاون کیبتۆن/
پاسەوانی نیشتمانیی سوپای ئەمریکا

ئەمریکا و 40 سەربازی کەرتی ئاسیای ناوەڕاستی سەر بە هێزی یاریدەدەری نەتەوە یەکگرتووەکان (لەنێوانیاندا سەربازانی کازاخی، ئۆزبەکی و قرغی)، 12,000 کیلۆمەتر لە فۆرت براگ، کارۆلینای باکوورەوە بەرەو شیمکێنت، کازاخستان، فڕین.

ئەرکەکە هەشت فڕۆکەی گواستنەوەی C-17ـی لەخۆگرتبوو کە لە میانی گەشتەکەدا سێ جار لە ئاسماندا سووتەمەنییان پێدرا.

فەریقی یەکەمی هێزی دەریایی ئەمریکا جاک شیهان، فەرماندەی ئەوکاتەی فەرماندەیی ئەتڵەسی ئەمریکا، یەکەم پەرەشوتەوان بوو کە بازدانەکەی ئەنجامدا. تەنها سێ ڕۆژ بەر لە خانەنشینبوونی، فەریقی ناوبراو جەختی لەسەر گرنگیی نیشاندانی کاریگەریی سوپای ئەمریکا کردەوە، ئەگەر قەیرانێک سەرهەڵبدات کە پێویستی بە بەشداریکردنی هەبێت.

ئەم چەشنە لە هەماهەنگیی سەربازی بناغەی پێکهێنانی کەرتی کازباتی ئاشتیپارێزی کازاخستانی داڕشت، کە دواتر وەک بەشێک لە هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکانی جیهانی ڕاستەقینەدا کرد.

لۆژیکی بەردەوامبوونی سێنترازبات بریتیی بوو لە ڕێکخستنی مەشقی سەربازیی ئاشتیپارێزی هەڵۆی پێدەشت، کە لەلایەن ئەمریکا، کازاخستان و بەریتانیاوە دەستپێشخەری بۆ کرابوو. لە 2003ـەوە سااڵنە بە شێوەیەکی سەرەکی لە کازاخستان بەڕێوەدەچێت.

هەڵۆی پێدەشت بوو بە سەکۆی سەرەکی بۆ مەشقپێکردنی یەکە کازاخییەکان بۆ ئەرکە ئاشتیپارێزییە نێودەوڵەتییەکان و بوارپێدانیان تا بە شێوەیەکی ڕێک و پێکتر لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی وڵاتانی تری بەشداربوودا هەماهەنگی بکەن.

ڕووداوەکانی 11ـی مانگی ئەیلوولی 2001، لە ڕیشەوە سیستەمی ئاسایشی جیهانی گۆڕی. لەم ساتەوەختە گرنگەدا، کازاخستان وەک هاوبەشێکی نێودەوڵەتیی بەرپرسیار، پێگەی خۆی پشتڕاستکردەوە و بوو بە تاکە دەوڵەتی ئاسیای ناوەڕاست کە هێزی سەربازیی بۆ پشتیوانیکردن لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ڕەوانەی عێراق بکات.

ئەرکەکە نزیکەی پێنج ساڵی خایاند، وە 10 سووڕی جێگۆڕکێ لەگەڵ بەشداریکردنی سەدان کارمەندی سەربازیی کازاخی کە لە ناوچەکانی شەڕدا ئەزموونی کردارییان بەدەستهێنا، لەخۆگرتبوو.

کارمەندانی کازاخی سەرنجیان خستە سەر ئەرکە گرنگەکانی وەک ئەندازیاریی هەواڵگری، پاککردنەوەی مین، پشتیوانیی پزیشکی، فریاگوزاریی مرۆیی و دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی مەدەنی.

کارەکانی یەکەی ئەندازیاری ئاماژەیەک بوو بۆ کاریگەریی ناوازەی ئەرکەکە. لە میانی جێگیرکردنەکەدا، پسپۆڕانی کازاخی زیاتر لە 4.5 ملیۆن کەرەستەی تەقەمەنییان دۆزییەوە و لەناوبرد، ئەمەش سەلامەتیی سەربازانی هاوپەیمانان و هاووڵاتیانی مەدەنی عێراقی مسۆگەر کرد.

بەجێگەیاندنی ئەرکەکان لە ناوچەی ململانێدا نەک تەنها پیشەیی بوون، بەڵکو خۆبەختکردنیشی پێویست بوو. نەقیب کایرات کودابایێف، یەکێک لە یەکەم ئەفسەرە ڕاسپێردراوەکان لە کازاخستانی تازە سەربەخۆدا، لەمیانی ئەنجامدانی ئەرکی خۆی

مێژووی هەماهەنگیی نێوان ئەمریکا و کازاخستان تەنها سنووردار نییە بە لاپەڕەکانی ڕێککەوتنە فەرمییەکان، بەڵکو بە ئەزموونی ڕاستەقینەی بەدەستهاتوو لە میانی ئەرکە هاوبەشەکاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە جیهانییەکان بەرجەستە کراوە.



هێزە زەمینییە کازاخییەکان لە هەڵۆی پێدەشت، کە مەشقێکە بە سەرۆکایەتی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا ئەنجام دەدرێت و هاوکاریی ئامادەکردنی هێزەکان دەکات بۆ ئەرکەکانی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان، نمایشێکی مەشقی ئەنجام دەدەن. ڕاپید کیفن ساندێڵ/سوپای ئەمریکا



وەک بەشێک لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ژیانی خۆی بەخشی.

سەرکەوتنی سەربازانی کازاخی لە عێراق وەک پاڵنەرێکی بەهێز بۆ پەرەپێدانی سیستەمی مەشقپێکردنی کارمەندانی سەربازیی کازاخستان خزمەتی کرد. ئەو کارامەییانەی لە ئۆپەراسیۆنە ڕاستەقینەکاندا بەدەست هاتوون، بنەماکانی دامەزراندنی ناوەندی مەشقی ئاشتیپارێزی (KAZCENT)یان لە ساڵی 2008 پێکهێنا، لەو کاتەوە ناوەکەی بۆ ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزی گۆڕدرا. ناوەندەکە بە پشتیوانیی ئەمریکا دروست کرا.

ناوەندەکە لە ناوچەکەدا بووەتە پێشەنگ و بە فەرمی بڕوانامەی ئامادەکردنی سەربازانی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێبەخشرا. ئەمەش بوار بە کازاخستان دەدات نەک تەنها هێزی سەربازی بۆ ئەرکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەوانە بکات، بەڵکو مەشقی ئاست بەرزیش پێشکەش بە سەربازانی ئاشتیپارێزی وڵاتانی تر بکات.

بەهۆی ئەم ئەزموون و ئامادەکارییەوە، کازاخستان بە ناردنی پۆلی سەربازی و ئەفسەرانی دەستە بۆ ئەرکەکانی ئاشتیپارێزیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا بەشداریکردنی لە هەوڵە ئاشتیپارێزییە نێودەوڵەتییەکاندا فراوانتر کردووە، بەمەش بەشداری لە ئاشتیی جیهانیدا دەکات.

لە میانی کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەفغانستان لە ساڵی 2021، کازاخستان تاکە وڵاتی ئاسیای ناوەڕاست بوو کە فڕۆکەیەکی سەربازی بۆ فڕۆکەخانەی کابول ڕەوانەکرد.

بە کارکردنی نزیک لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان، فڕۆکەوانە کازاخییەکان هاوواڵتیانی کازاخستان، کۆماری قرغستان، ڕووسیا و لاتفیایان دەربازکرد. ئۆپەراسیۆنەکە هەماهەنگیی هاوبەشی ئاست بەرزی لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان و ئیرادەی ئاستانا لە قەیرانێکدا پشتڕاستکردەوە.

جگە لەوەش، کازاخستان وەک پێشەنگی جیهان لە گەڕاندنەوەی هاوواڵتیان لە ناوچەکانی شەڕدا ناسراوە. لە ماوەی پێنج قۆناغی ئۆپەراسیۆنی مرۆیی جوسان کە لە ساڵی 2019ـەوە هەتا 2021 بە پشتیوانیی لۆژیستیی سەرەکیی ئەمریکا ئەنجامدرا، کازاخستان زیاتر لە 750 هاوواڵتیی خۆی، کە زۆرینەی ڕەهایان منداڵ بوون، لە عێراق و سوریاوە گەڕاندنەوە و ئاوێتەی کۆمەڵگایان کردنەوە.

لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە ڕێز لە بەشداریکردنی کازاخستان گیرا، کە ئۆپەراسیۆنەکەی بە پێوەرێکی جیهانی ناوبرد و پێشنیاری بۆ وڵاتانی تر کرد سەرکەوتنەکانی دووبارە بکەنەوە.

مێژووی هەماهەنگیی نێوان ئەمریکا و کازاخستان تەنها سنووردار نییە بە لاپەڕەکانی ڕێککەوتنە فەرمییەکان، بەڵکو بە ئەزموونی ڕاستەقینەی بەدەستهاتوو لە میانی ئەرکە هاوبەشەکاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە جیهانییەکان بەرجەستە کراوە.

ئەم دەستکەوتانە وەک وەبیرهێنەرەوەیەکی گرنگی ئەو هاوبەشی و متمانەیەی کە لە ڕابردوودا دامەزرێندراون و هێشتا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە نوێیەکانی ئاسایشی جیهانی پێویستن، خزمەت دەکەن. ✦

سەربازانی کازاخستان و پاسەوانی نیشتمانیی سوپای ئەمریکا وەک بەشێک لە هاوبەشییە درێژخایەنەکەیان لە ئاریزۆنا، بەشداری پێشبڕکێی باشترین جەنگاوەر دەکەن.

عەریفی دەستە تینیشا مێڵس/
پاسەوانی نیشتمانیی سوپای ئاریزۆنا



لە تۆڕێکی بەکرێگیراوەوە بەرەو سیستەمێکی جەنگی سنووربڕ

ئێران وەک لق و پۆپی سەربازیی خۆی سەیری میلیشیا ناوچەییەکان دەکات

موعەمەر ئەلعریانی، وەزیری زانیاری، کۆماری یەمەن

ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ئەم دواییە لەگەڵ ئێران، هەڵسەنگاندنێکی بنەڕەتی بۆ ئەوە دەکات کە بە شێوەیەکی نەریتی بە "بەرەی بەرگری" پێناسە دەکرێت. چیتر بەڵگەکان پشتیوانی لەوە ناکەن ئەم بەرەیە وەک یەکڕیزیی سیاسی نەرم یاخود هاوپەیمانییەک لە نێوان ئێران و گروپە چەکدارەکانی سەر بە خۆی، سەیربکرێت. بەڵکو، سیستەمێکی سەربازیی سنووربڕ ئاشکرا دەکات کە بە مەبەست دەیان ساڵ لەمەوبەر بۆ ئەوەی وەک درێژکراوەی چەمکی جەنگیی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی کاربکات، دروستکرا.

ئەمە بە تەنها تۆڕێکی هاوپەیمانی نییە. بەڵکو سیستمێکی ئۆپەراسیۆنیی یەکخراوە، کە لە ڕێگەی فەرماندەیی و بەڕێوەبردنی ناوەندییەوە کاردەکات و لە چوارچێوەیەکی ستراتیژیی یەکگرتوودا وەک یەکەیەکی تۆکمە کاردەکات.

یەکەم: بڕیاردانی ناوەندی و خێرایی یەکانگیری ئۆپەراسیۆنی

ڕووداوەکانی ئەم دواییە ئەوە دەخەنەڕوو کە چالاکییەکانی بەکرێگیراوانی هاوپەیمانی

لە سەرەوە: مندالانی ئەندامی حوسیی یەمەن بە چەکەوە نمایش دەکەن. فراوانبوونی دەسەڵاتی ئێران پشت بە گۆشکردنی سوپای بە کرێگیراوی وەک حوسییەکان دەبەستێت.

گێتی ئیمەیجس

ئێران نە خۆڕسکن و نە پاڵنەری ناوخۆییان هەیە. بەڵکو، لە چەندین شانۆدا هاوکات دەکرێن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەخشەیەکی ئۆپەراسیۆنیی هەماهەنگە.

ئەم ئاستە لە هاوئاهەنگی ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ بوونی پێکهاتەیەکی فەرماندەیی ناوەندی، کە پێدەچێت لەلایەن سوپای پاسدارانی شۆڕشگێڕیی ئیسلامی (IRGC)یەوە ئاراستە بکرێت. سوپای پاسداران (IRGC) بەرپرسیارە لە:

- دابەشکردنی ڕۆڵەکان بەسەر هێزە بەکرێگیراوەکان
- بەڕێوەبردنی سوڕەکانی پەرەسەندن و هێورکردنەوەی بارودۆخ
- کۆنترۆڵکردنی ئاستی بەشداریکردن بۆ زیادکردنی کاریگەریی ستراتیژی، هاوکات کەمکردنەوەی تێچووی ڕاستەوخۆ بۆ ئێران

ئەم هەماهەنگییە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکە لە چالاکیی لامەرزکەزیی بەکرێگیراو بۆ هاوتایەکی کرداریی بۆ فەرماندەیی شانۆی ناوچەیی.

دووەم: پسپۆڕیی کرداری لە سەرانسەری شانۆکانی بەشداریکردن

تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی ئەم سیستەمە بریتییە لە دابەشکردنی مەبەستداری ڕۆڵی ئۆپەراسیۆنی لە سەرانسەری شانۆ جوگرافییەکان:

- **دەریای سوور/کەنداوی عەدەن:** حوسییەکان بەرەیەکی فشاری دەریاییان کردووەتەوە کە کەشتیوانیی بازرگانی و جوڵەی وزەی کردۆتە ئامانج بۆ وەستانەوە لەبەرامبەر ئابووریی جیهانی.
- **لوبنان:** حزبوڵا لە چوارچێوەی شێوازێکی پەرەسەندنی کۆنترۆڵکراودا کاردەکات، کە دەتوانرێت بە جەنگی ماندووکردن و سەرلێشێواندن پێناسە بکرێت، بەبێ ئەوەی ململانێی تەواو دروست بکات، نەیاران لاواز دەکات.
- **عێراق:** میلیشیا هاوپەیمانەکانی سەر بە ئێران هێرشی دابەشکراو بۆ سەر بەرژەوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدەن، وەک ئامرازێکی جێگیری فشارکردنی فرە ئاڕاستەیی کاردەکەن.

ئەم دابەشکردنە بەڕێکەوت نییە؛ بەڵکو ڕەنگدانەوەی نەخشەیەکی ستراتیژییە کە فراوانکردنی گۆڕەپانی شەڕ، دابەشکردنی سەرنجی نەیاران و کەمکردنەوەی ئەگەری تۆڵەسەندنەوەی یەکلاکەرەوەی کردووەتە ئامانج.

سێیەم: وەبەرهێنانی درێژخایەن لە تواناکانی جەنگی ناهاوسەنگ

کاریگەربوونی ئەم سیستەمە دەرئەنجامی وەبەرهێنانی بەردەوام و درێژخایەنە، نەوەک ڕێکخستنی کاردانەوەیی. بە شێوەیەکی سیستەمی ئێران تواناکانی بەکرێگیراویی گەشەپێداوە لە ڕێگەی:

- گواستنەوەی مووشەکی پێشکەوتوو و تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بێ تەل
- مەشقکردن لەسەر جەنگی ناهاوسەنگ و ناڕێک
- فراوانکردنی تواناکانی هێرشی مەودا دوور
- دامەزراندنی تۆڕی لۆژیستی و هەواڵگریی یەکخراو

ئەم هەوڵانە گروپە بەکرێگیراوەکانی لە میلیشیای ناوخۆییەوە بۆ هێزی نیمچە ڕێکی چەسپاو لەناوخۆی سیستەمێکی جەنگیی ناوچەییدا گۆڕیوە.

چوارەم: شکستی گوتاری "بکەری ناوخۆیی"

ڕووبەڕووبوونەوەکە ئەو گوتارەی بە شێوەیەکی کاریگەرانە هەڵوەشاندەوە کە دەڵێت ئەم گروپانە وەک بزووتنەوەی نیشتمانیی سەربەخۆ کاردەکەن. بەڵکو، تایبەتمەندیی ڕووبی تایبەت بە پێکهاتەیەکی فەرماندەیی نێونەتەوەیی نیشان دەدەن:

- هاوئاهەنگیی بیروباوەڕ لەگەڵ ویلایەتی فەقێ (پێداگری لەسەر ئەوەی فەقێیەکی باڵای شیعە سەرپەرشتی دەوڵەتێک بکات)
- یەکخستن لەناو زنجیرەیەکی فەرماندەیی ناوەندیدا
- کارکردن وەک هێڵێکی بەرگریی پێشەوە لەپێناو بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئێران
- خزمەتکردن وەک ئامرازێک لەپێناو هەناردەکردنی ململانێکان بۆ دوور لە خاکی ئێران

ئەمەش ڕەنگدانەوەی شێوازێکی پێگەیشتووە لە جەنگی بەکرێگیراوی.

بەڕێوەبراو لە ناوەندەوە، نەک هاوبەشیی لامەرکەزی.

پێنجەم: کاریگەرییە ستراتیژییەکان بۆ سەر ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی

ئەم پێکهاتە جەنگییە پۆلێکی نوێی ئاڵنگاریی ستراتیژی دەخاتە ڕوو:

- **مەترسییەکان لەسەر بازرگانیی جیهانی:** پەکخستنی خاڵە سەرەکییەکانی خنکاندنی دەریایی (دەریای سوور، باب ئەل مەندەب، گەرووی هورمز)
- **لاوازکردنی کاریگەریی شێوازەکانی ڕێگریکردن:** ناڕوونی لەئەستۆگرتن، وەڵامدانەوەی دەوڵەت بەرامبەر دەوڵەت ئاڵۆزتر دەکات
- **فشاری بەردەوامی فرەبەرە:** پەرەسەندنی هاوکات لە سەرانسەری شانۆکان
- **تێکدانی سەروەری:** لایەنە چەکدارەکان لە دەرەوەی ئەو دەوڵەتەی تێیدا نیشتەجێن کاردەکەن

ئەمە چیتر ململانێیەکی دوولایەنە نییە. بەڵکو نوێنەرایەتیی گۆڕانکارییەکی سیستەمی دەکات لە سروشتی جەنگدا.



حوسییەکان بۆ پشتیوانیکردن لە هێرشەکان بۆ سەر کەشتیوانی لە دەریای سوور کە یەکێکە لەو ڕێگایانەی بەکرێگیراوە چەکدارەکان دەستڕاگەیشتنی سوپای ئێران درێژ دەکەنەوە، گردبوونەوەیەک ئەنجام دەدەن. گێتی ئیمەیجس

دەرەنجام

وانە بنەڕەتییەکە ڕوونە: بەئامانجگرتنی ئێران بەتەنیا، بەس نییە. چەقی ڕاستەقینەی هێز لە تۆڕە ناوچەییە دابەشکراوەکەیدایە، کە توانای خۆڕاگری، ڕەتکردنەوە و دووبارە سەرهەڵدانەوەی ململانێکان دەڕەخسێنێت. بۆیە دەبێت ستراتیژییەکی کاریگەر گرنگی بدات بە:

- پەکخستنی تەبایی کارکردنی تۆڕەکە
- لاوازکردنی بڕبڕەی پشتی لۆژیستی و تەکنەلۆژییەکەی
- بەهێزکردنی سەروەری دەوڵەت لەو ناوچانەی هێزە بەکرێگیراوەکان تێیدا کاردەکەن
- دامەزراندنی چوارچێوەیەکی کاری نێودەوڵەتیی هەماهەنگ بۆ چارەسەرکردنی ئەم شێوازە وەکو هەڕەشەیەکی نێودەوڵەتی

چارەسەرنەکردنی ئەم پێکهاتەیە بواری بە سیستەمەکە دەدات بەردەوام بێت، خۆی بگونجێنێت و دووبارە دروست بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر خودی ئێران خۆی لە ژێر فشارێکی بەردەوامدا بێت. ✦



لوبنان تۆڕەکانی ماددەی هۆشبەر تێکدەشکێنێت

هێزە چەکدارەکانی لوبنان نەخشەی ئاسایشیی ولّاتەکە دادەڕێژنەوە

وتار و وێنەکان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی لوبنان

سالّی 2025، پەرەسەندنێکی بێ وێنەی لە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و تاوانە ڕێکخراوەکان لە لوبنان بەخۆیەوە بینی. یەکەکانی سوپا و بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری سەرکەوتووانە ئۆپەراسیۆنی ئاسایشیی بەرفراوانیان ئەنجامدا، کە بووە هۆی دەستگیرکردنی بەرهەمهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، قاچاخچی، بازرگان و هەڵهاتووە مەترسیدارەکان، ئەمە جگە لە تێکشکاندنی تاقیگەی بەرهەمهێنانی ماددەی هۆشبەر و دەستبەسەرداگرتنی بڕێکی زۆر لە ماددەی هۆشبەر، چەک و تەقەمەنی.

ئۆپەراسیۆنە بەردەوامەکان لە ناوچە جیاوازەکاندا ڕەنگدانەوەی ستراتیژییەکی ئاسایشیی گشتگیرە، کە لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی سنوورەکان، پووچەڵکردنەوەی چالاکییەکانی قاچاخچێتی و بەدواداچوون بۆ تۆڕە تاوانکارییەکان دامەزراوە، بەمەش ڕۆڵی سوپای وەک پارێزەری سەرەکیی ئاسایش و سەقامگیری چەسپاندووە و ئیرادەی دەوڵەت بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لەم بەڵا مەترسیدارە دووپاتەکاتەوە.

لە میانی هەرە دیارترینی ئەم ئۆپەراسیۆنانەدا، سوپا نوح زعیتەر، یەکێک لە مەترسیدارترین بازرگانانی ماددەی هۆشبەری لوبنان کە سااڵنێک بوو داواکرابوو، دەستگیرکرد. دەستبەسەرکردنی ئەو لە دوای ئۆپەراسیۆنێکی گەڕانی ورد کە چەندین یەکەی سەربازی تێدا بەشداربوون، بەدیهات. ئەمەش لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم تۆڕە تاوانکارییانەدا بە دەستکەوتێکی زۆر گرنگ دادەنرێت.

زانیارییە بڵاوکراوەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕێنمایی فەرماندەیی سوپاوە ئەوە دەردەخەن کە ئۆپەراسیۆنە مەیدانییەکانی سااڵی 2025 تایبەتمەندن بە بەرزبوونەوەی بەرچاوی ئاستی بەئامانجگرتنی تۆڕەکانی بەرهەمهێنان، هەڵگرتن و دابەشکردنی ماددەی هۆشبەر. هەڵمەتەکان لە بەقاع لە باکوور، گەڕەکەکانی باشووری بەیروت و ناوچەی مەتن چڕکرانەوە و لە ئەنجامدا گروپە ڕێکخراوەکان و هەڵهاتووە مەترسیدارەکان دەستگیرکران، کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی، ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی ماددەی هۆشبەر و بڕێکی زۆر لە کاپتاگۆن، حەشیش و ماددە کیمیاییەکان دەستیان بەسەردا گیرا. بە هەمان شێوە هەوڵەکان بۆ بەقاچاخبردنی بڕێکی زۆر لە سوتەمەنی، خۆراک و گاز لە ڕێگای سنوورەکانی ڕۆژهەاڵت و باکووریش پووچەڵ کرانەوە، وە دەیان کەس بە تاوانی بە نایاسایی هاتنە ناو خاکی لوبنانەوە دەستگیر کران.

زانیارییەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە یەکە سەربازییەکان هەوڵەکانی بەئامانجگرتنی ئەو ڕێڕەوە نایاساییانەی لە سااڵنی ڕابردووەدا شا دەماری سەرەکیی بازرگانیی کاپتاگۆن بوون، چڕکردووەتەوە. لەو ئۆپەراسیۆنانەدا کەڵێنە سەرەکییەکانی پەڕینەوە داخران و هێرشکرایە سەر ماڵی کەسانی داواکراو، ئەو تۆڕانەی تێکشکاند کە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کاپتاگۆندا، ئاخۆ لە تاقیگە شاراوەکاندا یاخود ماڵە تایبەتە ئامێربەنکراوەکان بووبێت، بە هەرە مەترسیدارترینەکان دادەنران. ئەو ئامێر و ئامرازانەی لە بەرهەمهێنراندا بەکاردەهێنران دەستیان بەسەردا گیرا، وە هەروەها ئەو تونێلانەی بۆ هەڵگرتن و قاچاخچێتی بەکاردەهێنران، کە بەشێک بوون لەو ژێرخانانەی پێشتر گەشەیان کردبوو، لەناوبران.

بە سوودوەرگرتن لە هەڕاری و فەرامۆشکردنی دریژخایەنی ناوچەکە، بازرگانانی ماددەی هۆشبەر لە دوای ئەو داڕمانە دارایی و سیاسییەی کە لە سااڵی 2019ـدا لوبنانی گرتەوە، کاریگەری خۆیان لە دۆڵی بەقاع لە لوبنان بەدەستهێنابووەوە. لەگەڵ تەشەنەسەندنی بازرگانیکردن بە کاپتاگۆن لە میانی قەیرانی سوریا و هەماهەنگیی تۆڕەکان لە هەردوو دیوی سنوورەکان، گەنجان بەشێوەیەکەی بەرچاو لەم جیهانە نایاساییەدا تێوەگلان. بازرگانانی گەورە پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییان بەدەستهێناوە، خزمەتگوزاری و هاوکاری پێشکەش بە خەڵکی ناوچەکە دەکەن و هەوڵ دەدەن خۆیان وەک "ڕزگارکەر" نیشان بدەن، ئەمە لە کاتێکدا بەهۆی قازانجی زۆر لە قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەر "دەسەڵاتی ناوچەییان"یان فراوانتربووە.

پرۆسەیەکی داینامیکیی گرنگ لە بەرهەمهێنانی کاپتاگۆندا سەریهەڵدا، چونکە ئەوە ئاشکرا بوو کە نهێنی "ڕەچەتەکان" بریتی بوو لە پارێزراوبوونی تایبەتی بریکارە گەورەکان، کە شێوازەی دروستکردنەکەیان لای خۆیان دەهێشتەوە. ئەمەش لەگەڵ چوونی بازرگانانی نوێ بۆ ناو بواڕەکە لە قۆناغی فراوانکردندا، دەبێت بە هۆکاری سەرهەڵدانی جۆرە "تێکەڵکراوەکان/دەستکاریکراوەکان". لێکۆڵینەوەکانی سوپا لەم تاقیگانە ئەوەی دەرخستووە کە بەرهەمهێنانی کاپتاگۆن پێویستی بە ئامێر و کەرەستەی خاو هەیە کە بە شێوەیەکی یاسایی بەدەست دەخرێن، ئەمەش توندترکردنی کۆنترۆڵ لەسەر ماددە کیمیاییەکان، تانکیی گواستنەوە و کۆگاکان پێویست دەکات.

لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازەدا، هەواڵگریی سەربازی لە دۆڵی بەقاع هەڵمەتێکی بەرفراوانیان دژ بە بازرگانانی ماددەی هۆشبەر دەستپێکرد، هەڵیانکوتایە سەر تاقیگەکانی بەرهەمهێنانی کاپتاگۆن و لەناویانبردن. ئەمەش وایکرد بازرگانەکان، ئەوانەی بەوە ناسراون خۆیان لە ناوبانگ بەدوورەدەگرن، کاردانەوەی توندوتیژیان هەبێت و





بەشێک لەو چەک، ماددەی هۆشبەر و کەلوپەلانە لە میانی هەڵمەتەکانی دژ بە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و تاوانە ڕێکخراوەکان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی لوبنانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

ئۆپەراسیۆنەکانی لوبنان دژ بە ماددەی هۆشبەر

کانونی دووەم بۆ کانونی یەکەمی 2025

بڕی ماددەی هۆشبەری دەستبەسەرداگیراو

کاپتاگۆن	10,479 کیلۆگرام و 1.5 ملیۆن حەب
حەشیش	4,400 کیلۆگرام
کۆکاین و پێکهاتە کیمیاییەکان	24,784 کیلۆگرام
ماریوانا	85 کیلۆگرام
سالڤیا	285 کیلۆگرام
تۆوی حەشیش	0.14 کیلۆگرام
ماددەی هۆشبەر و کەرەستەی تر	2,066 کیلۆگرام و 9,734 حەب

بڕی کاپتاگۆنی دەستبەسەرداگیراو لە بەندەر و فڕۆکەخانەکان:
8,332 کیلۆگرام و 5,248 حەب.

دەستگیرکردنی پەیوەندیدار بە ماددەی هۆشبەر

669
کۆی گشتی

لوبنانی	329
سوری	259
فەڵەستینی	75
ئەوانی تر	6

ئەرکەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر

180
کۆی گشتی

هەڵکوتانە سەر شوێنەکانی ماددەی هۆشبەر	115
هەڵکوتانە سەر تاقیگەکانی ماددەی هۆشبەر	41
دەستبەسەرداگرتنی قاچاخچێتی	24





زۆرجار هەڵمەتەکان بە پێکدادان کۆتاییان بێت. لەگەڵ داخستنی تۆڕەکە بەسەریاندا، ڕوویان لە ناوچە سنووریيە سەختەکان کرد، بەڵام سوپا لەوێشدا بەدواداچوونی بۆیان کرد، ئەمەش بووە هۆی دۆزینەوە و دەستگیرکردنی کەسایەتییە سەرەکییەکان.

لە هەمان کاتدا، هەڵمەتەکان بۆ سەر گەڕەکەکانی باشووری بەیروت، پارێزگای چیای لوبنان و سەر ڕێگا سەرەکییەکان، بوونە هۆکاری دەستگیرکردنی بازرگان و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر و بانەکانی دزیکردن. دەستبەسەرداگرتنی چەک، پارەی ساختە و کەلوپەلی ئەلیکترۆنیی دزراو لەم هەڵمەتانەدا گوزارشتیان لە وابەستەیی یەکتری بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و تاوانی ڕێکخراو کرد.

بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەڵمەتەکاندا، بازرگانەکان پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی تاقیگەی جۆلاو کە لەسەر بارهەڵگرەکان جێگیرکرابوون، ئەمەش سوپای ناچارکرد ڕووبەڕووی شێوازێکی نوێی خۆدزینەوە و جۆلەی خێرا ببێتەوە کە پێویستی بە پەرەپێدانی تاکتیکی و باشترکردنی زانیارییە هەواڵگرییەکان هەبوو.

ئاماری کۆتایی تیشک دەخاتە سەر ئاڵۆزیی ئەو ئاڵنگارییە ئاسایشییانەی کە ڕووبەڕووی یەکە سەربازییەکان دەبنەوە، ئاخۆ چ لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی ملیۆنان حەبی ماددەی هۆشبەر و بەرمیلی ماددەی کیمیایی بێت، لەناوبردنی ڕووبەری بەرفراوانی چێنراو بە حەشیش، یاخود دەستگیرکردنی کەسانی داواکراو بێت کە لە کوشتن، ڕفاندن و تاڵانیکردن لەناو تۆڕە هەرێمییەکاندا تێوەگلاون.

لە تەواوی پێکدادانەکاندا، ژمارەیەک بازرگانانی دیار و ناسراوی ماددەی هۆشبەر کوژران، هەرە دیارترینیان گەورە تاوانبارێک کە بە ئەبو سیلا ناسراوە، کە بەئامانجگرتنی ئەو بوو بە خاڵی وەرچەرخان لە جەنگی دژ بە ماددەی هۆشبەر. ئەبو سیلا وەک بازرگانێکی بچووک دەستی پێکرد و بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو تۆڕێکی دابەشکردنی مەترسیداری پێکهێنا و تۆڕێکی پاراستنی ئاڵۆزی بۆ خۆی دروستکرد. هەواڵگری سوپا، لە دوای چەند مانگێک لە پلاندانان و لەوپەڕی نهێنیدا، سەرکەوتوو بوو لە نزیکبوونەوە لێی. ناوبراو لە هێرشێکی سوپادا کوژرا، وە کەوتنی ئەو ئاگادارکردنەوەیەکی بۆ گەورە تاوانبارانی تر نارد. ئەوەش لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە کاریگەرییەی لە میانی جەنگی سوریا و داڕمانی ئابووریی لوبنان ڕێگەی بە قازانجێکی ئێجگار زۆر دابوو، بەشداریی کرد.

یەکێک لە هەرە مەترسیدارترین هەڵاتووەکان، کە بە باڕۆنی حەشیش ناسراوە، لە دوای دانانی بۆسەیەکی پلان بۆ داڕێژراوی ورد لەلایەن هێزێکی تایبەتەوە، لە زێدی خۆی لە ئەلکنیسا، بەعلبەک، دەستگیرکرا. دەستگیرکراو چەندین فەرمانی دەستگیرکردنی هەبوو، لەوانە بەهۆی پێکهێنانی باند بۆ بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و چەک، وە بەرهەمهێنانی ماددەی هۆشبەر. تۆمەتەکانی تر دژ بە ناوبراو تاڵانی چەکداری و دزیکردن، ڕفاندن بۆ داواکردنی پارە و تەقەکردن لە سەربازان، بینا حکومییەکان و ماڵی هاوڵاتییانی مەدەنی لەخۆدەگرێت.

زۆر کەس دەستگیرکردنی نوح زعیتر لە شەڕی دژ بە بەهێزترین و ئاڵۆزترین تۆڕەکانی ماددەی هۆشبەری لوبنان بە خاڵی وەرچەرخان دادەنێن، کە پەیامێکی ڕوونی نارد و توانای دەوڵەت و دەزگاکانی بۆ بەئامانجگرتنی لایەنە سەرەکییەکان و کۆتاییهێنان بە کاریگەرییان پشتڕاستکردەوە.

بە هەمان شێوە لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکاندا پەیوەندیی نێوان تۆڕەکانی قاچاخچێتی و بانده تێوەگلاوەکان لە ڕفاندن، دزینی ئۆتۆمبێل، ساختەکردنی دراو و بازرگانیکردن بە چەک ئاشکرا کرد.

ئەو ستراتیژەی کە دامەزراوە سەربازییەکە گرتوویەتیەبەر، لەسەر بنەمای تێکشکاندنی هەر سێ ئاستی بازرگانیی ماددەی هۆشبەرە: بەرهەمهێنان، هەڵگرتن و قاچاخکردن. سەرکوتکردنی بەردەوام و لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ شکستهێنانی ڕێکارە نایاساییەکانی پاراستن، بەشداریان لە کەمکردنەوەی تواناکانی کارکردنیان و نزمبوونەوەی قەبارەی بەرهەمهێنان و قاچاخچێتی کردووە. بەم ڕێبازە، سوپای بە شێوەیەکی بەردەوام بەرەو داڕێژانەوەی نەخشەی بەڕێوەبردنی سنووورەکان، بەهێزکردنی ئاسایشی ناوخۆ و چەسپاندنی توانای دەوڵەت بۆ سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بووە بۆ سەر هەردوو کۆمەڵگا و دەوڵەت، هەنگاو دەنێت. ✦

پشتیوانیي چین بۆ بەرنامەی چەکی ڕژێمی ئێران دەبێتە هۆی کوژرانی هاوڵاتیانی مەدەنی

دەستەی یونیپاس



حزبی شیوعیی چین بەشێوەیەکی بەرنامەیی هاوبەشیی خۆی لەگەڵ ڕژێمی ئێران فراوانتر کردووە، وە بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی مووشەکی بالیستی و کەشتیی گەشتی ئاسمانی (SLV)ـی تاران سوود لە ڕێککەوتنە ئابووورییەکان و گواستنەوەی تەکنەلۆژیای بەکاربراوی هەردوو کەرتی سەربازی و مەدەنی وەردەگرێت. بە هەمان شێوە پێدەچێت چالاکییە تاوانییەکانی چین لە میانی ململانێکەدا کە لە کۆتاییەکانی مانگی شوباتی 2026ـدا دەستیپێکرد، لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشداریان لە مردنی هاوڵاتیانی مەدەنیدا کردبێت.

هاوپەیمانیی سەربازیی چین لەگەڵ ئێران، کە لە ڕێککەوتنی هاوبەشی ستراتیژیی هەمەلایەنەی ساڵی 2021ـیاندا سەرچاوەی گرتووە، لە ساڵێک بە لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژ بە ڕژێمی ئێران کە لە مانگی شوباتی 2026 دەستیپێکرد، چڕتر بووەوە و بە شێوەیەکی بەرچاو ژینگەی ئاسایشی ناوچەکەی گۆڕی.

شارەزایانی ئەمریکا لێکۆڵینەوە لەوە دەکەن کە ئایا پارچەکانی ئەو مووشەکانەی ئێران بەم دواییە بەرەو چەندین دەوڵەتی کەنداو ئاڕاستەی کردبوون، تەکنەلۆژیا و پێکهاتەی چینییان تێدایە یاخود نا.

چەقی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە بریتییە لە دابینکاریی کەرەستەی بەکارهێنانی دوو لایەنە، گواستنەوەی تەکنەلۆژیا، سیستەمی جوڵەپێکردنی مانگی دەستکرد و شارەزایی گرنگ بۆ بەرهەمهێنانی مووشەکی پشت بەستوو بە سووتەمەنیی ڕەق لەلایەن چینەوە. بزوێنەری مووشەکی ڕەق، کە کاتی هاویشتنی خێراتر، بەرزکردنەوەی توانای مانەوە و سەقامگیریی زیاتری هەڵگرتن پێشکەش دەکات، بنچینەی مووشەکی بالیستیی مەودا ماماوەند و سیستەمە پەرەسەندووەکانی کەشتیی گەشتی ئاسمانی (SLV)ـی ئێران پێکدەهێنن.

بەگوێرەی زانیارییەکان، کۆمپانیا چینییەکان بڕێکی ئێجگار زۆر لە پێکهاتە کیمیاییەکان، لە نیوانیاندا پێرکلۆراتی ئەمۆنیۆمیان بۆ ئەو دامەزراوە ئێرانیانەی پەیوەندییان بە سوپای پاسدارانی شۆڕشگێڕیی ئیسلامییەوە هەیە، کە سەرپەرشتیی جبەخانەی مووشەکی بالیستیی ئێران دەکەن و لە سەرانسەری ناوچەکەدا پشتیوانیی لە گروپە چەکدارەکان دەکەن، هەناردە کردووە. ئەم گواستنەوانە، کە بەگشتی لە ڕێگەی تۆڕە لۆژیستییە ئاڵۆزەکانەوە دەگوازرێنەوە، بە بەکارهێنانی تاکتیکە چینییەکانی وەکو کەشتیگەلی سێبەر، کۆمپانیا کارتۆنییەکان و سپیکردنەوەی پارە، لە هەمان کاتدا نیگەرانییەکی بەردەوامیش سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیابوونەوە لە ناسنامەی بەکارهێنەری کۆتایی دروست دەکەن و سزا ئابووورییە نێودەوڵەتی و یاساکانی هەناردەکردن تێدەپەڕێنن.

پشتیوانیی چین لە گەشەپێدانی چەکی ئێران بەردەوام دەبێت. بۆ نموونە لە سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی 2026، چین مۆڵەتی بە دوو کەشتیی کۆمپانیایەکی ئێرانی دا، کە ئەمریکا دەڵێت کەرەستەیان بۆ بەرنامەی مووشەکی بالیستیی تاران دابین کردووە تا لە بەندەرێکی کۆگای مادده کیمیاییەکان لە کەناراوەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی چینەوە بەرەو ئێران بڕۆن. پێدەچێت کەشتییەکە سۆدیۆم پێرکلۆراتی هەڵگرتبێت، کە پێکهاتەیەکی کیمیایی سەرەکییە بۆ سووتەمەنیی مووشەکی ڕەق، ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاوی کردەوە.

”بە دابارینی مووشەک و درۆنەکان بەسەر وڵاتانی [کەنداوەوە]، هەر نیشاندانێکی پشتیوانی لەم شێوەیە بەرامبەر بە ئێران مەترسی لەسەر تێکدانی پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتی [کەنداوە] هەیە،“ گرانت ڕوملیی، ئەندامی باڵا لە پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک بە ڕۆژنامەکەی ڕایگەیاند.

بەدەر لە مادده کیمیاییەکان، پشتیوانییەکانی چین بۆ ڕژێمی ئێران پێکهاتە پێشکەوتووەکان، ئامرازەکانی ئامێری دروستی و پێکهاتەکانی ڕێنماییکردنی وەک گایرۆسکۆپ و بزوێنەرە خێراکەرەکان لەخۆدەگرن. ئەم جۆرە تەکنەلۆژیایە بە شێوەیەکی بەرچاو ئامانج دروستی و متمانەپێکراویی مووشەکەکان باشتر دەکات، هاوکات بەربەستەکانی بەردەم توانای لێدانی مەودا دوور کەم دەکاتەوە. هاوکاریی تەکنیکی لە سیستەمەکانی هێزی پاڵنەر و یەکخستنی باری هەڵگیراو، گەشەپێدانی چەکی ئێران ئێجگار خێراتر دەکات.

شیکەرەوەکانی هەواڵگری ئاماژە بەوە دەکەن کە پێدەچێت چین بۆ بەئامانجگرتنی سامانی سەربازیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی جوڵەپێکردنی مانگی دەستکردی بێیدۆو (BeiDou)ـی خۆی کە خزمەتگوزارییەکانی جێگیرکردن و کاتی جیهانی پێشکەش دەکات، بۆ ئێران فەراهەم کردبێت. توانای بەئامانجگرتنی ئێران لە ململانێی ئێستادا زۆر وردترە لە جەنگی 12 ڕۆژەی مانگی حوزەیرانی 2025، ئەل جەزیرە ڕایگەیاند.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم گواستنەوانە، ڕژێمەکەی ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی دابینکاریی ڕاستەوخۆی سیستەمی چەکی پێشکەوتووی چینی کردووە. بە دیاریکراوی، تاران هەوڵی بەدەستهێنانی مووشەکی کروزی سەروو دەنگیی دژە کەشتی دەدات، کە دەتوانێت هەڕەشە لەڕێڕەوە ئاوییە گرنگەکانی وەک گەرووی هورمز بکات.

چەند ڕۆژێک بەر لە قلیشانەوەی ململانێکە لە مانگی شوباتدا، ئێران لە ڕێککەوتنێک بۆ کڕینی مووشەکی CM-302ـی دروستکراوی چین نزیک ببووەوە، کە یەکێک لە شیکەرەوەکان بە گۆڕانکارییەکی گرنگ لە هاوکێشەکە پێناسەی دەکات، دەزگای هەواڵی ڕۆیتەرز بڵاوی کردەوە.

تۆڕە لۆژیستییەکان بڕبڕەی پشتی هەماهەنگیی چین و ئێران پێکدەهێنن. کۆمپانیا و ناوەندەکانی کەشتیوانیی چینی ناوەندەکانی گواستنەوەی کەشتی، کۆمپانیای بەناو یاسایی و بەڵگەنامەی ساختە بۆ شاردنەوەی جووڵەی مادده هەستیارەکان بەکاردەهێنن. ڕووداوەکانی وەک تەقینەوە کوشندەکەی ساڵی 2025 لە بەندەرێکی ئێرانی لە نزیک بەندەر عەباس، کە بە گوێرەی زانیارییەکان پێکهاتە پەیوەندیدارەکان بە مووشەکەکانی چین لەخۆدەگرن، تیشک دەخەنە سەر قەبارە و مەترسییەکانی ئەم زنجیرە دابینکارییە نهێنییانە.

بەرنامەی بۆشایی ئاسمانی ئێران پاراستنی زیاتر بۆ پێشکەوتنی سەربازی دابین دەکات. لە کاتێکدا بە شێوەیەکی گشتی وەک بەکارهێنانی مەدەنی دەستنیشان دەکرێت، بەڵام پەرەپێدانی کەشتیی گەشتی ئاسمانی (SLV) تەکنەلۆژیا سەرەکییەکانی لەگەڵ سیستەمی مووشەکی بالیستیی نێوان کیشوەرەکان هاوبەشن، لەوانەش پاڵنەر، ئامێر و ڕێنماییکردن. هێرشەکانی ئەم دواییەی تاران پێشکەوتن لەم بوارانەدا نیشان دەدات، ئەمەش نیگەرانییەکان لەبارەی بەرنامەی بەکارهێنانی دوو لایەنەی بەهێزتر کردووە. دوای هێرشەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2025 کە ژێرخانی مووشەکیی ئێرانی کردە ئامانج، ڕژێم توانا گرنگەکانی بەرهەمهێنانی خۆی بنیاتنایەوە، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە پشتیوانیی دەرەکی وەردەگرێت.

پشتیوانیی چین توانای مووشەکی و بارهەڵگری مووشەک هاوێژ (SLV)ـی ئێرانی بەرەو پێش بردووە. دەرئەنجامەکانی ئەم جۆرە لە پشتیوانی دەتوانێت هاوسەنگیی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگۆڕێت. ✦

▶ **پیاوێک لە کەناری ڕۆژئاوا لە تەنیشت پاشماوەی مووشەکی ئێران ڕاوەستاوە.** ڕۆیتەرز



بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەت یەکگرتووەکان بۆ پێشکەشکردنی دەکات



شێوەسازی یونیپاس

پاسەوانی نیشتمانیی ئەمریکا هاوبەشیی بەردەوام لەگەڵ سوپای ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست دەکات

دەستەی یونیپاس

کاتێک سەرۆکی ئۆزبەکستان شەڤکەت میرزیۆیێڤ لە مانگی شوباتی 2026 سەردانی واشنتۆن دی سی کرد، عەمید ڕوکن جەیمس هانکینز لە پاسەوانی نیشتمانیی میسیسیپی یەکێک بوو لە یەکەم کەسەکان کە پێشوازی لێکرد.

هەر لەو مانگەدا شاندێک لە کەسایەتییە بازرگانی، سیاسی و سەربازییەکان لە ئەمریکاوە بەڕەو بیشکێک، پایتەختی کۆماری قرغستان گەشتیان کرد. دیاریترینیان لەنێوانیاندا بریتی بوون لە نوێنەرانی پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا.

هەر یەک لەم دوو ئالۆگۆڕە تیشک دەخەنە سەر ئەو پەیوەندییە تایبەتانەی لە ڕێگەی بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەت (SPP)ـی نووسینگەی پاسەوانی نیشتمانیی ئەمریکاوە پێکهێنراون، کە سەربازانی یەکە جیاوازەکانی پاسەوانی نیشتمانی لەگەڵ هاوتاکانیان لە وڵاتانی هاوبەش کۆدەکاتەوە.

بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەت (SPP) زیاتر لە سێ دەیەیە سەقامگیری و ئاسایشی جیهانی بەرزکردووەتەوە. بە 107 هاوبەشی لە سەرتاسەری 116 وڵاتدا، گەشەی کردووە و بووە بە یەکێک لە سەرکەوتووترین ئامرازەکانی هەماهەنگیی ئاسایشی وەزارەتی جەنگی ئەمریکا و ئامرازێکی گرنگ بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا و هاوبەشەکان.

"بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەت ڕێبازێکی کاریگەر و هەماهەنگ بۆ ئاشتی لە ڕێگەی هێز بەرجەستە دەکات. تواناکانی ئاسایشی هاوبەشەکانمان و ئامادەیی یەکەکانمان بەرەوپێش دەبات،" لیوای سوپای ئەمریکا ویلیام جەی. ئێدواردز، بەڕێوەبەری پلان و سیاسەتی ستراتیژیی نووسینگەی پاسەوانی نیشتمانی ڕایگەیاند.

"ئەوە تاکە بەرنامەی هەماهەنگیی ئاسایشییە کە پەیوەندیگەلێکی نەگۆڕ و بەردەوام لەگەڵ هاوبەشەکانمان پێشکەش دەکات، بەجۆرێک کە ڕکابەرەکانمان ناتوانن پێی بگەن."

لەناو ناوچەی بەرپرسیارێتیی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکادا، ئەم هاوبەشییانە ئەوەیان سەلماندووە کە بێ ئەندازە گرنگن. پێنج وڵاتی ئاسیای ناوەڕاست، کازاخستان، کۆماری قرغستان، تاجاکستان، تورکمانستان و ئۆزبەکستان، هەریەکەیان بەردەوامیی بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەت کە ئالۆگۆڕی بەردەوام لە نێوان سەربازەکاندا بەدوای خۆیدا دەهێنێت، پەرەپێداوە.

لە کۆبوونەوەکەدا لە بیشکێک، بەرپرسی کاروباری ئەمریکا لیز زێنتۆ، ئاماژەی بە ساڵیادی 30 ساڵەی هاوبەشیی نێوان پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا و وەزارەتی بەرگریی قرغستان، وەزارەتی بارودۆخی فریاگوزاری و خزمەتگوزاریی سنوور دا.

پاسەوانی مۆنتانا لە ساڵی 2025 لە کۆماری قرغستان بەشداریی لە مەشقێکی سەربازیی هاوبەشدا کرد بە ناوی ئاک شومکار. زێنتۆس ئاماژەی بەوەکرد کە ئالۆگۆڕی سەربازیی زیاتر لە ئارادایە.



پاسەوانێکی نیشتمانیی کۆلۆرادۆ وەک بەشێک لە بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەت لە میانی ئالۆگۆڕی هاوتا بۆ هاوتا لە کۆلۆرادۆ ڕێکارەکانی ئەمریکا بۆ بەرگرکردنی بنکە بۆ ئەندامانی هێزە چەکدارەکانی سعودیە و ئەردەن ڕوون دەکاتەوە. عەریفی گشتیی بالا جۆن ڕۆتر/ پاسەوانی نیشتمانیی ئاسمانیی ئەمریکا

"هیوادارین لە ساڵانی 2026 و 2027 پلانەکان بۆ پەیوەندییە سەربازییەکان بەرەوپێش ببەین و باشتر بکەین. کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ بۆ بەهێزکردنی لێکتێگەیشتن و دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان گرنگە،" ناوبراو ئاماژەی پێدا.

لە دوای پەیوەندنکردنی بە بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەت (SPP) لە 2012، ئۆزبەکستان هەوڵی داوە پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ هاوبەشەکەی، پاسەوانی نیشتمانی ویلایەتی میسیسیپی، دروست بکات. سەدان ئالۆگۆڕ و چالاکیی مەشقی هاوبەشی ئەنجامداوە کە زۆربەیان تیشکیان خستۆتە سەر ئاسایشی سنووری و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان. سەربازانی ئۆزبەکستان ساڵانە لە پێشبڕکێی باشترین جەنگاوەری پاسەوانی میسیسیپی کە تێیدا بەشێوەیەکی بەردەوام خەڵاتی سەرەکی بەدەست دەهێنن، بەشداری دەکەن.

هاوبەشیی کازاخستان لەگەڵ پاسەوانی ئاریزۆنا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی بەرنامەکە لە ساڵی 1993. سەربازانی کازاخستان و پاسەوانانی ئاریزۆنا پێکەوە لەسەر ئاشتیپارێزی، بەڕێوەبردنی فریاگوزاری و پەروەردەی پیشەیی سەربازی مەشقیان ئەنجامداوە.

تاجاکستان، نیگەرانە لە تووندڕەوی، بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و ناسەقامگیری کە لە ئەفغانستانی دراوسێیەوە سەرچاوە دەگرن، لە هاوبەشیکردنی لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیادا، گرنگیی بە ئاسایشی سنووریکان و هەماهەنگیی دژ بە ماددەی هۆشبەر داوە. تورکمانستان لە ساڵی 2021 بەشداریکردنی خۆی لە بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەت (SPP) نوێکردەوە و بە هەمان شێوە هاوبەشیی لەگەڵ پاسەوانی مۆنتانادا هەیە.

لە دەرەوەی ئاسیای ناوەڕاست، وڵاتانی وەک ئەردەن، عومان و سعودیە سوود لە هاوبەشییە بەرهەمدارەکانی بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەت (SPP) وەردەگرن، هەر یەکەیان گونجاو بەگوێرەی پێداویستییە نیشتمانییەکان، جا ئاخۆ لە بەرگریی ئەلیکترۆنی، پاراستنی ژێرخانی گرنگ یاخود وەڵامدانەوەی قەیرانەکاندابێت. ئەردەن، یەکێکە لە کۆنترین و بەهێزترین هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، لە بواری وەڵامدانەوەی کارەسات و مەشقی پاراستنی مەدەنیدا هاوبەشی لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی کۆلۆرادۆدا دەکات. ✦



زیادکراوەکان: پردێک لە ناوچەی گۆرنۆ باداخشان لە تاجاکستان، لە سنووری نێوان تاجاکستان و ئەفغانستان، ڕووباری پانج دەبڕێت.

ئەفغانییەکان پردی دۆستایەتیی ئەفغانستان و ئۆزباکستان تێدەپەڕێنن کە ڕووباری 'ئامو دەریا' دەبڕێت، کە بە درێژایی 144 کیلۆمەتر سنووری هەردوو وڵات دیاری دەکات.

گێتی ئیمەجس

پاراستنی پێگە

دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست لە بەرامبەر ئەو ناسەقامگیرییەی لە ئەفغانستانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئاسایشی سنووورەکانیان بەهێزدەکەن

دەستەی یونیپاس

تەقەی چەکی خۆکار لە دۆڵی ڕووباری پانج بە درێژایی سنووری نێوان ئەفغانستان و تاجاکستان دەنگی دایەوە. شەڕ و پێکدادانی مانگی ئابی 2025 لە نێوان هێزەکانی سنووری تاجاکستان و تاڵیبانی ئەفغانستان بەهۆی ناکۆکی لەسەر کانگا و بەنداوەکانی سەر ڕووبارەکە سەریهەڵدا.

ئەفغانستان لە ژێر دەسەڵاتی تاڵیباندا بە ناسەقامگیری دەمێنێتەوە و دراوسێکانی باکووری لە ئاسیای ناوەڕاست لە ململانێدان لەگەڵ چۆنیەتی ڕاگرتنی تۆندڕەوی، ماددەی هۆشبەر، چەک و پشێوی لە بەزاندنی سنووورە کەلێندارەکان. پێنج وڵاتی ئاسیای ناوەڕاست، کازاخستان، کۆماری قرغستان، تاجاکستان، تورکمانستان و ئۆزبەکستان، هەستێکی بەپەلەی گەشەسەندووی هاوبەشیان هەیە کە بووەتە هۆی زیادبوونی هەماهەنگیی ناوچەیی.

ئۆزبەکستان بەدرێژایی سنووورەکانی لەگەڵ ئەفغانستان، وەک ئەم پەڕژینە لە نزیک ئایریتۆم، شووڕای بەرزکردووەتەوە. ڕۆیتەرز

بەرەی ناجێگیر

سنووری باکووری ئەفغانستان لە ساڵی 2021ـەوە لە دوای گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ دەسەڵات ناسەقامگیر بووە. بوونی گروپە چەکدار و تیرۆریستییە ناوچەییەکانی وەکوو دەوڵەتی ئیسلامیی ویلایەتی خۆراسان (ISKP)، ئەلقاعیدە و تەحریکی تاڵیبانی پاکستان، گەشەسەندنی قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەر و چەک و بەڕێوەبردنی نایەکسانی سەرکردایەتی تاڵیبان، وە ڕەنگە ئاسانکاریکردن بۆ تاوانی ڕێکخراو، هەموو ئەمانە نیگەرانییەکان لە پایتەختەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا دەوروژێنن.

تاجاکستان

تاجاکستان و ئەفغانستان درێژترین سنووری هاوبەشیان هەیە، کە زیاتر لە 1,300 کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە. لە هاوینی 2025ـەوە چەندین ڕووداو جەخت لەوە دەکەنەوە کە سنوورەکە چەندە ناجێگیرە. جگە لە شەڕ و پێکدادانەکەی مانگی ئابی 2025 لە سەرانسەری ڕووبارى پانج، لە مانگی تشرینی دووەمی 2025ـدا دوو هێرش لە ئەفغانستانەوە بۆ ناو تاجاکستان بووە هۆی کوژرانی دوو کرێکاری چینی و کرێکارانی بنیاتنانی ڕێگاوبان. لە دوای مانگێک، لەشکرکێشییەکی تووندڕەوەکان، کە وا دەردەکەوێت ئەندامی دەوڵەتی ئیسلامیی ویلایەتی خۆراسان (ISKP) بن، دوو سەربازی سنووری تاجاکستان و سێ هاووڵاتی مەدەنیان کوشت.

ئەم ڕووداوە دووبارەبووانە هەڕەشەیەکی ئاسایشی و بارگرانییەکی ئابووریین. لەگەڵ ئابوورییەکی تاڕادەیەک گەشەسەندوو و هێزێکی کاری زۆری پشتبەستوو پارەی کۆچبەرانی کرێکار لە دەرەوە، تاجاکستان ناسەلامەتیی سنووورەکان وەک هۆکارێکی ئەگەری بۆ نائارامییەکی فراوانتر تەماشادەکات.

حکومەتی تاجاکستان لە دژی دزەکردنی تیرۆریستان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، هەوڵدەدات وڵاتەکە بکات بە سەنگەرێک. ڕێکخراوی ئاسایش و هەماهەنگیی لە ئەورووپا (OSCE) و فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا، بە هەماهەنگی لەگەڵ گروپی سەربازی ئەمریکا و تاجاکستان، مەشقی ناوچەیی پێشکەش دەکەن و بۆ لابردنی مینی بۆمبڕێژکراو کە هەڕەشە لە خەڵکی مەدەنی دەکەن و زەوییەکان بۆ کشتوکاڵکردن بێکەڵک دەکەن، هێزەکانی تاجاکستان ئامێربەند دەکەن.

بە هەمان شێوە ڕێکخراوی ئاسایش و هەماهەنگیی لە ئەورووپا (OSCE) بۆ پاراستنی سنووورەکان هەماهەنگی لەگەڵ گروپی سەربازی ئەمریکا و تاجاکستان دەکات. ئامێری وەک کامێرای چاودێری و ئۆتۆمبێل بۆ سەرکوتکردنی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرەکان و تیرۆریزم دابین دەکەن.

ئۆزبەکستان

تاشکەند هەوڵی داوە بە وریاییەوە لەگەڵ حکومەتی ئەفغانستاندا بسازێت؛ بە جۆرێک بۆ جێگیرکردنی سەقامگیری، هاوسەنگییەک لە نێوان ڕێوشوێنە ئەمنییە تونەدکان و دیپلۆماسییەکی پراگماتیکیدا ڕابگرێت. دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان لە مانگی کانوونی دووەمی 2024 ئاماژەی پێکردووە، بەو پێیەی کەنارگیرکردن تەنها تۆڕەکانی تووندڕەوی بەهێز دەکات، ئۆزبەکستان سەرکردایەتیی بانگەوازەکانی ئاوێتەکردنەوەی ئەفغانستانی لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا کردووە.

ئۆزبەکستان خاڵە سنوورییەکانی زیادکردووە، دامەزراوە گومرگییەکانی بەهێزتر کردووە و تەکنەلۆژیای چاودێریکردنی باشتر کردووە. بە هەمان شێوە سەرکردایەتیی گفتوگۆ ناوچەییەکان دەکات لەسەر ئاسایشی ڕێڕەوی بازرگانی، پرسێک کە زۆر پەیوەندیدارە بە هێڵی ئاسنینی پلان بۆ دارێژراوی ترانس ئەفغانەوە کە بازارەکانی ئاسیای ناوەڕاست بە بەندەری کاراچیی پاکستانەوە دەبەستێتەوە. بەڵام نیگەرانییە ئاسایشییەکان بنەمای گفتوگۆکانن: بەهۆی بێ یاساییەوە، دروستکردن و کارپێکردنی هێڵی ئاسنین کۆسپی لەسەرە.

کۆماری قرغستان

لە بیشکێک، نیگەرانییەکان سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ناسەقامگیری و بەرەنگاربوونەوەی تووندڕەوی بووەتە هۆی دارشتنەوەی پێکهاتەی جێبەجێکردنی یاسا و هەواڵگری وڵاتەکە، بەجۆرێک کە دەزگا سنوورییەکانی دەوڵەت و وەزارەتی پاسەوانی دەوڵەت لە تەواوی پێکهاتە ئاسایشییەکانی تر جیاکراونەتەوە.

بەڕێرسانی قرغستان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە چاودێریکردنی سنووورەکان هەرە گرنگرتینە، وە ڕێککەوتنەکانی ئەم دواییەی دیاریکردنی سنووورەکان لەگەڵ تاجاکستان و ئۆزبەکستان گرژییەکانی ناوچەکەیان کەمکردووەتەوە و هەماهەنگییە ئاسایشییەکانی باشتر کردووە.

وڵاتەکە پاسەوانیی هاوبەش و ئاڵوگۆڕی هەواڵگری لەگەڵ ئۆزبەکستان و کازاخستان دەپارێزێت، وە لە بەرنامە ناوچەییەکانی مەشقی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە لەلایەن فەرمانگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، چالاکانە بەشداری دەکات.

کازاخستان

هەرچەندە سنووری لەگەڵ ئەفغانستاندا نییە، بەڵام کازاخستان هێشتا ئەو نائاسایشییەی لەو وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت وەک هەڕەشەیەک سەیر دەکات و سنووورەکانی خۆی وەک ستراتیژی لەپێشینە دەپارێزێت. دزەکردنی تیرۆریستان جێگەی نیگەرانییەکی کەمترە، بەڵام بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و بیروباوەڕی تونڕەو و ڕۆیشتنی پەنابەران جێگەی نیگەرانیی گەورەی ئاستانان.

بە هەمان شێوە وەک گەورەترین و دەوڵەمەندترین دەوڵەتی ناوچەکە، کازاخستان ڕۆڵێکی سەرەکیی ناوچەیی دەگێڕێت، لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هاوبەشکردنی زانیاری بڕەو بە هەماهەنگیکردن دەدات و میوانداریی گفتوگۆکان دەکات.

تورکمانستان

تورکمانستان بەڕێوەبردنی توند لەسەر سنووورەکانی لەگەڵ ئەفغانستان ئەنجام دەدات و لە ناوچە تەنیشتییەکان چاودێری دەکات. بەگوێرەی سیاسەتە بێلایەنە بە فەرمی دانێدانراوەکەی، تورکمانستان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی سنووورەکان و پرسە ئاسایشییە پەیوەندیدارەکان بە ئامانجی پاراستنی سەقامگیریی ناوخۆیی و ڕێگریکردن لە تاوانە سنووربەزێنەکان، هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشە ناوچەییەکاندا دەکات.

هەماهەنگیی ناوچەیی

ئەگەر ناسەقامگیریی ئەفغانستان یەک سوودی بەدوای خۆیدا هێنابێت، ئەوا ئەوەیە کە دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاستی لەیەکتر نزیک کردووەتەوە. وڵاتەکان بە وریاییەوە ئەرکی لەپێشینەیان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی سنووورەکان و هەماهەنگییەکانی جێبەجێکردنی یاسا یەکدەخەن.

لە ڕێگەی شێوازە فرەلایەنەکانی وەک دەستپێشخەرییەکانی مەشقی ناوچەیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەفسەرانی گومرگ و بەڕێوەبردنی سنووورەکانی ئاسیای ناوەڕاست باشترین مەشقە کردارییەکانیان ئاڵوگۆڕ کردووە و سیناریۆی هاوبەشیان ئەنجامداوە. ڕاوێژکارییە بەردەوامەکان لە ژێر چوارچێوە فرەنەتەوەییەکانی تردا بە هەمان شێوە کەناڵەکانی پەیوەندی کە پێشتر بەهۆی ناکۆکیی سیاسییەوە بەربەستان بۆ دروست ببوو، پەرەپێداوە.



سەربازانی کازاخستان، کۆماری قرغستان، پاکستان، تاجاکستان و ئۆزبەکستان لەگەڵ ئەمریکا و هێزە هاوبەشەکانی تر لە مەشقی هەماهەنگیی ناوچەیی 25 لە مانگی حوزەیرانی 2025 مەشق ئەنجام دەدەن. عەریفی دەستە کۆڵێن تێسنس/هێزی ئاسمانی ئەمریکا

هەروەها کازاخستان، کۆماری قرغستان، تاجاکستان و ئۆزبەکستان لە مانۆڕە سەربازییە هاوبەشە سالانەییەکانی هەماهەنگیی ناوچەیی کە لەلایەن فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکاوە سەرپەرشتی دەکرێت (تورکمانستان چاودێر بووە) بەشداریان کردووە و وەک بەشێک لە بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەت، ئاڵوگۆڕ و مەشقی هاوبەشی بەردەوام لەگەڵ هاوبەشەکانی پاسەوانی نیشتمانیی ئەمریکا ئەنجام دەدەن.

پرسی کۆن، چارەسەری نوێ

واقیعی ئاسایشیی لە دوای ساڵی 2021، ئاسیای ناوەڕاستی ناچار کردووە بە گریمانە کۆنەکاندا بچێتەوە. هەماهەنگیی ئابووری بە تەواوەتی پەیوەستە بە سەقامگیرییەوە، چونکە وەبەرهێنانی ناوچەیی لە ڕێڕەوی گواستنەوە و وزەدا پەیوەستە بە سنووری پارێزراوەوە. ئەم پەیوەندییە بە تایبەتی لە گەشەسەندنی گفتوگۆکانی نێوان کازاخستان، کۆماری قرغستان و ئۆزبەکستاندا سەبارەت بە یەکخستنی سیستەمی بەڕێوەبردنی سنووری کاندا دیارە، هەنگاوێکی گرنگ بە ئاڕاستەی کەمکردنەوەی قاچاخچێتی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ.

هاوەنگی ناوچەیی بە لاوازی دەمێنێتەوە، زۆرجار بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان جیاواز دەبن، ڕەوتی زانیاری لە نێوان دەوڵەتاندا ناهاوسەنگ دەمێنێتەوە و نایەکسانی سەرچاوەکان توانای نایەکسان بۆ چەسپاندنی چاکسازییەکان دروست دەکات، هەموو ئەمانە توخمە گرنگەکانی هەماهەنگیی ئاسایشی کاریگەرن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، ئەم وڵاتانە لە هاوکاری و هەماهەنگیدا پێشکەوتنی بێ وێنەیان بەدەستهێناوە.

سێبەری ئەفغانستان

سەرەڕای پەیوەندییە پچڕپچڕەکان، ئەفغانستان وەک دراوسێیەکی پێشبینینەکراو دەمێنێتەوە. دوو فاقیی تاڵیبان بەرامبەر بە بەشداریکردنی نێودەوڵەتی، بەردەوامبوونی هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی ویلایەتی خۆراسان (ISKP) لە نزیک پارێزگاکانی باکوور و چەسپاندنی ئابووریی نایاسایی، هەموو ئەمانە ئەوە نیشان دەدەن کە فشارە سنوورییەکان کەم نابنەوە.

بۆ ئاسیای ناوەڕاست، ئاڵنگارییەکە دوولایەنەیە: پتەوکردنی سنووری کان، لە هەمان کاتدا دوورکەوتنەوە لە کەنارگیرکردن کە دەکرێت لەناو دانیشتوانی خۆیاندا تووندڕەوی پەروەردە بکات. وەک ستراتیژییەکی ئاسایش، جڵەوکردن سنووریاری خۆی هەیە. یەکخستنی ئابووری و بازرگانی، بە مەرجێک ئاسایش پارێزراوبێت، دەتوانن پشتبەستن بە تۆڕە نایاساییەکان کەم بکەنەوە.

ڕێڕەوی ئاسایشی هەرێمەکە پشت بە توانای بەدامەزراوەییکردنی هەماهەنگییەکان دەبەستێت، لەوانە میکانیزمەکانی هاوبەشپێکردنی زانیاریی هەواڵگری، بەپیشەییکردنی دەزگا سنوورییەکان و وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیادا، لە درۆنەوە هەتا سیستەمی بایۆمەتری، بۆ چاودێریکردنی زەوییە فراوان و ناڕێکەکان.

هاوبەشە دەرەکییەکان، چ ناوچەیی و چ نێودەوڵەتی، وەک چارەنووسساز دەمێننەوە. ئەمریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی ئاسایش و هەماهەنگیی لە ئەوروپا (OSCE) و یەکێتی ئەورووپا مەشقپیدان و بودجەیان بۆ بەرنامە سنوورییەکان فراوانتر کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، تاقیکردنەوەی کۆتایی لە خاوەندارێتی و هەماهەنگیی ناوچەییدایە. دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست کلیلی ئاسایشی خۆیان لە دەستی خۆیاندایە. ✦

ئایا ڕژێمی ئێران لە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دوودڵ دەبێت؟



زۆر کەس خۆیان بەدووردەگرن لەوەی کە ئایا دەبێت گرنگترین پرسیار لە مشتومڕی نێودەوڵەتی سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران چی بێت: ئەگەر ڕژێمی ئێران خاوەنی چەکی ئەتۆمی بێت، ئایا لە بەکارهێنانی یاخود ڕادەستکردنی بۆ دەستی یەکێک لە میلیشیا بەکرێگیراوەکانی لە ناوچەکەدا دوودڵ دەبێت؟

ئەم پرسیارە پرسیارێکی گریمانەیی نییە. گرنگە هەڵسەنگاندن بۆ سروشت و ڕەفتاری ئەم دەسەڵاتە لە ساڵی 1979ـوە ئەنجام بدەین.

ماوەی 47 ساڵە، ئێران کار بۆ هەناردەکردنی پیلانەکانی دەکات، کە لەسەر شۆڕش، تووندوتیژی، مەرگ و وێرانکاری لە ڕێگەی ئاژاوەی چەکدارییەوە بنیات نراوە، وەک لەوەی هەوڵی سەقامگیری یاخود هاوبەشیی ناوچەیی بدات.

تاران لە دروستکردنی تۆڕێکی سنوور بەزێنی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی، کە مووشەک، درۆن، مەشق و پارەی بۆ دابینکردوون، سەدان ملیار دۆلار وەبەرهێنانی کردووە.

- **لە لوبنان،** دەوڵەت بۆ داماڵینی چەکەکانی حیزبوڵڵای لوبنان کە لەلایەن ئێرانەوە دابینکراوە، خەباتی کردووە.
- **لە عێراقدا،** لەژێر فشاری میلیشیا چەکدارە پاڵپشتیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە، سەروەریی دەوڵەت لاواز بووە.
- **لە سوریادا،** کاتێک میلیشیا پاڵپشتیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە وڵاتەکەیان کرد بە مەیدانی جەنگێکی ناوچەیی، سەدان هەزار کەس بوونە قوربانی.
- **لە یەمەن،** پشتیوانیی ئێران لە ڕاپەڕینی حوسییەکان بوو بە هۆی جەنگێکی دڕێژخایەن کە ئابووریەکەی وێران کردووە، ملیۆنان هاوڵاتی خستووەتە ناو قەیرانی مرۆییەوە و یەمەنی داگیرکراو لەلایەن حوسییەکانشی کردووە بە بنکەیەک بۆ بە ئامانجگرتنی بازرگانیی نێودەوڵەتی و ڕێڕەوە دەریاییەکان.

ئەم تۆمارە باس لە هەڵەی سیاسی و دەستێوەردانی سنووردار ناکات. ئەوە ستراتیژێکی تەواو یەکخراوە کە لەسەر بنەمایەکی ڕوون بنیات نراوە: فراوانکردنی کاریگەریی ئێران لە ڕێگەی میلیشیاکان و ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی دروستی دەکەن.

بەهۆی ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیی ڕژێمی ئێرانەوە هەڕەشەی ئەتۆمی هێندەی تر مەترسیدار بووە.

دەقی فەرمیی وتاری ڕژێمەکە پڕە لە دروشمی مەرگ و دوژمنایەتی، وە ملمانێ وەکو بەشێک لە ناسنامەی سیاسیی خۆی دەخاتە ڕوو. ناتوانرێت بە بەکارهێنانی ستانداردە نەریتییەکانی ڕێگریی ئەتۆمی کە وا گریمانە دەکەن دەوڵەتەکان هەرچەندە ناکۆکییەکانیان قووڵ بێت، لە کۆتاییدا هەوڵدەدەن خۆیان لە لەناوچوون بپارێزن، هەڵسەنگاندن بۆ ستراتیژییەکەی بکرێت.

بەڵکو ڕژێمی ئێران لە ڕێگەی پەرەپێدانی بەرنامەی ئەتۆمی، سیستەمی مووشەکی بالیستی، توانای درۆن و گروپە چەکدارە بەکرێگیراوەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی، ستراتیژی خۆی لەسەر بەدەستخستنی چەکی کۆمەڵکوژ بنیات ناوە.

بە تەنیا ئەم واقیعە دوودڵییەکی ستراتیژیی مەترسیدار دروست دەکات: ئەگەر ئێران خاوەنی چەکی ئەتۆمی بێت، ئایا ڕژێمەکە بەکاری دەهێنێت؟ پرسیارێکی تری گرنگی هاوشیوە بریتییە لە: ئایا دەکرێت ئەم چەکە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ، بگوازرێتەوە بۆ دەستی یەکێک لە تۆڕە چەکدارەکانی؟

مێژووی ڕژێمی ئێران هیچ هۆکارێک پێشکەش ناکات تا متمانە بەوە بکەین کە ئەم ئەگەرانە دوورن لە ڕووداندا.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، تاران تەکنەلۆژیای مووشەکی، درۆن و چەکی پێشکەوتووی بۆ میلیشیا تیرۆریستییەکانی سەر بە خۆی گواستووەتەوە. لەگەڵ هەر خولێکی ملمانێ لە ناوچەکەدا، ئەم توانایانە زیاتر تەشەنەیان کردووە.

با بۆ ساتێک لەژێر واقیعێکی لەم چەشنەدا بڕوانینە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: بوونی ڕژێمێک کە خاوەنی چەکی ئەتۆمییە و تۆڕێک لە میلیشیا سنووربەزێنەکان لە چەندین دەوڵەتدا بەشداریان لە ملمانێی کراوەدا کردووە.

لە سیناریۆیەکی وەهادا، چەکی ئەتۆمی وەک ڕێگرییەکی نەریتی نامێنێتەوە. بەڵکو دەکرێت ببێت بە لایەنێکی نوێ لە جەنگەکانی تاراندا، وە لە جەنگی بەکرێگیراوەکانیشیدا.

ئەمە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە.

نیگەرانیی سەرەکی چیتر بریتیی نابێت لە بوونی بەرنامەی ئەتۆمی، ئاستی پیتاندن یاخود ژمارەی ئامێری جیاکەرەوەی ناوەکیی ئەتۆمی. بەڵکو پرسی سەرەکی سروشتی ئەم دەسەڵاتەیە کە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەدات.

ئەمڕۆ، جیهان نەک تەنها ڕووبەڕووی پرسێکی نەریتیی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەبێتەوە بەڵکو ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئەم چەکانە بگەن بە دەستی تۆڕە چەکدارە ناحکومییەکان.

ئەم ئەگەرە بە تەنیا، دەبێت ببێتە بنەمای ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا بکات.

نیگەرانیی سەرەکی چیتر بریتیی نابێت لە بوونی بەرنامەی ئەتۆمی، ئاستی پیتاندن یاخود ژمارەی ئامێری جیاکەرەوەی ناوەکیی ئەتۆمی. بەڵکو پرسی سەرەکی سروشتی ئەم دەسەڵاتەیە کە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەدات.

ڕژێمێک کە دەیان ساڵە کاری لەسەر دروستکردنی میلیشیای بەکرێگیراو و تێکدانی سەقامگیریی دەوڵەتان کردووە، کاتێک چەکی ئەتۆمی بەدەست دەهێنێت، لەپڕێکدا ناگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێکی بەرپرسیار.

بە پێچەوانەوە، ڕەنگە خاوەندارێتیی چەکێکی لەم چەشنە هەستێکی بەرگریی زیاتری پێبدات و لە ژێر چەتری ڕێگریی ئەتۆمیدا هانی بدات چالاکییە ناسەقامگیرکەرەکانی لە ناوچەکەدا فراوانتر بکات.

ئەگەر ئەوە ببێت بە واقیع، ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاکە ناوچە نابێت کە مەترسیی لەسەربێت. ✦



جوڵەی ئیلهامبەخشی 2026

هێزەکانی پاکستان و ئەمریکا مەشقی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەماهەنگ دەکەن

دەستەی یونیپاس

سەربازانی گروپی دەزگا تایبەتەکانی سوپای پاکستان و سوپای ئەمریکا لە میانی دوو هەفتەی مەشقکردندا لە مانگی کانونی دووەمی 2026 تواناکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریان چڕکردووەتەوە.

مەشقی ئۆپەراسیۆنە تایبەتە دوولایەنەکان، لە ناوەندی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری پاکستان لە خاریان بەڕێوەچوو، جوڵەی ئیلهامبەخشی 2026 ناسێنرا.

پاش ئەوەی لە لایەن چەند گروپێکی تیرۆریستییەوە هێرشی کرایە سەر، پاکستان بۆ باشترکردن و ئاسانکاریکردنی هەماهەنگیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکە، داوای هاوکاری لە هاوبەشە سەربازییەکانی کرد.

"ئامانجی مەشقەکە بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی لێکتێگەیشتن و هەماهەنگیی هاوبەش لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لە هەمان کاتدا زیاتر پاڵاوتنی تاکتیک، تەکنیک و ڕێکارە پێویستەکان بۆ ئۆپەراسیۆنە کاریگەرەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر."پەیوەندییە گشتییەکانی نێوان دەزگا خزمەتگوزارییەکان (ISPR) ئاماژەی پێدا.

ئەم گەڕی 13ـەمی مەشقەکە تیشکی خستە سەر کارامەیی پیادەیی یەکخراو، تاکتیکی پێشکەوتوو و ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لەوانەش ڕزگارکردنی بارمتە و تەقەکردن، لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکان لە ژینگە ئاڵۆزەکانی شاردا. سەرکەوتوویی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پشت بە پەیوەندییە دامەزراوەییەکان و ڕێزگرتنی پیشەیی نێوان کۆمەڵگەکانی ئۆپەراسیۆن تایبەت دەبەستێت، وە مەشقەکانی وەک جوڵەی ئیلهامبەخش ئەو پەیوەندییانە قووڵتر دەکەنەوە. مەشقەکە بە نمایشێکی تەکنیکەکانی هێرشکردنی هاوبەش و ڕزگارکردن کۆتایی هات.

جوڵەی ئیلهامبەخش 2026 لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا گەشەسەندنێکی ئەرێنیی لە هەماهەنگییە سەربازییەکانی نێوان پاکستان و ئەمریکادا نیشان دەدات، فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ڕایگەیاندووە، ڕاهێنانەکانی مەشقی هاوشێوەی جوڵەی ئیلهامبەخش "پەیوەندییە بەرگرییە دڕێژخایەنەکانمان بەهێز دەکەن" لەگەڵ پاکستان و بڕەو بە سەقامگیریی ناوچەکە دەدات. ڕادیۆی پاکستان مەشقەکەی بە زیادکردنی "ڕەهەندێکی نوێ" هەماهەنگیی بەرگریی بۆ پاکستان و ئەمریکا پێناسەکرد.

ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەنێو گۆڕەپانە سەرەکییەکانی مەشقی هێزە چەکدارەکانی پاکستاندایە و لەگەڵ چەندین هاوبەشدا میوانداریی چالاکییەکانی مەشقی فرەنەتەوەیی کردووە، لە نێویاندا مەشقی فەجر ئەلشەرق لەگەڵ بەحرەین، عێراق و کوەیت.

ئەمریکا وەک هاوبەشێکی سەرەکی لە پاراستنی ئاسایش لە سەرانسەری باشوور و ناوەڕاستی ئاسیادا دەبینێت. "جوڵەی ئیلهامبەخش 2026 ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی بەردەوامیی پاکستان و ئەمریکایە بەرامبەر بە هەوڵە هاوبەشەکان بۆ ئاشتی و سەقامگیری،" پەیوەندییە گشتییەکانی نێوان دەزگا خزمەتگوزارییەکان (ISPR) ئاماژەی پێدا. ✦



کۆماندۆکانی گروپی دەزگا تایبەتەکانی پاکستان لە 2024 لە ڕۆژی نیشتمانیی پاکستان لە ئیسلام ئاباد نمایش دەکەن. پێیان دەوترێت "Black Swan"، هێزی دەستەبژێر لە مەشقی ئیلهامبەخشی 2026 میواندارێی سەربازانی سوپای ئەمریکای کرد. ئەسۆشیەتد پرێس



دانایی لە خزمەتکردنی وڵاتدا

عەمید ڕۆکن ڕەزاق ئەل ڕەواشدە لە کاتە سەختەکاندا سەرکردایەتیی کۆڵێژی بەرگریی نیشتمانی شاهانەی ئەردەنی کرد

دەستەی یونیپاس | وێنەکان لەلایەن کۆڵێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانەی ئەردەن

ناسینی کەسانی پیشەیی کە تەواو شارەزابن لە بواری تایبەتەکانیان، شتێکی باوە: ئەندازیار باس لە نوێترین دیزاینەکانی دەکات یاخود فەرماندەی سەربازی سیستەمێکی نوێی چەک شرۆڤە دەکات.

کۆبوونەوەی عەمید ڕۆکن ڕەزاق ئەلڕەواشدە، بەڕێوەبەری ئەوکاتەی کۆڵێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانەی ئەردەن، زانایەک دەناسیت کە لە بابەتگەلی هەمەچەشندا خواستی قوواڵی هەیە. بە هەمان شێوە ناوبراو هاوشێوەی تاکتیک و ستراتیژی سەربازی، ئارەزووی گفتوگۆکردن لەسەر شیعر، فەلسەفە و مێژوو دەکات.

هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب بەهرەمەندییەکانی عەمید ڕۆکن ئەلڕەواشدەی بۆ گرتنەدەستی چەندین پێگەی کاریگەر لە ماوەی دەیان ساڵەی ژیانی سەربازییدا بەکارهێنا. لە دوای خزمەتکردنی لە کۆڵێژی بەرگری، لە کۆتایی ساڵی 2026 پلەکەی بۆ یاریدەدەری سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەش بۆ ئۆپەراسۆن و ڕاهێنان بەرزکرایەوە. پۆستێکی گرنگی تر نوێنەری باڵای نیشتمانیی ئەردەن بوو لە فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا لە تامپا، ویلایەتی فلۆریدا، کە تێیدا بەشێک بوو لە دەستەیەکی ڕاوێژکاریی ئەفسەرانی سەربازی کە لە سەرانسەری جیهانەوە هاتبوون.

”کارەکانم لە فەرماندەیی ناوەندی بە یەکێک لە هەرە گرنگترین ئەرکەکانی ژیانی سەربازیم دادەنێم. پەیوەندیکردن لەگەڵ وڵاتانی دۆست بوارمان پێدەدات ئەزموونی بەرفراوان بەدەستبهێنین و هاوکات پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتەکانمان بەهێزتر بکەین،“ عەمید ڕۆکن ئەلڕەواشدە ڕایگەیاند.



لیوا یوسف حنێتی، سەرۆکی ئەوکاتەی دەستەی ئەرکانی هاوبەش، چەپ، عەمید ڕۆکن ڕەزاق ئەلڕەواشدە، ڕاست، لە میانی سەردانەکەیدا بۆ کۆڵێژی بەرگری نیشتمانی، یاوەڕی خاوەن پایە شازادە حەسەن بن تەڵاڵ دەکەن.

”فەرماندەیی ناوەندی بواریکی زۆر ئاڵۆزی بەرپرسیارێتی لەخۆدەگرێت؛ لە ئەنجامدا، هەندێکجار بەبێ وچان بۆ مسۆگەرکردنی سەقامگیریی ناوچەکە کارمان دەکرد. لە ڕێگەی کۆبوونەوەی ڕۆژانەوە، ئێمە بە تەواوی لەو ڕووداوانەی لە سەرانسەری جیهاندا ڕوودەدەن و کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانیان لەسەر ناوچەکانی تر ئاگادارەدەکراینەوە.“

به هەمان شێوە ئەرکەکانی تریش ئەزموونی جۆراوجۆریان پێشکەش کرد: سەرۆکی بەشی تاقیکردنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی ئۆپەراسیۆنی جەنگی؛ سەرۆکی بەشی ئۆپەراسیۆن و مەشقکردن لە فەرماندەیی ناوچەی سەربازیی باکوور؛ فەرماندەی کۆلێژی زانستە سەربازییەکان؛ فەرماندەی کەرتی 60ـی زرێپۆشی شازادە حەسەن بن تەلاڵ؛ و بەڕێوەبەری فەرمانگەی سەربازیی تایبەتی خاوەن شکۆ فەرماندەی باڵا.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی بە پلە باڵاکاندا، ناوبراو شکۆی خزمەتکردنی وەک فەرماندەی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانی پێبەخشرا، لەوێ توانی شارەزایی خۆی بۆ بنیاتنانی ئەفسەرە سەربازییە گەنجەکان هاوبەشپێبکات.

"لە کۆلێژی بەرگریی نیشتمانی، ئێمە مەترسییە ئاسایشییەکان شی دەکەینەوە و هەوڵ بۆ چەسپاندنی چارەسەری بەردەوام دەدەین. ئێمە کاردەکەین بۆ بنیاتنانی سەرکردەی داهاتووی خاوەن توانای بەڕێوەبردنی قەیرانەکانیان لە ژێر سەختترین بارودۆخدا،" ناوبراو ئاماژەی پێدا.

"بێگومان، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوە جدییانەی لە سەرانسەری ناوچەکەدا ڕووەدەدەن، دەبێت سەرکردەی خاوەن توانای ناوازە دروست بکەین، سەرکردەیەک کە بتوانێت ئەم ئاڵنگارییانە بەڕێوەببات، پارێزگاری لە ئاسایشی نیشتمانی بکات و بەرژەوەندییەکانی میللەت بپارێزێت."

بۆ ئەوەی خۆی بۆ پێگەکانی ئاستی باڵای سەرکردایەتی ئامادە بکات، عەمید ڕووکن ئەلرەواشدە لە ڕێگەی کۆمەڵێک مەشقی مەیدانی و خولی خوێندنەوە خۆی لەگەڵ زۆربەی لایەنەکانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن ئاشنا کرد.

خوێندنی سەربازی ناوبراو بریتی بوو لە خولی ئەفسەرانی پلە نزم، مەشقی تایبەتی پەرەشوتوان، مەشقی تایبەت بە کۆماندۆ، جەنگی زرێپۆش، جەنگی کیمیایی، شەڕی ناو شار، تاکتیکی پیادە، هەواڵگریی سەنگەر، سەرکردایەتیی ستراتیژی و شیکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی هاوبەش. بە هەمان شێوە خوێندنی سەربازیی پێشکەوتووی لە ئەمریکا، بەڕیتانیا و ڕۆمانیا ئەنجامداوە.

عەمید ڕوکن ئەلرەواشدە باوەڕی وایە کە دەبێت ئەفسەرانی فەرماندە و سەربازەکانیان پەیوەندییەک دروست بکەن لەسەر متمانە و ڕێز بنیات نرابێت.

"پێویستە ئەفسەرێک وەک کوڕێک یان برایەکی بچووک مامەڵە لەگەڵ سەربازەکانیدا بکات؛ بێگومان، ئەفسەرێکی سەرکەوتوو دەرگاکەی بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، گوێ لە نیگەرانییەکانی سەربازەکانی دەگرێت و بۆ دۆزینەوەی چارەسەر کار دەکات. هەر ئەم ڕێبازەیە کە یەکڕیزیی لەناو یەکەیەکی سەربازیدا پەروەردە دەکات، ئەمەش وای



سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئەردەن سەمیر ئەلریفای، چەپ، سەردانی کۆلێژی بەرگری دەکات.



عەمید ڕۆکن ئەلرەواشدە لە کۆلێژەکەدا بەشداری لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی بەرنامەیەکی نوێ دەکات.

لێدەکات کە ئەرکەکەی بە کاریگەرترین شێوە جێبەجێ بکات،" ناوبراو ڕایگەیاند. "دڵسۆزی لە ڕێگەی ڕێزگرتنەوە بەدەست دەهێنرێت، نەک تۆقاندن."

ئەو هەستی دڵسۆزی و سەرسامبوونە بۆ فەرماندەی گشتی، خاوەن شکۆ شا عەبدوڵڵای دووەم بن حوسێن درێژدەبێتەوە.

"فەرماندەی سەربازیی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە وڵاتەکەی لە وێرانکارییەکانی جەنگ بەدوور دەگرێت، ئەو کەسەیە کە بەرلەوەی ناچاربێت پەلاپێتەکە بتەقێنێت، سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. ئەمە ڕێک ئەوەیە کە من لە خاوەن شکۆ شا عەبدوڵڵای دووەمدا دەیبینم،" عەمید ڕۆکن ئەلرەواشدە ئاماژەی پێدا.

"کاتێک مرۆڤ چاودێریی ناسەقامگیری، جەنگ و وێرانکارییەکانی دەوروبەری ئەردەن دەکات، بۆی دەردەکەوێت کە شانشینەکە، سوپاس بۆ خودا و سەرکردایەتی ژیرانەی خاوەن شکۆ، لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیدا لە بەرامبەر هەر پێشێلکارییەکدا جێگیرە. دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ سەرکردەیەک کە بتوانێت لەو ململانێ ناوچەییانەی لە سنوورەکانەوە درێژدەبنەوە، یاخود لە هەوڵی هەندێک وڵات خواست خراپ بۆ ڕاکێشانی وڵاتانی سەلامەت بۆ ناو پشێوی، وڵاتەکەی بپارێزێت."

ژیانی سەربازیی عەمید ڕۆکن ئەلرەواشدە پڕە لە دەستکەوت و خەڵاتی ڕێزلێنان. ئەمانە ڕێزلێنانی نێودەوڵەتی وەک مەدالیای نەتەوە یەکگرتووەکان و مەدالیای بەشداریکردن لە هێزەکانی ئاشتیپارێزیی نێودەوڵەتی، بە هەمان شێوە خەڵاتی ڕێزلێنانی ئەردەنیی وەک خەڵاتی شا عەبدوڵڵای دووەم بۆ باشترین (پلەی یەک) و باجی خزمەتی زۆر و دڵسۆز لەخۆدەگرن.

بە ڕەنگدانەوەی سەرکردایەتیکردنی ناوبراو لە کۆلێژی بەرگریی نیشتمانی، عەمید ڕۆکن لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوە بەناوبانگەی کە 40 ساڵ لەمەوبەر لەلایەن خاوەن شکۆ شا حسێن بن تەڵاڵی کۆچکردووەوە دامەزرابوو، تێڕوانینێکی فراوانتر لەسەر پێگەی خۆی وەردەگرێت.

"من کارەکەم لە کۆلێژەکەدا بە خاڵێکی دەستپێکردن دەزانم کە ئەفسەرێک لە ماوەی کارکردنیدا ڕادەوەستێت تا لەسەر دەستکەوتەکانی کەسانی پێش خۆی بنیاتنان ئەنجام دات." عەمید ڕۆکن ئەلرەواشدە ڕایگەیاند. "دەبێت بەوپەڕی خۆتەرخانکردنەوە کار بۆ جێهێشتنی جێ پەنجەی جیاوازی خۆی لەسەر کۆلێژەکە بکات بەرلەوەی بەرپرسیارێتییەکە ڕادەستی کەسی دوای خۆی بکات.

"من شانازی بە هەموو پێگەیەکەوە دەکەم کە هەمبووە؛ هەریەکەیان جێگەیەکی تایبەتیان لە دڵمدا هەیە، لەگەڵ یادەوەرییە بەنرخەکان و ئەو هاوکارانەی لەگەڵیاندا خزمەتم کردووە."



پلانی ئەردەن بۆ داڕشتنەوەی هێزە چەکدارەکانی

دەستەی یونیپاس

ئەردەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە ئاسایشییە هاوچەرخەکان، دەستی کردووە بە پلانێکی گۆڕانکاری بۆ هێزە چەکدارەکانی.

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2026، خاوەن شکۆ پاشا عەبدوڵڵای دووەم بن ئەل حوسەین، فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب، فەرمانی بە سەرکردە سەربازییەکان کرد کە ستراتیژییەکی گشتگیر بۆ داڕشتنەوەی سەربازی دابڕێژن.

"بە پشت بەستن بە پابەندبوونمان بە بەهێزکردنی تواناکانی سوپای عەرەبیمان و دەستەبەرکردنی پەرەپێدانی بەردەوامی توانا و ئامرازەکانی، ئێمە فەرمانت پێدەکەین بە داڕشتنی ستراتیژییەکی گشتگیر و نەخشەڕێگایەکی ڕوون بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی پێکهاتەیی لە هێزە چەکدارەکاندا لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا." شا لە نامەیەکدا بۆ لیوا یوسف حونێتی، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەشی ئەردەن ئاماژەی پێدا.

ستراتیژییەکە تیشک دەخاتە سەر بەرزکردنەوەی تواناکانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لەڕێگەی هاوچەرخکردنی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی خۆی تا لەگەڵ پێداویستییەکانی ژینگە جۆراوجۆرەکانی ئۆپەراسیۆن هەنگاوبنێت و باڵادەستبوون لە جەنگی هاوچەرخ، ئاوێتە و نانەریتیدا دەستەبەربکات.

نامەکەی شا جەختی لەسەر پێویستی بنیاتنانی سوپایەکی خۆڕاگر و کارامە کردەوە لە چوارچێوەی چەمکێکی جەنگیدا کە سەربازەکان بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی بەرگریکردن، هێرشبەردن و ڕێگریکردن ئامادە بکات.

هەوڵەکانی هاوچەرخکردن بریتین لە وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانی وەک ژیریی دەستکرد، لەپێشینەدانانی بەرگریی ئەلیکترۆنی و دامەزراندنی سیستەمی فەرماندەیی، بەڕێوەبردن و پەیوەندیی پارێزراو و متمانەپێکراو.

فڕۆکەیەکی UH-60 Black Hawkی هێزی چەکداری شاهانەی ئەردەن لە میانی نمایشێکی تەقەکردنی ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی مەشقی شێری تامەزرۆدا سەربازانی ئەردەن دادەبەزێنێت. عەریفی دەستەکۆپی ساندەرس/فەرماندەیی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا

بە هەمان شێوە شا عەبدوڵڵا جەختی لە فراوانکردنی ڕۆڵی نووسینگەی دیزاین و گەشەپێدانی ئەردەن کردەوە، ئەمەش دەیکات بە ناوکێک بۆ توێژینەوە، پەرەپێدان و دروستکردنی سیستەمی بەرگریی پێشکەوتوو بەگوێرەی بەرزترین ستاندارد نێودەوڵەتییەکان.

بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکا، ئەردەن بە پشت بەستن بە پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان لە بواری جەنگیدا گرنگی بە گەشەپێدانی هێزە چەکدارەکانی دەدات. بۆ یارمەتیدانی پاسەوانیکردنی کەنداوی عەقەبە، شوێنی بەندەری سەرەکی دەریایی ئەردەن، وڵاتەکە لەسەر درۆنی بێ کارمەندی سەر ڕووی ئاو و ژێر دەریایی مەشقی ئەنجام داوە. تەکنەلۆژیای چاودێریکردنی سنووورەکان لە میانی شەڕی ناوخۆی سوریادا لە پێشینەدا بوو، وە بەرپەرچدانەوەی درۆنی ئاسمانی بووەتە پایە بنەڕەتیی ڕاهێنانکردن لە میانی مەشقەکانی وەک شێری تامەزرۆ.

لیوای خانەنشینکراوی ئەردەنی ڕەزاق ئەلخەوالدە جەختی لەسەر گرنگیی ڕێگریکردن کردەوە. ناوبراو ئاماژەی بە دەستپێکردنی هێرشی ئەلیکترۆنیی پێشوەختە کرد بۆ سەر نەیاران بۆ پەکخستنی هێرشە ئاگەرییەکان.

"ئێمە ناوەندێکی هاوشێوەکردنمان هەیە کە جەنگەکانی داهاتوو هاوشێوە دەکات، وە منیش لەو باوەڕەدام کە کارمەندانی هێزە چەکدارەکان بۆ ئەم جۆرە جەنگ مەشقیان پێکراوە." ناوبراو ئاماژەی پێدا.

سەرچاوەکان: هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، jordanpulse.com، kingabdullah.jo، alarabiya.net

ئیمارات و مالیزیا پەیوەندییە دووقۆڵییەکان بەرەوپێش دەبەن

دەستەی یونیپاس

بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگیی سەربازی و ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی، هێزەکانی ئیمارات و مالیزیا لە مانگی شوباتی 2026 لە ئەبوزەبی مانۆڕێکی هاوبەشیان بە ناوی قەڵغانی بیابانی 8 ئەنجامدا.

قەڵغانی بیابان بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەیی شەڕ، بەرەوپێشبردنی پلاندانان و تواناکانی جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و یەکخستنی چەمکەکانی ئۆپەراسیۆنەکانی کردە ئامانج.

سەربازەکان بەسەر بەربەستی زماندا زاڵبوون و ئەو سیناریۆ پراکتیکی و تاکتیکییانەیان ئەنجام دا کە ژینگەی ئۆپەراسیۆنی هەمەچەشنیان بۆ باشترکردنی کارامەیی، یەکگرتوویی و تواناکانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش هاوشێوە دەکرد.

مەشقی هاوبەش قووڵیی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات و پابەندبوونیان بە بەهێزکردنی هەماهەنگیی بەرگریی هاوبەش بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری نیشان دەدات.

هەردوو وڵات بە بەردەوامی مەشقی هاوبەشی وەکو هەڵۆی دارستان و پڵنگی بیابان ئەنجام دەدەن، کە دوا گەڕیان لە مانگی شوباتی 2023 لە کەمپی ئەلحەمرە لە ئەبوزەبی بەڕێوەچوو.

ئیمارات و مالیزیا لە مانگی کانوونی دووەمی 2025 یاداشتێکی هەماهەنگیی بەرگرییان واژۆکرد کە فراوانکردنی هەماهەنگییە بەرگرییە دووڵایەنەکانی کردە ئامانج.

بە هەمان شێوە لە مانگی کانوونی دووەمی 2026 بۆ یەکخستنی هەوڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی شەفافیەتی دارایی، یاداشتنامەیەکی تریان سەبارەت بە حوکمڕانکردنی باش و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی واژۆ کرد.

سەرچاوەکان: alkhaleej.ae ،malaysiakini.com ،arnnewscentre.ae

کازاخستان و ئۆزبەکستان پەیوەندی بە ئەنجومەنی ئاشتییەوە دەکەن

دەستەی یونیپاس

ئەنجومەنی نوێی ئاشتی بە دەستپێشخەری و سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەمریکا دۆنالد ترەمپ بۆ پەرەپێدانی ئاشتی و سەقامگیری و بەڕێوەبردنی ئاوەدانکردنەوەی دوای جەنگ لە غەزە دروستکراوە.

کازاخستان و ئۆزبەکستان لەنێو ئەو 20 وڵاتەدا بوون کە لە مانگی کانوونی دووەمی 2026 بۆ واژۆکردنی ئەو جارنامەی کە بنچینەی دامەزراندنی ڕێکخراوە نوێیەکە بوو، سەرکردەکانیان ڕەوانەی داقۆسی سویسرا کرد.

بۆ دوو دراوسێی ئاسیای ناوەڕاست، بەشداریکردن وەک ئەندامانی دامەزرێنەر لە ئەنجومەنی ئاشتی دەرفەتێک بۆ دارشتنی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێودەوڵەتی و گەورەکردنی دەنگ و کاریگەرییان لەسەر ئاستی جیهانی پێشکەش دەکات.

سەرۆکی ئۆزبەکستان شەڤکەت میرزیۆیێڤ پشتیوانییەکی بەهێزی بۆ ئەنجومەنی ئاشتی دەربڕی و ئاماژەی بەوەدا کە وڵاتەکەی بەشداری لە جێبەجێکردنی کردارییدا دەکات. "کۆبوونەوەکەمان بریتییە لە سەرهەڵدانێکی زیندوو لە هاودەنگیی نێودەوڵەتی، بنیاتنانی ئاشتی و خواستێکی هاوبەش بۆ باشترکردنی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست." ناوبراو لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا ڕایگەیاند.

بە هەمان شێوە میرزیۆیێڤ ئاماژەی بەوەدا کە بەشداریکردنی دامەزرێنەریی ئۆزبەکستان لەم پرۆژەیەدا تەنیا هەوڵێکی دیپلۆماسی ڕۆتینی نییە، بەڵکو نموونەیەکی گەشەسەندنی ڕۆڵی ئۆزبەکستانە لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی.

"ئەوە ڕەنگدانەوەی هەڵبژاردنێکی بنەڕەتییە لە بەرژەوەندی گفتوگۆ، دراوسێیەتی باش و مامەڵەی بنیاتنەر،" بە وتەی بەختییۆر مستەفایێڤ، جێگری بەڕێوەبەری دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکانی ئۆزبەکستان.

لە ڕێوڕەسمی دروستکردنی ئەنجومەنەکەدا، سەرۆکی کازاخستان قاسم جومرات تۆکایێڤ ستایشی سروشتی پراکتیکی و "چەمکی داهێنەرانە"ـی "ئاشتی لە ڕێگەی بنیاتنانەوە"ـی کرد.

"ئەمە بریتییە لە دەستەبەرکردنی ئاشتی بەردەوام لە ڕێگەی ڕێوشوێنی پراکتیکی و ئامانجدارەوە، نەک لەڕێگەی کۆنفرانسی بێکۆتایی بە بڕیارنامەی هیواخوازانەوە،" ناوبراو ڕایگەیاند.



سەرۆکی ئەمریکا دۆنالد ترەمپ، ناوەڕاست، لە میانی کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجومەنی ئاشتی لە واشنتۆن دی سی لە مانگی شوباتی 2026، پشتازی لە سەرۆکی ئۆزبەکستان شەڤکەت میرزیۆیێڤ، چەپ، سەرۆکی کازاخستان قاسم جۆمارت تۆکایێڤ و چەندین سەرکردەکانی تری جیهان دەکات. AFP/گێتی ئیمەجس

تۆکایێڤ ئاماژەی بەوەدا، جگە لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، کازاخستان ئامادەیە لە ڕێگەی پشتیوانیی ئاسایشی خۆراک، یەکە پزیشکییەکان بۆ هێزی سەقامگیری و دەستەبەرکردنە پەروەردەییەکان بۆ خوێندکارانی غەزە لە زانکۆکانی کازاخستانەوە پشتیوانیی هەوڵە مرۆییەکان لە غەزە بکات.

ئەنجومەنی ئاشتی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک دەسەڵاتێکی گوێزەرەوە کە ئەرکی سەقامگیرکردن و ئاوەدانکردنەوەی غەزەی پێدراوە، پشتیوانی لێکراوە. سەرەڕای ئەوەش، ترەمپ پشتیوانیی خۆی بۆ فراوانکردنی ئەنجومەنەکە بۆ دامەزراوەیەکیی هەمیشەیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێکانی تر دەربڕی.

سەرچاوەکان: ڕۆژنامەی تایمزی ئاسیای ناوەڕاست، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەزگای زانیاریی دونیۆ، نووسینگەی سەرۆک کۆماری ئۆزبەکستان، نووسینگەی سەرۆک کۆماری کازاخستان، ڕۆژنامەی ئاستانە تایمز



ئاشتیپارێزانی کازاخستان تەقەمەنی لە بەرزاییەکانی جۆلان لادەبەن

دەستەی یونیپاس

سەربازانی ئەندازیاری و ئەندازیاریی سەربازییەکانی کازاخستان کە لەگەڵ هێزی چاودێرانی کشاندنەوەی هێزی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDOF) لە بەرزاییەکانی جۆلان خزمەت دەکەن، لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەرکەکەیانەوە لە مانگی نیسانی 2025 هەتا کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2026 زیاتر لە 1,200 پارچە تەقەمەنی نەتەقیویان لەناوبردووە.

سەربازانی کازاخستان لە میانی مەشقێکی ئاشتیپارێزیدا مەشقی کردارێ پاککردنەوەی مین ئەنجام دەدەن.

وەزارەتی بەرگری کازاخستان

هێزەکانی ئاشتیپارێزی کازاخستان جگە لە گەڕان، پاقژکردنەوەی کێڵگەکانی مین و پشکنینی تەکنیکی، 44 ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوەیان ئەنجامداوە، وەزارەتی بەرگری کازاخستان بڵاویکردەوە.

بەگشتی کەرەستەی تەقەمەنیی نەتەقیو لە گوللەی تانک و تۆپهاوێژ، مین، تەقەمەنیی سەر دروێن و ئامێری تەقینەوەی چێندراو پێکدێت، ڕائید ئێرنار ئامانتایولیی ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزیی کازاخستان لە ئەلماتی ئاماژەی پێدا.

گەڕی پێشووی ئاشتیپارێزیی کازاخستان زیاتر لە 500 پارچە تەقەمەنی پاککردەوە. نزیکەی هەموو ئەو تەقەمەنیانە پاشماوەی ململانێکانی پێشوو بوون کە لە نزیک ناوچە چڕەکانی دانیشتووان ماونەتەوە.

جگە لە پاککردنەوەی مین و لەناوبردنی کەرەستەی تەقەمەنی، ئاشتیپارێزانی کازاخستان پاسەوانیکردنی جۆلاو و چۆڵکردنی پزیشکیش ئەنجام دەدەن. بەر لە ڕەوانەکردنیان، سەربازەکان لە ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزی مەشقی تایبەتمەندی چڕیان وەرگرت.

لە مانگی شوباتی 2026، دەستەیەکی نوێی ئاشتیپارێزانی کازاخستان بۆ جێگیرکردن لە بەرزاییەکانی جۆلان، لەگەڵ هێزی چاودێرانی کشاندنەوەی هێزی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDOF) مەشقەکانیان تەواوکرد.

موقەدەم ئیلیاس ئەلماتۆڤ، فەرماندەی گەڕی سێیەم، بە وەزیری بەرگری کازاخستان لیوا داورێن کۆسانۆڤی ڕاگەیاند کە سەربازەکانی ئامادەن ئەرکەکەیان جێبەجێ بکەن و شانازییەکی گەورەیە کە بەرپرسیارێتییەکی وەها جددی پێ سپێردراوە.

سەرچاوەکان: ڕۆژنامەی ئاستانا تایمز، دەزگای هەواڵی کازئینفۆرم، کاپستان نیوز

میسڕ و فەڕەنسا ئاسایشی دەریایی بەهێز دەکەن

دەستەی یونیپاس

بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی دەریایی لە دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور، کەشتییەکانی هێزی دەریایی میسڕ لە مەشقی دەریایی هاوبەشی کیلۆپاترای 2025ـدا لەگەڵ هاوبەشە فەڕەنسییەکان مەشقیان ئەنجام دا.

مەشقی مانگی کانوونی دووەمی 2025 لە نزیک شاری تۆڵۆنی بەندەریی باشووری فەڕەنسا بەڕێوەچوو، هەرچەندە لە ساڵی 2014ـەوە مەشقی کیلۆپاترا گۆڕەپانەکانی لە نێوان میسڕ و فەڕەنسا گۆڕیوە.

مەشقی کیلۆپاترای 2025 مانۆڕە دەرییەکانی لەخۆگرت، لەوانە تۆپهاوێژی، کەشتیوانی لە پێکهاتەدا، دابەزینی خێرا بە پەت بۆ سەر سەقفی کەشتیەکان، ئەرکەکانی دووبارە دابینکردنەوە، و ئۆپەراسیۆنەکانی پەلامارداران، سواربوون، گەڕان و دەستبەسەرداگرتن.

مانۆڕەکان، کەشتیە هێلیکۆپتەر هەڵگرەکانی جۆری میستراڵی فەڕەنسی، کەشتیی جەنگیی جۆری گۆوێند، کەشتی جەنگیی قەبارە ناوەند و فڕۆکەی جەنگی F-16 ـی میسڕیان تێدا بەکارهات.

چاودێریکردنی ڕووداوەکان، عەمید ڕوکن مەحمود عادل فەوزی، فەرماندەی هێزی دەریایی میسڕ و فەریقی هێزی دەریایی کریستۆف لوکاس، فەرماندەی کەشتیگەلی فەڕەنسا لە دەریای ناوەڕاست و دەریای ڕەش.

میسڕ و فەڕەنسا پەیوەندییەکی بەهێزی سەربازی بۆ سەربازیان هەیە. جگە لە مەشقی هاوبەش، هەردوو هێز پلان و ستراتیژی هاوچەرخکردنی هاوبەشیان هەیە.

میسڕ بۆ کڕینی 30 فڕۆکەی جەنگیی ڕافال F4.1 تر، گرێبەستێکی بە بڕی 4.5 ملیار دۆلار لەگەڵ فەڕەنسادا واژۆکرد. یەکەم دوو فڕۆکەی ئەم جۆرە فڕۆکە جەنگییانە لە سەردانێکیدا بۆ میسڕ لە مانگی تشرینی یەکەمی 2025 یاوەریی فڕۆکەکانی سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانوێل ماکرۆنیان کرد.

"بە شانازییەکی زۆرەوە گەیشتینە میسڕ، بە یاوەری فڕۆکە جەنگییە ڕافالییەکانی میسڕ، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ هەماهەنگیی ستراتیژیمان،" ماکرۆن لەو کاتەدا ئەمەی نووسیبوو.

ئەم ڕێککەوتنە تەواوکەری ئەو فەرمانە سەرەتاییەیە کە لە ساڵی 2015 بۆ 24 فڕۆکە دەرکرا، ئەمەش لە دوای هێزی ئاسمانی فەڕەنسا، میسڕ دەکات بە دووەم گەورەترین بەکارهێنەری فڕۆکەی ڕافال.

بۆ چەسپاندنی هەماهەنگیی نێوان هەردوو وڵات و بەرزکردنەوەی پرکردنەوەی بەرگریی خۆیی میسڕ، سەرۆکی میسڕ عەبدولفەتاح سیسی و سەرۆکی فەڕەنسا ماکرۆن لە مانگی 2025ـدا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان واژۆکرد کە هاوبەشییەکی سەربازیی ستراتیژی لە نێوان میسڕ و فەڕەنسادا دامەزراند. سەرچاوەکان: وەزارەتی بەرگریی میسڕ، Aljazeera.net، ئەشرەق ئەلئەوسەت

عێراق تیرۆرستە ئازادکراوەکانی لە سوریا دەستگیر کرد

دەستەی یونیپاس

عێراق لە مانگەکای کانوونی دووەم و شوباتی 2026 داواکارییەکی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (USCENTCOM)ـی بۆ گواستنەوەی زیاتر لە 5,700 دەستگیرکراوی داعش بۆ زیندانەکانی عێراق کە پێشتر لە کەمپە کاتییەکانی دەستبەسەرکردن لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا دەستبەسەرکرابوون، جێبەجێ کرد.

"ئێمە لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشە ناوچەییەکان دەکەین، لەنێویاندا حکومەتی عێراق، و لە دڵەوە ڕۆڵیان لە مسۆگەرکردنی شکستی هەمیشەیی داعش بەرز دەنرخێنین،" فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (USCENTCOM) فەریقی یەکەمی هێزیی دەریایی بڕاد کووپەر ڕایگەیاند.

ئەو هەزاران تیرۆریستەی لە سوریا دەستبەسەرکراون، لەگەڵ ژنان و منداڵانی ئەندامانی داعش، ئاڵنگاریی ئاسایشیی گەورە بۆ ناوچەکە دروست دەکەن.



ژنان و منداڵان چاوەڕێی ئەوەن لە مانگی تشرینی دووەمی 2022 لە کەمپی ئەلهۆڵ لە ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕێکاربیان بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ وڵاتەکانیان بۆ ئەنجام بدرێت.

عەریف تێنزینگ شێربا/سوپای ئەمریکا

کاتێک داعش لە مانگی کانوونی دووەمی 2017 لە عێراق و لە مانگی ئازاری 2019 لە سوریا شکستی هێنا، ئۆردوگاکانی دەستبەسەرکردن لە سوریا بۆ دەستبەسەرکردنی تیرۆریستانی دیل و خێزانەکانیان دامەزران.

زیاتر لە دەیان شوێنی دەستبەسەرکردنی جیاواز نزیکەی 9,000 شەڕکەریان لەخۆگرتبوو. بەڵام ناسەقامگیریی سیاسی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا کەمپەکانی ناسەلامەت کردبوو، ئەمەش پێویستی بە گواستنەوەی زۆرێک لە تیرۆریستان بۆ شوێنە پارێزراوترەکان کرد.

لە ساڵی 2021ـەوە عێراق زیاتر لە 20,000 ئەندامی خێزانی ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە و پێشتر لە کەمپی ئەلهول دەستبەسەرکرابوون، گەڕاندەوە بۆ وڵاتەکانیان. بەشێکی زۆریان بۆ ئاوێتەکردنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگەی عێراقی هاوکاری وەردەگرن.

سەرچاوەکان: دەزگای هەواڵی کومبت، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، USCENTCOM، ڕۆیتەرز، peacerep.org، سکای نیوز

بەرنامەی هاوچەرخکردنی خوازراوی بەرگریی سعودیە

دەستەی یونیپاس

لە دوای بوونی خاوەن پایەی شاهانە محەمەد بن سەلمان ئال سعود بە شازادەی جێنشین لە مانگی حوزەیرانی 2017، سعودیە پلانێکی گشتگیری هاوچەرخکردنی دەستپێکردووە. ئەمەش حوکمڕانیی باش، هەمەچەشنکردنی ئابووری و وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای بەرگری و هاوچەرخکردن لەخۆدەگرێت.

تایبەتمەندییەکان بەرزکردنەوەی تواناکانی هێزە چەکدارەکانی شاهانەی سعودیە، نوێکردنەوەی ئامێرەکانیان و دابینکردنی 50%ـی کەرەستەی سەربازیی سعودیە لە ناوخۆدا لەخۆدەگرێت.

هاوتەریب لەگەڵ ئەو ڕوانگەیە، شانشینییەکە بۆ نیشاندانی داهاتووی یەکخستنی بەرگری لە ڕێگەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان لە هەموو جیهانەوە، میواندارییی پێشانگای بەرگریی جیهان (WDS)ـی 2026ـی کرد.

بە تیشک خستنە سەر تەوەری "داهاتووی یەکخستنی بەرگری، " پێشانگای بەرگریی جیهان (WDS)ـی 2026 ڕووبەری 800,000 مەتر دووجای لە مەودای پێشانگای لە ڕیازی گرتەوە و بەشدارىووان لە زیاتر لە 80 وڵاتەوە بەشداریان تێداکرد.

بە دامەزراندنی لە 2022 لەلایەن دەسەڵاتی گشتیی سعودیە بۆ پیشەسازییە سەربازییەکان، پێشانگای بەرگریی جیهان (WDS)ـی بوو بە پێشانگایەک بۆ سیستەمی هونەری بەرگریی پێشکەوتوو کە سەدان بەڵێندەری بەرگری تێیدا کۆدەبنەوە و سەبارەت بە ئاڵنگاریی و چارەسەرەکانی ئاسایش گفتوگۆ دەکەن.

بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی مووشەک لە نێو میلیشیا خراپەکارەکانی وەک گرووپی تیرۆریستی حوسی لە یەمەن، ئەو گرووپانەی کە لە دەرەوەی سنووری ڕێگریکردنی نەریتیی دەوڵەت بۆ دەوڵەت کاردەکەن، وایکردووە حکومەتی سعودیە هەوڵی بەدەستهێنانی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی و مووشەکی یەکخراوی پێشکەوتوودا بدات.

شانشینەکە بۆ کڕینی 44 مووشەک هاوێژی سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD)، هەروەها 300 مووشەکی ڕێگریکەری سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD) و ئامێری پەیوەندیدار، لە مانگی تشرینی دووەمی 2018ـدا گرێبەستێکی 15 ملیار دۆلارییان لەگەڵ ئەمریکا واژۆ کرد.

هێزی بەرگریی ئاسمانی شاهانەی سعودیە دوای تەواوکردنی تاقیکردنەوەی سیستەم، هەڵسەنگاندن و مەشقی مەیدانیی کارمەندان لە ئەمریکا و سعودیە، لە مانگی تەممووزی 2025ـدا یەکەم یەکەی سیستەمی مووشەکیی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD)ـی دامەزراند.

یەکەیەکی سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD) پێکدێت لە شەش بارهەڵگری هاوێژەری M1120 کە هەریەکەیان هەشت مووشەکی بەرپەچدەرەوە، دوو ناوەندی ئۆپەراسیۆنی تاکتیکی گەڕۆک و ڕادارێکی زەمینی کە مەودای چاودێریکردنی دەگات بە 965 کیلۆمەتر، لەخۆدەگرێت. ئەمانە بۆ شکستپێهێنانی مووشەکی بالیستی مەودا کورت، مامناوەند و ناوەندی لە کۆتا قۆناغی فڕینیاندا دارێژراوە.

سعودیە پێکەوەبەستنی هەندێک پێکهاتەی سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD) لە ناوخۆ بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی بەرهەمهێنان و تەکنەلۆژیی سعودیە وەک بەشێ لە ڕوانگەی 2030ـی سعودیە. شانشینەکە حاوییەکانی مووشەک و پێکهاتەکانی هەڵدان بەرهەم دەهێنێت، دەگوازێتەوە و هەڵدەدات.

بەدەستهێنانی سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD) لەلایەن شانشینەکەوە بۆ بەهێزکردنی بەرگریی نیشتمانی و بەرەودان بە ئاسایشی ناوچەکە، هاوبەشییەکی گرنگە لەگەڵ ئەمریکا.

سەرچاوەکان: ئەل جەزیرە، پێزانیق سوپا، thearabweekly.com، centcomcitadel.com، لۆکهیید مارتن، vision2030.gov.sa

بەحرەین سوود لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا وەردەگرێت

دەستەی یونیپاس

لە کۆشکی ئەلریفا لە مەنامە، خاوەن پایەی شاهانە سەلمان بن حەمەد ئەلخەلیفە، شازادەی جێنشینی بەحرەین، لە مانگی شوباتی 2026 پێشوازی لە فەریقی یەکەم بڕاد کووپەر، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا دەکات.

لە میانەی دیدارەکەدا، خاوەن پایە جەختی لەسەر گرنگیی بەردەوامیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان شانشینی بەحرەین و ئەمریکا کردەوە لە هەموو ئاستەکاندا، بەتایبەتی لە کەرتی بەرگریدا.

ئەم هەماهەنگییە سەربازییە گرنگیی خۆی سەلماند کە ئێران لە کۆتاییەکانی مانگی شوبات و سەرەتای مانگی ئازاری 2026 هێرشەکانی بۆ سەر بەحرەین دەستپێکرد. ئێران لە مێژە سەرپەرشتیی گروپە تیرۆریستییەکان دەکات بۆ تێکدانی سەقامگیری بەحرەین، ئەمەش پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵاتی تێکداوە.

لە ساڵی 2019، دادگای بەحرەین بە تۆمەتی پێکهێنانی گروپی تیرۆریستی سەر بە ئێران، سزای زیندانی بەسەر 139 کەسدا سەپاند.

دووڕگە بچووکەکەی کەنداوی عەرەبی یەکێکە لەو هاوبەشە ئاسایشییانەی ئەمریکا لە جیهاندا پشتیان پێبەبەستێت. لە مانگی ئەیلوولی 2023، بەحرەین و ئەمریکا ڕێککەوتنێکی یەکگرتنی گشتگیر و خۆشگوزەرانی ئاسایشی گشتگیر (C-SIPA)یان بۆ پێشخستنی هاوبەشیی بەرگری، ئابووری و تەکنەلۆژی واژۆ کرد.

بە ئامانجی پشتگیریکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا، ڕێککەوتنێکی یەکگرتنی گشتگیر و خۆشگوزەرانی ئاسایشی گشتگیر (C-SIPA) بووەتە نموونەیەک بۆ بەرزکردنەوەی هەماهەنگیی بەرگری و یەکڕیزیی نێودەوڵەتی لە وەڵامدانەوەی ئاڵنگارییە پەیوەندیدارەکان بە تیرۆری جیهانی.

جگە لە ئەنجامدانی مەشقی هاوبەش لەگەڵ سەربازانی ئەمریکا، وەک مەشقی دەریایی نێودەوڵەتی، بەحرەین چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی بۆ هێزە بەرگرییە بچووک بەڵام خۆڕاگرەکەی بەدەست دەهێنێت.

بەحرەین لە 2001ـەوە هاوپەیمانێکی سەرەکیی دەرەوەی ناتۆیە، میوانداری بارەگای گەشتیگەلی پێنجەمی هێزی دەریایی ئەمریکا و هێزە دەرییە یەکخراوەکان سەرپەشتیکراو لەلایەن ئەمریکاوە دەکات.

سەرچاوەکان: هێزی بەرگریی بەحرەین، فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا، crownprince.bh

خاوەن پایە شازادە سەلمان بن حەمەد ئەلخەلیفە، شازادەی جێنشین، جێگری فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکان و سەرۆک وەزیرانی بەحرەین، لەگەڵ فەریقی یەکەمی هێزی دەریایی ئەمریکی بڕاد کووپەر، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا، چەپ، و سەرداری جەنگ شێخ خەلیفە بن ئەحمەد بن خەلیفە، فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکان، ڕاست، ئاهەنگی کردنەوەی بارەگایەکی فەرماندەیی هاوبەشی نوێ دەگێڕن.

ئەفسەری پلە نزم ئاسق دوو لیندزی لایەر/هێزی دەریایی ئەمریکا



تورکمانستان پەیوەندییە ئاسایشییە نێودەوڵەتییەکان بەرەوپێش دەبات

دەستەی یونیپاس

سەرۆکی تورکمانستان سەردار بێردیموهومێدۆڤ لە مانگی کانوونی دووەمی 2026 لە ئەشقئاباد میوانداری سەردانێکی فەرمیی سێرجیۆ گۆر نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری ئاسیای ناوەڕاست و بەرپرسی ئەوکاتەی سوپا دانیال دریسکۆڵی کرد، لەو میواندارییەدا ناوبراو جەختی لەسەر گرنگیی هەماهەنگیی سوودبەخشی هاوبەش، بەتایبەتی لە بواری بازرگانی و ئاسایشدا کردەوە.

بە هەمان شێوە گۆر و دریسکۆڵ "کۆبوونەوەیەکی جەوهەرییان لەگەڵ سەرکردایەتیی وەزارەتی بەرگری ئەنجامدا"، بزنس تورکمانستان بڵاویکردەوە، لەو میانەدا "باسیان لە ڕێگاکانی بەهێزکردنی هەماهەنگیی دووڵایەنە لە بواری ئاسایشدا کرد و پابەندبوونی هاوبەشیان بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە ئاسیای ناوەڕاست دووپاتکردەوە."

هەروەها تورکمانستان لە ڕێگەی ڕێکخراوە فرەنەتەوەییەکانی وەک 1+C5 و پەیوەندییە دووقۆڵییەکان، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی ئاسیای ناوەڕاست بەهێزتر دەکات. ڕێکاریی 1+C5 کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان پێنج دەوڵەتی ئاسیای ناوەڕاست و ئەمریکا لەخۆدەگرێت.



سەرۆکی تورکمانستان سەردار بێردیموهومێدۆڤ، ڕاست، لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە ئەشقئاباد پێشواخی لە سەرۆکی کازاخستان قاسم جۆمارت تۆکایێڤ دەکات.

ئەسۆشیەتد پرێس

لە مانگی تشرینی دووەمی 2025، سەرۆک بێردیموهومێدۆڤ سەردانی کازاخستانی کرد، لەوێدا خۆی و سەرۆکی کازاخستان قاسم جومرات تۆکایێڤ هاوبەشیی ستراتیژی و ڕیشەی مێژوویی و کولتووریان هاوبەشی وڵاتەکانیان دووپاتکردەوە، هاوکات 11 ڕێککەوتنی نێوحکومەتییان گەیاندە تەواوبوون. تورکمانستان لەسەر ئەو پرسانەی کە بازرگانی و ئاسایش لەخۆدەگرن هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدات، هاوکات سیاسەتی لەمێژینەی بێلایەنیی ئەرێنی و نالایەنگری دەپارێزێت. پێشهاتەکانی ئەم دواییە ئاماژەن بۆ فراوانبوونێکی وریایانە بەڵام ئەگەریی ئێجگار زۆر لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوبەشەکانی وەک ئەمریکا، وڵاتانی تر ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دیپلۆماتکارانی ئەمریکی سەردانی بەردەوامیان بۆ تورکمانستان ئەنجام داوە و هەردوو وڵات لە بواری ئاسایشی سنووریەکان و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر هەماهەنگییان ئەنجام داوە. لە مانگی ئایاری 1994، تورکمانستان بووە یەکەم وڵات بوو لە بەرنامەی هاوبەشی ئەمریکا بۆ ئاشتی کە ئەوکاتە تازە دامەزرابوو، بەشداری بکات. لەم دواییانەدا، ئەشقئاباد سەبارەت بە ئاسایشی سنووریەکان، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و سەقامگیری ناوچەکە گفتوگۆکانی لەگەڵ واشنتۆن زیاتر کردووە.

سەرچاوەکان: کاسپیان نیوز، تایمزی ئاسیای ناوەڕاست، بزنس تورکمانستان، تورکمانستان تودەی، ئەستانا تایمز

پاکستان جەنگی دژ بە تیرۆریزمی ئەفغانستان ڕاگەیاند

دەستەی یونیپاس

لە کۆتایی مانگی شوباتی 2026، دوای ئاڵوگۆڕێکی بێ وێنەی هێرشی سنووربەزێن پاکستان دۆخی "جەنگی کراوەی"ـی لەگەڵ ئەفغانستان ڕاگەیاند.

"پاکستان دەیان هێرشی ئاسمانیی بۆ سەر دوو گەورەترین شاری ئەفغانستان و ناوچە سنووریەکان ئەنجامداوە،" ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاویکردەوە. پاکستان ناوی ئۆپەڕاسیۆنەکەی ناوە غەزەب لیل حەق، یاخود تورەیی بە ناوی دادپەروەرییەوە.

لە سەرەتادا هێزە چەکدارەکانی پاکستان لە سەرەتای مانگی شوباتدا هێرشیان کردە سەر چەندین دامەزراوە و ژێرخانی تیرۆریستی لە ئەفغانستان، ئەمەش دوای چەندین ساڵێک لە پەرەسەندنی هێرشە سنووریەکان لەلایەن تیرۆریستانی تەحریکی تاڵیبانی پاکستان (TTP) و دەوڵەتی ئیسلامیی ویلایەتی خۆراسان (ISKP) کە بنکەکانیان لە ئەفغانستانە.

لە بەرامبەر ئەو هێرشانەدا، هێرشی درۆن و مووشەک بۆ سەر ئامانجە سەربازییەکانی پاکستان دەستپێکرد، ئەمەش وایکرد ئیسلام ئاباد هێرشی ئاسمانی بۆ سەر خاکی ئەفغانستان ئەنجام بدات. بە گوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ئەم شەپۆلەی دووەمی هێرشەکان "گورزی لە ژێرخانی سەربازیی ئەفغانستان دا"، ئەمە جگە لێدان لە گروپە تیرۆریستییەکان.

پاکستان ڕایگەیاند سەدان تانک، زرێپۆش و تۆپهاوێژی تێکشکاندووە و سەدان تیرۆریستیشی کوشتووە، ئەمە جگە لە خاپورکردنی تونێل و ژێرخانی تری تیرۆریستی.

دوای ئەوەی دانوستانەکان بە سەرپەرشتی قەتەڕ و تورکیا شکستیان هێنا لە ڕازیکردنی حکومەتی تاڵیبانی ئەفغانستان بۆ جڵەوکردنی ئەو گروپە تیرۆریستییانەی کە لە خاکەکەیەوە کاردەکەن، وەزارەتی بەرگریی پاکستان فەرمانی هێرشە ئاسمانییە سەرەتاییەکانی دەرکرد.

لە نێوان گەورەترین هێرشە تیرۆریستییەکان لە پاکستان، تەقینەوەی خۆکوژیی مزگەوتێکی ئیسلام ئاباد لە 6ـی مانگی شوباتی 2026 کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە 30 کەس و بریندارببوونی زیاتر لە 160 کەسی تر. ناتالی بەیکەری بەرپرسی کاروباری ئەمریکا هێرشەکەی ئیدانە کرد.

"خەڵکی پاکستان شایەنی سەلامەتی، شکۆ و توانای پەیڕەوکردنی باوەڕەکانیانن بەبێ ترس." بەیکەر ئاماژەی پێدا. "ئەمریکا بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی پاکستان بۆ پێشخستنی ئاشتی و ئاسایش و پابەندە بە هاوبەشییەکەمان پێشخستنی سەقامگیریی کردووەتە ئامانج."

سەرچاوەکان: ناوەندی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە ستراتیژییەکان، ئەسۆشیەتد پرێس، نیویۆرک تایمز، نیوز ئینتەرناشنالّ

هێزەکانی تاجاکستان لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا مەشق دەکەن

دەستەی یونیپاس

بە گرنگیدان بە وەڵامدانەوەی خێرای هەڕەشە تیرۆریستییەکان لەسەر سنووری تاجاکستان و ئەفغانستان، سەربازانی وەزارەتی ناوخۆی تاجاکستان و هێزەکانی پاسەوانی سنوور و سەربازانی پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا پێکەوە مەشقیان ئەنجام دا.

مەشقەکە، بەشێکە لە بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەتی نووسینگەی پاسەوانی نیشتمانیی ئەمریکا، لە مانگی کانوونی دووەمی 2026 لە فۆرت پیکێت، ڤێرجینیا، ئەنجامدرا. هەروەها لە مەشقەکەدا بۆ یەکخستنی هەوڵەکانی سەربازانی وەزارەتی ناوخۆ و پاسەوانی سنوور لە بەرامبەر هەڕەشەیەکی تیرۆریستی کە سنووری دەبەزێنێت و تەواوی ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە، تیشک خرایە سەر هەماهەنگیی نێودەزگایی تاجاستان.

باڵادەستی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ئاسایشی سنووری مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ هێزە چەکدارەکان و دەزگاکانی ئاسایشی تاجاکستان. هەڵکەوتەی وڵاتەکە لە نزیک ناوچەی بەیەکگەیشتنی ئاسیا و ئەورووپا، وە سنووری درێژەکەی لەگەڵ ئەفغانستان، دەیخاتە بەرەکانی پێشەوەی جەنگی دژ بە تاوانی رێکخراوی نێودەوڵەتی و تیرۆر.



سەربازێکی هێزە تایبەتەکانی تاجاکستان لە مانگی کانونی دووەمی 2026 لەگەڵ سەربازانی پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا لە فۆرت پیکێت لە ڤێرجینیا، مەشق دەکات.

پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا

بۆ سەرکەوتن لەم شەڕە پەیوەندیدارانەدا، هێزە سەربازی و ئاسایشییەکانی تاجاکستان پشت بە کۆمەڵێک پەیوەندیی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دەبەستن. هاوبەشیی هێزە چەکدارەکانی تاجاکستان و پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا کە لە دوای دەستپێکردنیەوە لە 2003 زیاتر لە 200 بەشداریی سەربازی بۆ سەربازی ئەنجامدراوە، وەک پەیوەندییەکی سەرەکی بۆ هەردوولا دەردەکەوێت.

ئەم ئاڵوگۆڕی شارەزاییەی سوودبەخشە هاوبەشە یارمەتیدەر بووە "لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ، فراوانکردنی تواناکانی وەڵامدانەوەی فریاگوزاری، پەرەپێدانی پیشەیی لە نێوان سەرکردەکان و کارمەندانی دەستە و بڕەودان بە بەها هاوبەشەکان لە سەروەری و ئاسایشی نیشتمانیدا" یارمەتیدەر بووە، فەرمانگەی کاروباری دەرەوەی پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا ئاماژەی پێدا.

لە دواییین بەشداریکردن لەم هاوبەشییەدا، چەندین فرۆکەوانی پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا لە مانگی شوباتی 2026 بۆ مەشقی شەڕ کە تیایدا تیشکیان خستە سەر بەڕێوەبردنی هەژانی دەروونی سەنگەرەکان و پلاندانانی چۆڵکردنی پزیشکی، گەشتیان بۆ دوشانبێ، تاجاکستان کرد. سەرچاوە: پاسەوانی نیشمانیی ڤێرجینیا

حوسییەکان کەسانی ئەکادیمیی یەمەن دەکەنە ئامانج

دەستەی یونیپاس

ئەحمەد عەبدوڵڵا ساڵح ئەلحلمانی، مامۆستایەکی تەمەن 71 ساڵ لە پارێزگای زمار لە یەمەن، بەهۆی ئەوە برینانەی کە تووشی بوو کاتێک بە ناڕەوا لەلایەن حوسییەکانەوە زیندانی کرابوو، لە مانگی شوباتی 2026 گیانی لەدەستدا.

لە مانگی تشرینی دووەمی 2025، مامۆستایەکی ژن، دکتۆرە ئەشواق سلێمان ئەل شومەیری، لەلایەن میلیشیایەکی ژنانی حوسییەوە لە شاری سەنعا ڕفێندرا.

ئەمانە ڕووداوی تاک و تەرا نین.

حوسییەکان لە هەڵمەتێکی تیرۆرکردندا لە دژی هاووڵاتیانی یەمەن، سەرنجیان خستبووە سەر چەوساندنەوەی کەسانی ئەکادیمی بۆ دڵنیابوون لە دڵنیابوونەوە لە گونجانیان لەگەڵ بیروباوەڕی تووندڕەوی ئەو گرووپە کە لە ژێر کاریگەری ئێراندایە.

کەسانی ئەکادیمی و ئەندامانی فاکەڵتی و زانکۆکان ناچاربوون بەشداری لە هەردوو مەشقی بیروباوەڕ و سەربازیدا بکەن و بەڵێنی دڵسۆزبوون بۆ حوسییەکان دووپاتبکەنەوە، بە وتەی فارس ئەلحەماری، ڕۆژنامەنووسێکی پسپۆڕ لە یەمەن.

ئەو مامۆستایانەی بەرەنگار دەبنەوە، ڕووبەڕووی ڕفاندن، ئەشکەنجەدان و زیندانیکردن دەبنەوە. چالاکوانی مافی مرۆڤی یەمەن، ڕیاد ئەلدەبی ئاماژە بەوە دەکات کە حوسییەکان بۆ دابینکردنی دارایی سەرکوتکردنی سیاسی پشت بەو شتە دەبەستن کە بە ئابووری جەنگ ناوی دەبات، واتە دەبێت بنەماڵەی زیندانییەکان بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێبدرێت لە کونجی زیندان سەردانی کەسوکارەکانیان بکەن، دەبێت بەرتیل بدەن.

ئەلحلمانی لە مانگی تشرینی یەکەمی 2025 ڕفێندرا و ئەشکەنجە درا و لە ئەنجامدا چاوێکی کوێربوو و ئیفلیج بوو. هەر زوو دوای ئازادکردنی گیانی لەدەستدا.

ئەل شومەیری دوای ئەوەی لە تەیزەوە گەشتێکی بۆ سەردانکردنی کچەکەی لە شاری سەنعای ژێر دەسەڵاتی حوسییەکاندای ئەنجام دا، دیارنەما. ئەو تاکە ژنی ناودار نییە کە لەلایەن ئەو گرووپە تیرۆریستییە ڕفێنرابێت. بە هەمان شێوە گرووپەکانی مافی مرۆڤیش بەدواداچوونیان بۆ ژنانی تری ڕفێنراو کردووە، لەوانە ئینتیسار ئەلحەمەدی، فاتیمە ئەلعرولی و ئەسما ئەلعومەیسی.

ماوەی 11 ساڵە، حوسییەکان تاوان دژ بە گەلی یەمەن ئەنجام دەدەن: تۆپبارانی ناوچەکانی نیشتەجێبوون، ڕفاندن و ئەشکەنجەدانی نەیاران، چاندنی مینی چێندراو، ڕێگریکردن لە بارەکانی خۆراک، چەکدارکردنی منداڵان و هەراسانکردنی کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییە یەمەنی و بیانییەکان.

بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) بەهۆی هەراسانکردن و دەستگیرکردنی هەڕەمەکیی کارمەندانی یەمەن، کارەکانی لە باکووری یەمەن کۆتایی پێهێنا. نزیکەی 365 کەس لەو کارمەندانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) کە لە باکووری یەمەن ماونەتەوە، بڕیاریاندا لە کۆتایی مانگی ئازاری 2026 کارەکانیان لەوێ ڕابگرن، بەگوێرەی بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

سەرچاوەکان: ئەل حەدیس، globalissues.org، ئەشرەق ئەلئەوسەت، fdd.org



لوبنان و ئەردەن پابەندی هاوبەشیکردن دەبن

دەستەی یونیپاس

لە چوارچێوەی هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئاشتی و سەقامگیری لە شام، لوبنان لە مانگی کانوونی دووەمی 2026ـدا میوانداری سەرۆک وەزیرانی ئەردەن دکتۆر جەعفەر حەسەنی کرد.

لە میانی سەردانە دوو ڕۆژییەکەدا، حەسەن بەجیا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی لوبنان نەواف سەلام و سەرۆک کۆماری لوبنان جۆزێف عەون و سەرۆکی پەرلەمان نەبیح بێری کۆبوونەوە.

سەرۆک وەزیرانی ئەردەن جەعفەر حەسەن، چەپ، و هاوتا لوبنانییەکەی نەواف سەلام لە بەیروت کۆدەبنەوە.
گێتی ئیمەیجس

دکتۆر حەسەن جەختی لەسەر گرنگیی پاراستنی پەیوەندیی بەهێزی نێوان هەردوو وڵات و هەماهەنگیی هەڵوێستەکان لەسەر پرسە گرنگە نێودەوڵەتییەکانی وەک پاراستنی ئاگربەستی غەززە، سەقامگیرکردنی سوریا و بەکارهێنانی دیپلۆماسی بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێ چەکدارییەکان کردەوە.

بە گوێرەی بەیاننامەیەکی نووسینگەی سەرۆک کۆماری لوبنان، کۆبوونەوەکە 21 ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وڵاتی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم ڕێککەوتنانە کەرتەکانی وەک وزە، پەیوەندیی کارەبایی، پیشەسازی، وەبەرهێنان، گەشتیاری، گواستنەوە، و بازرگانییان گرتەوە. لە دیدارەکەیدا لەگەڵ بەرپرسانی ئەردەن، سەرۆک عەون جەختی لە گرنگیی یەکڕیزیی عەرەب کردەوە، لەوانەش دروستکردنی بازاڕێکی هاوبەشی عەرەبی بۆ بەرەوپێشبردنی بازرگانی.

ڕۆژێک بەر لە گەیشتنی سەرۆک وەزیرانی ئەردەن، لیژنەی باڵای هاوبەشی لوبنان دوای 10 ساڵ وەستان دەستی بە کارەکانی کردەوە. ئامانجی لیژنەکە بەرزکردنەوەی هەماهەنگیی بازرگانی و ئابووری و تەکنیکی نێوان هەردوو وڵاتە.

"هیچ سنووردێکی ڕاستەوخۆ لە نێوانماندا نییە، بەڵام پردەکانی پەیوەندی، یەکخستن و هەمانگیی مێژوویی کولتووری و ئابووری لە سەر هەردوو ئاستی سیاسی و جەماوەریدا لە ئارادان." ، سەرۆک وەزیران حەسەن ئاماژەی پێدا. "ئێمە ئەم پردانە بەهێزتر دەکەین و پەیوەندییەکانمان بەرەوپێش دەبەین، قۆناغی داهاتووش هەماهەنگیی دامەزراوەیی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت، ئەمەش سوودی بۆ هەردوو ئەردەن و لوبنان دەبێت."

سەرۆک وەزیرانی لوبنان سەلام هاوڕا بوو.

"ئەوەی ئەمڕۆ بەدەستمان هێناوە هەنگاوێکی زۆر گەورەیە، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە لە بەدواداچوون بۆ ئەوەی بەدەست هاتووە، بەردەوام بین،" ناوبراو ئاماژەی پێدا. "بنیاتنانی چوارچێوەیەکی کاری ڕوون و میکانیزمی کرداریی بەدواداچوون دابنێین بۆ مسۆگەرکردنی گواستنەوە لە ڕێککەوتنەوە بۆ جێبەجێکردن و لە مەبەستەوە بۆ ئەنجامەکان ئێجگار گرنگە."

ئەردەن و لوبنان هاوبەشی بازرگانیی نەریتیین، بەڵام ڕێگاکانی گواستنەوە لە ڕێگەی سوریاوە بەهۆی شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتە کە بەم دواییە کۆتایی هات، پەکخرابوون. سەرچاوەکان: ئەشرەق ئەلئەوسەت، almamlakatv.com، alarabiya.net

قەتەڕ و تورکیا هاوبەشییەکەیان قووڵتر دەکەن

دەستەی یونیپاس

قەتەڕ لەڕێگەی چەند ڕێکەوتنێکەوە کە لەنێوان بارزان هۆڵدینگزی قەتەڕی و کۆمپانیا پێشەنگەکانی بەرگری تورکیا واژۆ کرابوو، هاوبەشیی بەرگریی خۆی لەگەڵ تورکیادا قووڵتر کردەوە.

پێنج ڕێککەوتنە هەماهەنگییەکە بریتی بوون لە سەکۆی دەریایی، بەرهەمهێنانی تەقەمەنی، ئەندازیاری سیستەم و ئالۆگۆڕیکردنی تەکنەلۆژیا، ئەمەش پێگەی تورکیای وەک هاوبەشێکی پیشەسازیی درێژخایەن لە پلانەکانی هاوچەرخکردنی بەرگریی قەتەڕ دەچەسپێنێت.

هەردوو وڵات لە پێشانگا و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەرگریی دەریایی دۆحە لە سەرەتای ساڵی 2026ـدا گرێبەستەکانیان مۆر کرد.

کۆمەڵەی کەشتیسازیی تورکی تایس (TAIS) و بارزان هۆڵدینگز ڕێککەوتنێکی یەک ملیار دۆلارییان واژۆکرد کە کرینی دوو کەشتی جەنگیی قەبارە مامناوەندیی جۆری ئیستف دەگرێتەوە. ڕێککەوتنێکی پێشووی قەتەڕ بۆ کرینی دوو کەشتیی 50 مەتریی هێرشبەری خێرا بە ڕادەستکردنی یەکەم کەشتی لە مانگی تشرینی دووەم 2025ـدا گەیشتە لوتکە.

پرچەککراو بە چەکی جەنگیی سەر ڕووی ئاو، ئاسمانی و ناهاوسەنگ، کەشتییە هێرشبەرە خێراکان بۆ پاسەوانیکردن لە ناوچە ئاوییەکان، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی دژە چەتەی دەریایی، هەواڵگری، چاودێریکردن و گەڕان و ڕزگارکردن دروستکراون.

پەیوەندی نێوان قەتەڕ و تورکیا گەشەی سەندووە. لە ساڵی 2015، تورکەکان بنکەی سەربازیی تاریق بن زیادیان لە قەتەڕ کردەوە، ئەمەش بوار بە سەربازانی تورکیا دەدات لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دەریای سوور، باکوری ئەفریقا و کەنداوی عەرەبیدا بەشداری بکەن.

بە هەمان شێوە قەتەڕ یەکێکە لە گەورەترین وەبەرهێنەرانی بیانی لە تورکیا. 10%ـی پشکەکانی لە بۆرسە ئەستەنبوڵ، ئالۆگۆڕی یەدەگی تورکیا، بەدەستە. لە ماوەی ناجێگیریی دراوی تورکیادا، قەتەڕ بۆ سەقامگیرکردنی لیرەی تورکی بەڵێنی ملیارەها دۆلاری لە وەبەرهێنان دا.

سەرچاوەکان: bairdmaritime.com، Aljazeera.com، defensenews.com، globaldefensecorp.com

عومانی بێلایەن بەهۆی هێرشەکانی ئێرانەوە زیانی بەردەکەوێت

دەستەی یونیپاس

بەندەری سەلالەی عومان، ناوەندێکی بازرگانیی کەشتیوانی کە وڵاتان لە سەرانسەری ناوچەی زەریای هیندی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە مانگی ئازاری 2026 هێرشێکی چاوەڕواننەکراوی بەخۆیەوەبینی کاتێک درۆنەکانی ئێران بەرە ناو تانکییەکانی عەمبارکردنی سووتەمەنی تەقینەوە.

ئەوەی هێرشەکە زۆر لایەنی تووشی سەرسوڕمان بریتی بوو لە ڕۆڵی عومان وەک نێوەندگیرێکی بێلایەن لە دانوستانەکاندا بۆ ڕێگریکردن لە جەنگ بەهۆی هەوڵدانی ئێران بۆ چەکی ئەتۆمی.

لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک جەنگ سەریهەڵدا، خودی عومان لەگەڵ دراوسێکانی کەنداوی عەرەبیدا بوو بە ئامانجێکی سەربازیی ئێران.

سوپای پاسدارانی شۆڕشگێڕیی ئیسلامی لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی بەرفراوانتر بۆ تێکدانی بازاڕەکانی وزەی جیهانی بە هێرشکردنە بۆ سەر دابینکارییەکانی سووتەمەنی لە ناوچەکە، هێرشەکەیان ئەنجام دا. بە هەمان شێوە درۆن تانکییەکانی عەمبارکردنی سووتەمەنی لە بەندەری دوقمی عومانی کردە ئامانج.

زۆرجار بە "سویسرای کەنداو" ناوەبرێت، عومان زۆرجار وەک نێوەندگیرێک بۆ ناکۆکییە ناوچەییەکان کاردەکات. بۆ ماوەی 15 ساڵە لە دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکادا خزمەتیی بەو ئەرکە دیپلۆماسییە کردووە. ئامانج لێی دورخستنەوەی ئێرانە لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی و ناسەقامگیرکردنی دەوڵەتانی ناوچەکە لە ڕێگەی بەکرێگیراوە چەکدارەکانی وەک گروپە تیرۆریستییەکانی حوسی و حزبوڵڵا.

ئێران بە بەردەوامیی شکستهێنا لە پابەندبوون بە بەڵێنەکانی خۆی، لەبری ئەوە بۆ بەدەستخستنی تەکنەلۆژیای چەکی ئەتۆمی کە هیوای خواست بواری پێبدات بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی خۆی بۆ سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەناردە بکات، پشتی بە تاکتیکەکانی دواختستن بەست لە هەوڵێکدا. سەرچاوەکان: سکای نیوز، Aljazeera.net

کۆماری قرغستان بڕەو بە هەماهەنگیی ئاسایش دەدات

دەستەی یونیپاس

کۆماری قرغستان هەماهەنگیی ئاسایش لەگەڵ هاوبەشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان زیاد دەکات. بە لەبەرچاوگرتنی شوێنی ستراتیژیی وڵاتەکە لە نێوان ئاسیا و ئەورووپا، حکومەتی قرغستان بەدوای کۆمەڵێک هاوبەشی ئاسایشی هەمەچەشندا دەگەڕێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕێبازە هاوسەنگەکەیەتی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

دەزگا ئاسایشییەکانی قرغستان بە بەردەوامی لەگەڵ نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری نەتەوە یەکگرتووەکان (UNOCT)، بە پلەی یەکەم لەسەر بابەتە تەکنیکی و ڕێکخراوەییەکان، لە پەیوەندیدان. بۆ نموونە، ناوەندی دژە تیرۆری قرغستانی سەر بە لیژنەی دەوڵەت بۆ ئاسایشی نیشتمانی لە مانگی ئایاری 2025ـدا بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری نەتەوە یەکگرتووەکان (UNOCT)، نوێنەرانی دەزگاکانی ئاسایشی لە سەرانسەری حکومەتی وڵاتەکەی بۆ وۆرک شۆپێک کۆکردەوە.

ئەم بەرنامەیە، لەلایەن بەرنامەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە تیرۆریستییەکان دژ بە ئامانجە لاوازەکان پەرەی پێدراوە و پشتیوانی دەکرێت، یارمەتی دەزگا نیشتمانییەکان دەدات بۆ پاراستنی ژێرخانی گرنگ لە هێرشە تیرۆریستییەکان، چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی دروست بکەن.

لە مانگی شوباتی 2026، وەزارەتی بەرگری قرغستان بۆ هەماهەنگیی چالاکیی مەشقی سەربازی و هاوکاریکردن بۆ ماوەی ساڵانی 2026 و 2027، میواندارای گفتوگۆکانی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا کرد. دەستەکانی ئەمریکا نوێنەرانی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا، هێزی ئاسمانیی ئەمریکا، پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا و بالیۆزخانەی ئەمریکا لە بیشکێک لەخۆگرتبوو.

بالیۆزخانەی ئەمریکا بۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی سوپاسی وەزارەتی بەرگریی قرغستانی کرد، ئاماژەی بەوەشکردووە کە "بەشداربووان بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە ناوچەییەکانمان کە بەرزکردنەوەی ئاسایش و سەقامگیری کردبووە ئامانج، هێزەکانیان یەکخست."

لە نموونەیەکی ئەم دواییەی ئەم هاوبەشییە ئاسایشییە، کارمەندانی پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا و هێزی ئاسمانیی ئەمریکا لە کۆتایی 2025 لە کۆماری قرغستان، بەشداربیان لە مەشقی ئاک شومکاری 2025ـدا کرد. هەماهەنگیی سەرکەوتووی نێوان



کارمەندانی پزیشکیی سەربازی لە کۆماری قرغستان و ئەمریکا لە میانی مەشقی ئەستێرەی گەشی 25 لە میسپ، هەڵسەنگاندنی زەبر دەروونی مەیدانی ئەنجام دەدەن. فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا

هێزە چەکدارەکانی قرغستان و پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا، کە بەشێکە لە بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەتی نووسینگەی پاسەوانی نیشتمانیی ئەمریکا، لە 2026 ئاهەنگی یادی 30 ساڵەی دامەزراندنی بەڕێوەدەبات.

بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی ناوچەییش کۆماری قرغستان پەیوەندیی ئاسایشی بەهێزی لەگەڵ دراوسێکانی لە ئاسیای ناوەڕاستدا پاراستووە. لە مانگی شوباتی 2026، کازاخستان بەرنامەیەکی هەماهەنگیی سەربازی ڕاگەیاند کە بەهێزکردنی هەماهەنگیی بەرگری لە نێوان وڵاتانی دراوسێ و پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی هاوچەرخکردنی کردۆتە ئامانج. ئەم هەماهەنگییە کلیلی بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییە ناسەقامگیرکەرەکانی تونددڕەوبوون، تیرۆر و تاوانی ڕێکخراوە.

سەرچاوەکان: نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ڕۆژنامەی تایمزی ئاسیای ناوەڕاست، دەزگای هەواڵی نێودەوڵەتیی کازینفۆرم

کوێت هەوڵی بەرزکردنەوەی سیستەمی دژە فڕۆکە دەدات

دەستەی یونیپاس

کوەیت بەنیازە وەبەرهێنان لە نوێکردنەوەی سیستەمی مووشەکی پاتریۆت کە لەلایەن ئەمریکاوە دروستکراوە بۆ بەرگریکردن لە هێرشە ئاسمانییەکان، ئەنجام بدات.

کوەیت هاوپەیمانێکی سەرەکیی ئەمریکایە لە دەرەوەی ناتۆ، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش بە بەهای 800 ملیۆن دۆلار بەرەپێشبردنی یەکەکانی پاتریۆتی کوەیت کە پارچەی یەدەگ، چاککردنەوە، شوێنپێهەڵگرتنی ڕاداری پێشکەوتوو و مەشقکردن بۆ کارمەندان لەخۆدەگرێت، پەسەند کردووە.

پاتریۆت ئامێرێکی بەرپەچدەرەوەی گەڕۆکی سەر ڕووی زەوییە بۆ ئاسمان، بەگشتی لەسەر پشتی بارهەڵگرێک جێگیردەکرێت، بۆ خستنەخوارەوەی فڕۆکەکانی دوژمن و مووشەکی بالیستی دروستکراوە. کوەیت لە مانگی ئازاری 2026، بۆ خستنەخوارەوەی مووشەکە بالیستییەکانی ئێران کە بنکەی ئاسمانیی عەلی سالمیان کردبووە ئامانج، بەشێک لە پاتریۆت هاوێژەکانی چالاک کرد.

کوەیت لە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە بەریتانیا لە ساڵی 1961، پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا پاراستووە. بەڵام دوای ئەوەی ئەمریکا لە ساڵی 1991 بۆ ڕزگارکردنی کوەیت سەرکردایەتیی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی کرد، هاوبەشیی نێوان هەردوو وڵات قوواڵتر بووەوە.

لەو کاتەوە کوەیت وەک ناوەندێکی لۆژیستی بۆ هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە کاری کردووە، سەربازانی ئەمریکا لە کەمپەکانی عاریفجان و بۆورڕنگ، هەروەها عەلی ئەل سالم، جێگیرکراون.

بە هەمان شێوە دەوڵەتەکەی کەنداوی عەرەبی میواندارییە بۆ بارەگای پێشەوەی هێزی ئەرکیی یەکخراوی هاوبەش، ئۆپەراسیۆنی چارەسەری بنەڕەتی دەکات. ئەو سەربازانەی ئەمریکا کە لەم شوێنانە جێگیرکراون، بنکەیەکی ئۆپەراسیۆنی پێشەوە بۆ فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا پێکدەهێنن بۆ بەرەودان بە ئاسایش و سەقامگیری لەڕێگەی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراق، سوریا و ناوچەکانی تر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بە ئامانجی بەرزکردنەوەی توانای هەماهەنگی، ئاسایشی دەریایی و توانای بەرگریی ئاسمانی، هەردوو وڵات مەشقی هاوبەش، لەنێویاندا بەرگریکاری تامەزرۆ و قەڵغانی پاریزەر ئەنجام دەدەن.

سەرچاوەکان: defensehere.com، دەزگای هەماهەنگیی ئاسایشی بەرگریی ئەمریکا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

مووشەکێکی پاتریۆت لە میانی مەشقی قەڵغانی ئاسمان لە کوەیت لە مانگی کانوونی دووەمی 2025 لە شوێنی هەڵدانی مووشەکەکەیەوە دەتەقێنرێت.

کارۆباری گشتیی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا



هاوبەشییێکردنی زانیاری

گۆڤاری یونیپاس بەخۆڕایی بۆ ئەو لایەنانە دابین دەکرێت
کە پەیوەستن بە پرسەکانی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی
ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست.

بیبەخشە بە یونیپاس

هەر بیرۆکەی چیرۆکێك، نامە بۆ سەرنووسەر، وتاری هزری، وێنە و ناوەڕۆکی تر بنێرە بۆ دەستەی سەرنووسەرانی یونیپاس لە CENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL

ئامۆژگاریی پێشکەشکردن

- وا پەسەندترە بابەتی پێشکەشکراو بە زمانی ڕەسەنی خۆت بێت. یونیپاس خۆی وەرگێڕان دابیندەکات.
- نابێت وتار لە 1,500 وشە زیاتربێت.
- تکایە با هەر پێشکەشکردنێک ژیاننامەیەکی کورت و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن لەخۆبگرێت.
- پێویستە قەبارەی فایلی وێنە بە لایەنی کەمەوە 1 مێگابایت بێت.

مافەکان

نووسەرەکان خاوەنی هەموو مافەکانی کەرەستە ڕەسەنەکانی خۆیانن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە مافی پێداچوونەوەمان هەیە بە وتارەکاندا بۆ ئەوەی پێویستییەکانی شێواز و پانتاییان تێدا بەرجەستە ببێت. پێشکەشکردنی وتار زامنی بڵاوکردنەوەی ناکات. بە بەشداریکردن لە یونیپاس، ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ ڕازیت بەو مەرجانە.

بۆ بەشداریکردنی **بێبەرامبەر** ئیمەیڵمان بۆ بنێرە بۆ CENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL

یاخود نامەمان بۆ بنێرە بۆ:
Unipath
U.S. Central Command
7115 S. Boundary Blvd.
MacDill AFB, FL 33621 USA

تکایە با ئەمە ناوی خۆت، پیشەکەت، ناونیشان و پلەکەت، ناونیشانی پۆستە و ناونیشانی ئیمەیڵەکەت لەخۆبگرێت.

HTTPS://UNIPATH-MAGAZINE.COM/KU